# پێشەنگ ١٩

ئەدەبی،فەرهەنگی،هونەری،ڕۆشنبیری



وتار
چیرۆک
شانۆنامە
شیعر

# نوخبەگانی کورد و بالۆرەی " کێشەی فەرهەنگی لە کوردستان"

خامنەیی لە شاری سنە لەیەکێک لە کۆبوونەوەکانی دا ژمارەیەک لە بەناو نوخبەکانی ئوستانی کوردستانی کۆکردوەوە. قسەوباسەکانی ئەو کۆبونەوەیە بە پارێزەوە لە میدیاکانی سەراسەری سەر بە رژیم دا ڕەنگیان دایەوە و تەنیا لە ئاستی ناوچەیی دا بڕێک تەبلیغیان پێوە کرد. لە ناو جەمعی نوخبەگان دا دەکەس هەلبژێردرابوون و بۆ هەر کامەیان کۆمەڵێک قسە دیاری کرابوو کە لەنۆبەی خۆیان دا بیکەن. کۆی قسەکانی هەر دوولا هەم نوخبەگان و هەم ڕەهبەر سیناریۆیەکی دارێژراو بوو کە بەسەر ئەکتەرەکانی دا دابەش کرابوو. ناوەرۆکی قسەکان دەبوایە یەک مەبەستی دیاریکراو دابین بکات ئەویش لەبیر بردنەوەی دەیان سال خەبات و قوربانی دانی خەڵکی کوردستان لە پێناوی ئازادی و ژیانی باشتردا. داشکاندنی ئامانجەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان تا ئاستی چەند ڕیفۆرمێکی فەرهەنگی. بە ووتەی ئەوان  کورد تەنها هێندێک تایبەتمەندی فەرهەنگی وەکوو زمان و لیباس و سوننەت هەیە کە ئەویش پێویستە بۆ پاراستنی یەکگرتوویی خاکی ئێران وەڵامی پێ بدرێتەوە.

مەبەستی ئەوکەسانەی کە لە پشتی سەحنەکەوە سێناریۆی ئەو بەرنامەیان داڕشتبوو ئەوە بوو کە لە زمانی نوخبەکانەوە نیشانی بدەن خەڵکی کورد هیچ کێشەیەکی سیاسی لەگەڵ رژێم دا نییە و ئەگەر گیروگرفتێک هەیە، فەرهەنگیە. خامنەیی بۆ نیشاندانی ڕادەی هۆگریی خۆی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە فەرهەنگیەش ئاواتی خواست کە بریا پێش هاتنی بۆ کوردستان هەوڵی دابا هێندێک زمانی کوردی فێربێت. هەڵبەت دەشکرا  کاتێک ئەوەی بۆنەکرا ئەویش وەکوو ئەحمەدی نژاد بە دەستێک رانک و چۆخەی کوردیەوە خۆی دەر خستبا و ئەویش بەش بە حاڵی خۆی کێشەی فەرهەنگی کوردستانی چارەسەر کردبا.

بالۆرەی ئەوەی کە کێشەی کوردستان کێشەیەکی فەرهەنگیە و داشکاندنی داخوازیەکانی خەڵک تا ئاستی چەند رێفورمێکی لەم بابەتە، ساڵەها بەرلەوە لەلایەن خاتەمیچیەکانەوە لێدرا و هەرگیز نەبوو بە زەمینەیەک بۆ ئەوەی ئەم عەوام فریوانە بتوانن پێگەیەک لەناو خەڵکی کورددا بەدەست بهێنن. ئێستا خامنەیی هاتووە و بە زمانێکی لارولوێرتر هەر ئەو بالۆرەیە لێدەداتەوە کە ئەو کات لێدراوە.

پەیامی ئەحمەدی نەژادیش کاتێک هات بۆ شاری سنەو نمایشی کردنەبەری لیباسی کوردی  بە بەرچاوی خەڵکەوە بەڕێوەبرد هەر ئەوە بوو. چیتان گەرکە؟ لیباسی کوردی؟ فەرموون ئەوە منیش پۆشیم، پێشکەشتان بێ ئێوەیش بیپۆشن و سڵاوات لە دیدارمان لێ بدەن.

کۆماری ئیسلامی خۆی باش دەزانێت کە خەڵکی کوردستان چ مافێکیان لێ زەوت کراوە و چ ئاواتێک هاندەریان بووە بۆ خۆڕاگریەکی ٣٠ ساڵەی پڕ لە هەڵسوکەوت و پڕلە قوربانی. خەڵکی کوردستان لە سەرتاپای دەسەڵاتی ئەو ڕژیمە بەهەموو پێکهاتەو یاساو رێساکانیەوە بێزارن. ئەوان وەکوو هەموو خەڵکی ئێران ئاواتەخوازی ڕزگار بوون لەدەست ئەو رژێمەن. ئەیانهەوێ دەسەڵاتی جەماوەری خۆیان دابمەزرێنن، ئەیانهەوێ حاکم بن بەسەر چارەنووسی سیاسی و فەرهەنگی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیاندا. ئەیانهەوێ وەکوو هاووڵاتی پلە٢ چاویان لێ نەکرێ، وەکوو ئینسان بژین بەبێ هەڵاواردن و بەهرەمەند بوون لەژیانێکی ئاسوودە. خامنەیی و ئەحمەدی نەژاد چاویان بەو خەڵکە شۆڕشگێڕە و وشیارە هەڵنایەت، هەر بۆیە ئەو جۆرە قسانە بۆ حەلقەی بەرتەسکی لایەنگرانی خۆیان کە ناوی نوخبەکانیان لەسەر ناون، دەکەن و ئەوانیش سەریان بۆ ئەلەقێنن بۆ ئەوەی مانگانەکەیان نەبڕدرێ و سفرەکەیان هەروا ڕەنگین بێت.

***

# پێشەنگ ژمارە: ١٩

بەهاری ١٣٨٨ی هەتاوی

خاوەن ئیمتیاز: ئەحمەد ساڵحی
سەرنووسەر: سەعید ئەمانی
دەستەی بەڕێوەبەر:
بێستون
ناسر حەقپەرەست
شورش محەمەدی
کەریم ئەمانی

.................................................................................

رووبەرگ و مونتاژ: یوسف عەلی پور

.................................................................................

ئیمەیل:

Peshang2@msn.com

.................................................................................

تەلەفۆن:

٠٧٧٠١٩٣٤٥٧٣
٠٧٧٠١٥٦٧٨٥٤

.................................................................................

نرخ: ١٥٠٠ دینار / ١٠٠٠ تمەن

.................................................................................

بۆ ئاگاداری خوێنەران:

* کەڵک وەرگرتن لە بابەتەکانی پێشەنگ بە ئاماژە کردن بە سەرچاوە ئازادە.
* ناوەرۆکی بابەتەکان تەنها نووسەرەکانی لێی بەرپرسیارن.

| بابەت | نووسەر یان وەرگێر | لاپەرە |
| --- | --- | --- |
| بەرەو هونەری ئازاد و شۆڕشگێڕانە | و: بێستون | ٥ |
| تێپەڕبوونی سی ساڵ! | ئا: پێشەنگ | ٨ |
| هونەر و ئەدەبیات و خەباتی چینایەتی | ن: محەمەد حوسێن | ١٥ |
| قالەمەرە، سۆزێك لە رەنگی خەڵك | ن: ناسر حەقپەرەست | ٢٠ |
| کێلیدەر | و: دڵنیا | ٢١ |
| وەرگێڕانی شیعر | و: محەمەد تەرەغە | ٢٦ |
| ژیانی ئۆژین پۆتیە | و: ئازاد ٨٢ | ٣٥ |
| من مامۆستا دەمێنمەوە و تۆش پاسەوانی زیندان | ن: فەرزاد کەمانگەر | ٣٨ |
| چاوگێڕانێکی کورت بەسەر ژیان و بەرهەمەکانی فروغ فەروخزاد | ئا: لاوێن ئەمانی | ٤٠ |
| فەلسەفە و هونەری دەربڕینی ئەویندارى | و: هێمن. ا | ٤٣ |
| سانسۆر و داهێنەرەکەی | ئا: پێشەنگ | ٤٥ |
| رەنگی زەعفەران، خرۆشانی نەسڵێك | و: جەلال حەسەنزادە | ٤٦ |
| سینەمای ژێرزەمینی ئێران | ن: باربۆد تاهیری | ٤٩ |
| وتووێژی سروەی ناسری لەگەڵ سایتی بێ سانسۆڕ | | ٥٠ |
| کورتەیەك لە ژیانی کلارا زتکین | | ٥٢ |
| لەیادی ٩٠ساڵەی تیرۆری رۆزا لۆکزامبۆرگ | و: ئازاد ئارمان | ٥٣ |
| نامەیەکی فروغ بۆ باوکی... | و: ناسر حەقپەرەست | ٥٧ |


## چیرۆک


| | | |
| --- | --- | --- |
| گەڕان لە دووی نان | ن: هەژێن | ٦٠ |
| نجوا | ن: ماندگار فاتمی | ٦٣ |


## شانۆنامە


| | | |
| --- | --- | --- |
| بۆ ئاسۆ دەڕوانین | ن: هەژیر نینا | ٦٥ |
| دەرکەوتنی مارکس لە پەردەیەکدا | و: کەریم ئەمانی | ٧٠ |


## شیعر


| | | |
| --- | --- | --- |
| کامە وڵاتەکەی منە | ن: سیمین چایچی | ٧٧ |
| شکۆمەندیی ٥٧ | ن: سەعید ئەمانی | ٧٨ |
| عێراقیەکان | و: یوسف عەلیپور | ٧٩ |
| داستانی باخی هەورێشم | و: ب. سینا | ٨٢ |
| باڵاکردنی خەم | ن: سەرگوڵ بێتوشی | ٨٤ |
| دڵی جاران | ن: هەستیار جاف | ٨٥ |
| بەرامەی شۆڕش | ن: پەیمان | ٨٦ |
| تۆ سوورت کرد شیعری من | ن: بێستون | ٨٨ |


L'INTERNATIONALE
Musique de Degeyter
Paroles d'Eugène Pottier
Marche

# بەرەو هونەری ئازاد و شۆڕشگێڕانە

ن: لئۆن تروتسکی
وەرگێڕ: بێستون

بەبێ هیچ زۆر ویژییەك دەکرێ بڵێین کە فەرهەنگی مرۆڤایەتی هیچکات بەرادەی ئەمرۆکانە لە بەرەبەری مەترسی لە ناوچووندا نەبووە. پێشتریش خێڵە سەرەتاییەکانی تەیار بەچەکی سەرەتایی وەحشەییەکان، فەرهەنگی دێرینیان لە بەشێك لە ئورووپا لەناو برد. بەڵام ئەمرۆکانە دەبینین کە شارستانیەت لە سەرتاسەری جیهاندا وەك یەك چارەنووسێکی هاوشێوەیان هەیە و کەوتۆتە بەر پەلاماری تاقمێك کۆنەپەرست کە ئەمجارەیان بە تکنیکی مۆدێرنیش تەیارن. مەبەستی ئێمە تەنیا شەڕی جیهانێك نییە کە رەنگە روو بدات بەڵکوو لە سەردەمی ئەم ئاشتییەشدا کە هەیە زانست و هونەر لە بارودۆخێکدایە کە بۆ چاوپۆشی لێکردن نابێت.




دۆزراوە و داهێنانە فەلسەفی، کۆمەڵناسانە، زانستی و هونەرییەکان لەم رووەوە کە چالاکی تاك بوە و هێمای گۆڕانی ئیستعدادی زەینی تاکەکانە بەشێوەی عەینی کە دەوڵەمەند بوونی فەرهەنگی لێدەکەوێتەوە، بەرهەمی هەڵکەوتەیی خوازراون. بەم مانایە کە «تێگەیشتنێکی» پێویست کە کەم و زۆر دوو لایەنەن واتە لە نێوان تاك و بارودۆخی (کۆمەڵگا) هەیە، دەردەخەن. نەك ئەو زانستە گشتییەی کە لە شوێن شیکاری جیهانە، دەتوانێ چاوپۆشی لە لێهاتووییەکی ئەوتۆ بکات و هەروەها ئەو تێڕوانینە شۆرشگێرانەیە کە هەوڵدەدات جیهان بگۆڕێت کە دەبوو تێگەیشتنێکی وردی لە یاساکانی زاڵ بەسەر ئەم گۆڕانکارییانەدا هەبێ ناتوانێ سەرنج بەوە نەدات. بە واتایەکی تر ناکرێ چاوپۆشی لە هەلومەرجێك بکرێ کە خەلاقیەتەکانی تاکەکان تێیدا شکڵ دەگرێ و هەروەها نابێ ئەو یاسا تایبەتییانەی کە بەسەر داهێنانەکانی تاك دا زاڵە لە بیر بکرێ. بەڵام دەبێ قەبووڵ بکرێ کە لە جیهانی سەردەمدا، هەلومەرجێك کە لێهاتوویی تاکەکان دەخولقێنێ زیاتر لە پێشوو کاولکراون و هێرشیان کراوەتە سەر نزم بوونەوەی ئاستی بەرهەمە هونەرییەکانیش وێرای دابەزینی کەسایەتی هونەرمەندان، سەرچاوەی هەر لەم بابەتەدایە. حکومەتی هیتلەر کە هەوڵدەدات ئاڵمان لە بوونی ئەو هونەرمەندانەی کە بەرهەمەکانیان تا رادەیەکی ئەگەر کەمیش بێ لە هێماکانی ئازادی، دەسڕێتەوە. ئەوکەسانەی کە قەڵەم بەدەستن دەیانکێشێتە ژێر رکێفی رژیم بۆ ئەوەی تەنیا ئەرکیان پاکانەکردن بۆ نیزام و پیاهەڵگوتنی بێ، ئەویش بە شێوەیەکی دزێوی جوانناسانەی هونەری. لە یەکێتی شورەویش هەلومەرجێکی هاوشێوە دامەزرابوو، ئیرتجاعی «تێرمیدوری» بە لوتکەی دەسەڵات و سەرکوتەکانی خۆی گەیشتبوو.

ئاشکرایە کە دروشمی ئەو رۆژانە کە باو بوو واتە «نە فاشیزم و نە کۆمۆنیزم» دروشمی ئێمە نییە، چونکە ئەو دروشمە جێگای پەسەندی موحافیزە کاران بوو کە هێشتاکەش خۆیان بە دیاردەی رابردووی «دێموکراتیکەوە« هەڵواسیوە. هونەری راستەقینە کە ناکەوێتە شوێن هێما رواڵەتی و دەستکردەکانی و هەوڵ دەدات ویست و داخوازییەکانی ناخی مرۆڤ و سەرجەم ئینسانەکان تێیدا رەنگ بداتەوە، هونەرێکی راستەقینەی ئەوتۆ ناتوانێ شۆڕشگێر نەبێ و ناکرێ نۆژەنکردنەوەی بنەرەتەکانی کۆمەڵگا نەکاتە ئامانجی خۆی. بەڵام کاتێك لەم پێناوەدا سەرکەوتوو دەبێ کە لێهاتوویی و خەلاقییەتەکانی مرۆڤ لە ژێر هەر چەشنە کۆت و بەندێك رزگار بکات کە لەم رێگایەوە سەرجەمی بەشەرییەت بەرەو لوتکەکانی سەرکەوتن دەبات کە لە رابردوودا تەنیا ژمارەیەکی کەم لە «کەسایەتییە

هەڵکەوتەکان» پێی گەیشتوون. لە لایەکی ترەوە لەسەر ئەم بڕوایەین کە تەنیا شۆڕشی سۆسیالیستی یە دەتوانێ بواری فەرهەنگی نوێ بڕەخسێنێ. ئەگەر ئەمڕۆکانە هۆگری مان بەرانبەر بە بوروکراسی زاڵ بەسەر شورەوی دا نییە بەم هۆکارەیە کە ئەم حکومەتە لە روانگەی ئێمەوە نوێنەری کۆمۆنیزم نییە و بەڵکوو مەترسیدارترین دوژمنییەتی.

ڕژیمی شورەوی لە ڕێگای هەڵسووڕان لە نێو تەشکیلاتی بەرواڵەت فەرهەنگی کە لە سەرجەم وڵاتەکان بانگەشەی بۆ دەکات، تارماییەکی لە شك و گومان لە دژی سەرجەم بایەخە مەعنەوییەکان لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاوکردۆتەوە. تارماییەك لە خوێن و زەلکاو کە کۆمەڵێك لە پێستی هونەرمەند و بەرواڵەت ڕووناکبیر تێیدا گێژ دەخۆن، ئەو کەسانەی کە کاسەلێسی بۆتە کار و پیشەیان، چەواشەکاری بۆتە ڕێگا و ڕێبازییان و شاردنەوەی جینایەتەکانیان بە مەبەستی ژیانی خۆشی خۆیان و ڕابواردن کردوە بە پیشە. هونەری سەرەکی سەردەمی ئیستالین ڕەنگدانەوەی هەوڵی ئەمجۆرە کەسانە بوە لە پێناو بە ڕەوا زانینی سیمای دزێوییان، ئەویش بەم هەڵا و هەنگامەیەی کە هەتا ئێستاکە لە مێژوودا کەم وێنە بوە.

نەفرەت و بێزاری کە ئەم شێوازە بێ ناوەرۆکە ئوسوولە هونەرییەی کە لە نیزامی کۆیلە داریش دا وێنەی نەبوە لە نێو هونەرمەندان هەڵی خراندوە دەبێ هەتا ئاستی ڕیسوا کردنی یەکجاری و لێبراوانە و لە ئاستی نەهاتوو پەرەی پێ بدرێ. ئۆپۆزسیونی نووسەران و هونەرمەندان لە زومرەی ئەو هێزانەن کە دەتوانن لە ڕیسوا کردن و ڕووخاندنی ئەو جۆرە ڕژیمانە چالاکانە بەشداری بکەن. ئەو ڕژیمانەی کە نە تەنیا مافی کرێکاران لە پێناو خەبات بۆ دونیایەکی باشتر، پێخوست دەکەن بەڵکو هەر مەبەستێکی بێ خەوشیش پێشێل دەکەن و تەنانەت لەم پێناوەدا ڕێز لە کەسایەتی و حورمەتی ئینسانەکانیش ناگرن.


شۆڕشی کۆمۆنیستی ترسی لە هونەر نییە چونکە بەباشی دەزانێ، ڕۆڵی هونەرمەند لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بەرانبەرکێی نێوان تاك و شێوازە کۆمەڵایەتییەکان کە لە دژی ڕاپەڕیون، دیاری دەکات. ئەم ڕاستییە بە تەنیایی بەسە بۆ ئەوەی هونەرمەند کە بەم وشیاری و تێگەیشتنە بگات، لە ڕیزی پارێزەرانی شۆڕشگێر قەرار دەگرێ. لێرەدا بەو جۆرەکە دەروون ناسان لێکیان داوەتەوە دینامیزمی هەڵچواندن دەکەوێتە گەڕ و هەوڵدەدات کە پەیوەندی دابڕاوەکانی نێوان «تاك» و مۆرەگەلێکی دەرەکی کە لە پەراوێز هاوێژراون، ساڕێژ بکاتەوە. ئەم ساڕێژ کردنە لە بەرژوەندی ئیدئالی کەسایەتی دایە. ئەوە ئیدئالی کەسایەتییە کە سەرجەم هێزە

ناوخۆییەکان کە پەیوەندی بەوەوە هەیە لە دژی واقعیەتی دژواری قەبووڵ نەکرا و کە لە ئارادایە، هەڵدەخرێنێ. ئەو بابەتەش هەر ئەوەیە کە لە نێو سەرجەم ئینسانەکان هاوبەش بوە و بەردەوام لە حاڵی گەشە کردن و بووژانەوە دایە. هەر ئەوەندە بەسە کە جەوهەری تاك پێویستییەکانی بە ئازادی لە کلاورۆژنەی سروشتی خۆیەوە تیشك باوێژێ هەتا بە ڕەوتێکی بەرین و مەزن کە هەتا دەم دەمانی بەر لە مێژووی پەیدابوونی خۆی زەروورەتی هەبوە، پەیوەست بێ و ئاوێتەی یەکتر ببن. ئەم ڕەوتە مەزنە بریتییە لە ڕزگاربوونی سەرجەمی مرۆڤایەتی. باش وایە لێرەدا ئاماژە بە تێگەیشتنی مارکسی لاو بکەین لە هەڵسووڕانی نووسەران کە دەنووسێ «نووسەر سروشتییە کە بۆ درێژەی ژیان و کار و پیشەی، هەوڵ بۆ مووچە بدات. بەڵام نابێ لە هیچ هەلومەرجێکدا لە پێناو بژیوی ژیان و پوڵ وەدەست هێنان درێژە بە ژیانی بدات و بنووسێت...، نووسەر بەهیچ شێوەیەك پیشەی نووسەری بە ئامراز نازانێ. ئەم کارە بۆ ئەو جەوهەوری ئامانجە. ئەگەر بەتێبڕوانینێکی ئامرازیانەش سەیر بکات، ئامرازێك دەبێ بۆ ئەو و کەسانی تر کە ئەگەر پێویست بوو خۆیان فیدا بکەن هەتا جەوهەری «بوون» بە هونەر و کارەکەی ببەخشێ، مەرجی یەکەمی ئازادی چاپەمەنی بەدوور بوونە لە بازرگانی و تیجارەت.»

***

بۆ خوڵقاندنی بەرهەمی هونەری پێویستییەکی سەرەکی هەیە کە بیروڕای هونەرمەند لە ژێر هەر کۆت و بەندێك ڕزگار ببێ و بەهیچ بیانوو و پاکانەیەك مەیدان لە خۆی بەرتەسك بکاتەوە و قەتیس بمێنێ. بەمجۆرە ئێمە دژایەتی خۆمان لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی کە چ ئێستاکە و چ لە داهاتوودا ئێمە بەرەو کۆیلەتی و گوێڕایەڵی کوێرانەی هونەر بە نیزام پەلکێش دەکەن دەردەبڕین، چونکە لە بنەڕەتدا لەگەڵ سروشت و ناخی هونەر بەناکۆکی دەزانین و بەمجۆرە و جارێکی تر پەیوەندی لێبراوانەی خۆمان بە بنەمای « ئازادی بێ مەرج بۆ هونەر» ڕادەگەیەنین.

ئێمە بە مافی سروشتی دەوڵەتی شۆڕشگێڕ دەزانین کە لەئاست پەلاماری بورژوازیی دژە شۆڕش، بەرگری لەخۆی بکات، تەنانەت ئەگەر بورژوازی بە بەیداخی زانست و هونەریشەوە سەری هەڵبڕیبێ. لەسەر ئەو بڕوایەین کە ئەرکی هونەر لە سەردەمی ئێمەدا بریتی یە لە بەشداری چالاکانە و وشیارانە لە پێناو ئامادە کردنی سەرەتاکانی شۆڕش دایە. بەڵام هونەرمەند تەنیا کاتێك دەتوانێ یارمەتی بەشەری ڕزگاری بەخش بکات کە بیر و زەینی



ئەو بەتەواوی ئاوێتەی ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی ئەم شەر و ململانێیە بووبێ و مانا و راستییەکانی لە ناخەوە هەست پێ بکات و جیهانی ناخی خۆی لە هونەرەکەی دا بە شێوەیەکی ئازادانە بکێشێتەوە.

ئامانجی ئێمە لەم بانگەوازە دۆزینەوەی بوارێکی هاوبەشە کە بە پێی ئەو سەرجەم نووسەران و هونەرمەندانی شۆرشگێر جارێکی تر یەکگرتوو بوون و بە هونەرەکەیان هەرچی زیاتر و باشتر یارمەتی بەکاری شۆرش بکەن و لە هەمان کاتدا بەرانبەر بە دوژمنان دیفاع لە ئازادی هونەر بکەن. لەسەر ئەو بروایەین کە ئەوە بواری هاوبەشی هەر رەوتێکی هونەری، فەلسەفی و سیاسی بەهەر بۆچوونێکەوە لەخۆ دەگرێ.

بە باشی دەزانین کە هەزاران بیرمەند و هونەرمەندی پرژوبڵاو لە ئاستی جیهاندا هەن کە هەڵا و هەنگامەی رێخراوی چەواشەکاران و زەوت کەران، دەنگیان لە گەرودا کپ و بێدەنگ دەکەن بە سەدان بڵاوکراوەی ورد و درشت هەن کە تێدەکۆشن هەتا بەرەی لاوی خولقێنەر لە دەوەری یەك کۆبکەنەوە، نەك ئەوانەی کە لە شوێن وەدەست هێنانی قازانجی زۆرترن بەڵکو بەدوای دۆزینەوەی رێگای پەیوەندی نوێن. ئەوەش لە کاتێکدایە کەهەر بۆچوونێکی پێشرەوانەی هونەری لە لایەن فاشیزمەوە مۆری چەواشەکارانەی لێدەدرێ و لەناو دەچێ و خولقاندنی هونەری لە لایەن ئیستالینییەکانەوە بە فاشیزم ناوزەد دەکرێ. هونەر بۆ شەڕ لە دژی ئەم خەفەقان و سەرکوتە ئیرتجاعییە یەکگرتوو بکات و مافی رەوای خۆی بەگوێی هەموان رابگەیەنێ.

وەدەست هێنانی یەکگرتوویەکی ئەوتۆ وەك یەکەم ئامانجی فیدراسیونی نێونەتەوەیی هونەری سەربەخۆ و شۆرشگێر دەژمێردرێ کە هەنووکە پێکهاتنی بە پێویست دەزانین.

بەهیچ شێوەیەك مەبەستمان ئەوە نییە کە هیچکام لەم بیرۆکانە بسەپێنین چونکە خودی ئەوە بە هەنگاوی یەکەم دەزانین لە پێناوی نوێخوازیدا. داوا لە سەرجەم لایەنگران و دۆستانی هونەریش کە باوەریان بە زەروورەتێکی ئەوتۆ هەیە، دەکەین کە بیروراکانیان بەزمانی خۆیان دەرببرن. بانگەوازەکەی ئێمە رووی لە هەموو رێکخراوەکانی چاپەمەنی چەپە کە خوازیاری بەشداریکردن لە پێکهاتنی فیدراسیونی نێونەتەوەیی ئاماژە پێکراو و ئاڵ و گۆری بیرورا سەبارەت بە ئەرکەکانیان و شێوەی کار و تێکۆشانەکانیانن.

هەرکە پەیوەندییە سەرەتاییەکان لەئاستی نێونەتەوەیی لە رێگای چاپەمەنی و نووسراوەکانەوە دابمەزرێ، لە هەوڵی رێکخستنی کۆنگرەی بچوکتر لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان و لە ئاستی خۆجێی دا دەبین. هەنگاوی کۆتایی بریتی دەبێ لە بەرێوە بردنی کۆری گشتی کۆنگرەی جیهانی کە دامەزرانی فیدراسیۆنی نێونەتەویی ئاماژە پێکراو بەشێوەی رەسمی رادەگەیەنێ. ئامانجی ئێمە بریتییە لە: سەربەخۆیی هونەر لە پێناو شۆرش، شۆرش بۆ رزگاری یەکجارەکی هونەر.

***

# تێپەڕبوونی سی ساڵ!

## یادێك لە ئەحمەدی شاملو و «کتێبی جومعە»

ن: عەباس سەماکار

ئا: پێشەنگ

کتێبی جومعە یەکێك لە بڵاوکراوە پێشەنگەکان بەسەر دەبیری ئەحمەدی شاملو بوو کە لە چاپدانی دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ی خەڵکی ئێران، بە هاوکاری «شۆڕایەك لە نووسەران» دەستی پێکرد.

ئەحمەدی شاملو لە بەهاری ساڵی ٥٨ەوە، واتە هەر لە سەرەتای خۆشکردنی بواری دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیەوە، بە پێداگری لەسەر «کاری شۆڕایی» کە لە ڕاستیدا زیاتر بەهرەمەند بوون لە یارمەتی گرایشە جۆراوجۆرە نەزەری و سیاسیەکانی نێو ئێران بوو تا «شورا»بە واتا دخاڵەتگەرانە گشت لایەنیەکانی، دەستی دایە پێکهێنانی میزگردێك بۆ هێنانە گۆڕی بنەماکانی دیاری کردنی ڕوانگەو ڕێبازو شێوەکاری ئەم گۆڤارەو بە بانگهێشت کردنی چەند کەسێك لە نوێنەرانی هێزە سیاسیە چەپەکان و نوێنەرانی گرایشە نا ڕێکخراوەکان هەوڵیدا کاری گەڵاڵە کردنی ناوەڕۆکیی (بەرنامە ڕێژی موحتەوایی) کتێبی جومعە بەرەوپێش بەرێت و چەشنێك شێوەکاری شوراییی لە بواری ڕۆژنامە نووسیدا جێ بخات. هەنگاونان لەم پێناوەدا، ئەگەرچی بە واتای پێکهێنانی شوڕا چاو لێنەدەکرا و ئەحمەدی شاملو بۆخۆشی ئەمەی دەزانی، بەڵام لەو سەردەمەدا، ئەویش لەلایەن کەسانێکەوە کە خۆیان لە بواری چاپەمەنیەوە بە خاوەن نەزەر دەزانی بابەتێکی نوێ و شیاوی ڕێز لێنان بوو.

هەڵبەت لە بابەت چەمکی شوڕاوە، دواتر چەندین مقالە لەلایەن گرایشاتی جۆراوجۆری نەزەرییەوە لە کتێبی جومعەدا بەچاپ گەیشت.

کتێبی جومعە لە سەرەتاوە، داوای هاوکاری لەگەڵ ئەم بڵاوکراوەیە لە چریکە فیداییەکانیش کردو ئەم ڕێکخراوەش دوو کەس لە ئەندامانی خۆی، تێکۆشەری گیانبەخت کردو مەنوچێهری کەلانتەری[1] هاوڕێ لەگەڵ عەباسی




سەماکار بۆ هاوکاری کردن نارده دەفتەری ئەم بڵاوکراوەیە. مەنوچێهری کەلانتەری دوای یەك، دوو کۆبوونەوە، بەهۆی ئەرك و کاری زۆری ڕێکخراوەیی نەیتوانی درێژە بە هاواری لەگەڵ کتێبی جومعە بدات و قورسایی کارو ئەرکە پێ سپێردراوەکان کەوتنە سەرشانی عەباسی سەماکار.

لە خوارەوە ناوەڕۆکی وتوویژی یەکەمین دانیشتن و میزگردی کتێبی جومعە دەخوێنینەوە کە لە ژومارە ٤ی ئەم بڵاوکراوەیەدا چاپ کراوە.

**١. مەنوچێهری کەلانتەری (برای سەعیدی کەلانتەرییە کە، لە سەردەمی ڕژێمی شادا لەلایەن ساواکەوە لەگەڵ بیژەنی جەزەنی لەسەر گردەکانی ئەوین ئیعدام کرا) لە ساڵی ٦١ لە بەلوچستان کەوتە دەست پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی و دواتر ئیعدامیان کرد.**

**کتێبی جومعە**

سالّی یەکەم ژومارە٤
سەرەتای خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاوی
سەبارەت بە ئەرکەکانی ئەم گۆڤارە

میزگردێك بە بەشداری: فەرەیدونی ئادەمیەت، باقری پەرهام، محەممەد عەلی سەپانلوو، عەباسی سەماکارو خوسرەو شاکری.

دەستپێکی شورای نووسەرانی کتێبی جومعە:
ئەم ڕاستیەی کە بە تەنیایی ناتوانین تەنانەت هەندێك لە کێشەو گرفت و پرسە جۆراوجۆرو ئالّۆزەکانی کۆمەلّگای ئێران بە وردی بدەینە بەر باس، هەر لە سەرەتای کارەوە بۆ شورای نووسەرانی کتێبی جومعە ڕوون و ئاشکرا بوو.

ئێمە دەمانزانی کە ئەگەر ئەم حەوتەنامەیە بڕیارەو دەیەوێ لە بەرەوپێش بردنی ئەرکە کۆمەلاّیەتیەکانیدا سەرکەوتوو بێت پێویستە پالّوە هێزوتوانا ڕوو لە گەشەو هەلّدانەکانی کۆمەلّگاوەدات. دەکرا ئەم پشت بەستنەش لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە بە ئاکام بگەیشتایە. کە هاسانترین و دیموکراتیکترین ڕێگایش کە بە نەزەر دەگەیشت ئەمە بوو داوا لە نوێنەرانی لایەن و گرایش و هێزە ڕادیکالّەکان و نوێنەرانی بۆچوون و ئەندێشە کارا و ناڕێکخراوەکان بکەین تا بێن و لە دەوری میزێك بۆچوونەکانیان سەبارەت بە مەسائیل و بابەتگەلێکی کە تەرح دەکرێن بە شێوەیەکی گونجاو و مەنتیقی باس بکەن، بە هەست کردن بەم ڕاستیەی کە ڕەنگدانەوەی خودی ئەم بۆچوونانە لە حەوتەنامەکەدا، دەتوانێ باس و لێکدانەوەکان بگوازێتەوە بۆ نێو جەماوەرێکی بەرینی هۆگر.

ڕوون و ئاشکرایە کە لە هەندێك بابەتدا پێویست دەکات تەنیا کەسانێکی شارەزا و لێزان بکەونە قسەوباس و ڕاوێژ تا بەشێك لە ئالّۆزیەکان لە ڕوانگەی فەننی و زانستیەوە شیبکەنەوە.

دیارە کە نوێنەرانی گشت لایەن و گرایشەکان ڕەنگە نەتوانن بەردەوام لەم کۆبوونەوەو میزگردانەدا ئامادە بن.

بەهەرحالّ هەولّەکان لەم ڕاستایەدان، وەئەوەی لەخوارەوە ئامادە کراوە سەمەرەی یەکەمین میزگردەکەمانە.

باقری پەرهام: لە یەکەمین دانیشتنی میزگردی کتێبی جومعەدا، ئیزن بدەن لەم بارەیەوە قسە بکەین کە گۆڤار یان بلاّوکراوەیەك بە تایبەتمەندی کتێبی جومعەوە لەم بڕگە زەمەنیەدا دەتوانێ چ ڕۆلّێك بگێڕێ و کام ڕسالّەتی لە ئەستۆیە. ڕەنگە ئەم باسە دواتر یارمەتی کاریگەرتر بوونی هەولّەکانی بدات. کەوایە با لە بەڕێز شاملو کە بنچینەی ئەم کارەی داڕشتووە، داوا بکەین بۆچوونەکانی خۆی لەم بارەیەوە بخاتە ڕوو.

ئەحمەدی شاملو: ئێمە ئەم گۆڤارە بەو مەبەستە دەردەکەین کە بەو بابەتانەی بۆ کۆمەلّ مەترەحە، بەلاّم چەندی و چۆنییەکەیان نادیارە ولاّم بدرێتەوە. بۆ نموونە لەو کۆبوونەوانەدا کە لەگەلّ دۆستاندا بۆ دامەزراندنی گۆڤارەکە بوومان، من پێشنیارم کرد کە لە کاتی خۆیدا، لە سندوقی گۆڤارەکە خەرج و مخارجی لێژنەگەلێك دابین بکەین تا بچن لە بواری مەسائیلی جۆراوجۆری کۆمەلّگای ئێران - لەوانە سەبارەت بە دێهاتەکان، کرێکاران، هەلومەرجی شار، ئاینی و هیتر— توێژینەوە بکەین، تەنانەت گەر هەندێك لەو توێژینەوانە دوو یان سێ مانگیش بخایەنێ. مەسائیلی ناڕۆشنی کۆمەلّگای ئێمە یەك و دوان نین. ئەم پرس و بابەتانە دەبێ تەرح کرێن و کەسانی خاوەن نەزەرو شارەزا لە بارەیانەوە بۆچوون و نەزەر بدەن تا گۆڤارەکە بتوانێ بەش بە حالّی خۆی ڕێگا چارە بۆ دابین کردنی پێداویستیە بنەڕەتیەکانی کۆمەلّ بخاتە بەر چاو.



باقر پەرهام: مەبەستتان پێداویستی هەنوکەیی بۆ گشت کۆمەلّگایە، نەك زەرورەتەن لە ڕوانگەی گوروپ و یان توێژ و ڕێکخراوێکی تایبەت لە کۆمەلّگایەك؟

ئەحمەد شاملو: بێ گومان؛ چون بەو شێوەیە گۆڤارەکە دەبوە ئورگانی گروپێکی تایبەت. من پێم وایە دەبێ ئەم بابەتانە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە هەلّبسەنگێندرێت تا بوار بۆ هەلّبژاردنی ولاّمی دروستتر لە ئارادا بێت.

باقر پەرهام: لە ڕاستیدا پێگەیەك بێت بۆ چەشنێك هاوکاری دیموکراتیك لە نێوان چەند گوروپی ڕوناکبیریدا؛ واتە چ ئەوانەی کە لە پێگەی تایبەتی ڕوناکبیری خۆیانەوە دەڕوانن و چ ئەوانەی کە تەعەهودی سیاسیان بە ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانەوە هەیە بتوانن بەشێکیان لە ڕۆشن کردنەوەی پرس و بابەتەکانی کۆمەلّگای ئێمەدا هەبێت.

ئەحمەدی شاملو: مەسائیلێکی بەرینی چارە نەکراو هەیە کە لە بنەڕەتدا هیچ پەیوەندیەکی بە کێشە سیاسی و عەقیدەتیەکانی دەستەو گوروپەکانەوە نییە. ئێمە کار بۆ کۆمەلّگایەك دەکەین کە نەیانهێشتووە هیچ وێنایەکی ڕاست و دروستمان لێی بەدەستەوە بێت. ناسینی دروستی ئەم

کۆمەڵگایە واوەترە لە تێکهەڵچوونی نەزەری و عەقیدەتی و بابەتێکە قازانجی گشت لایەن و دەستە سیاسیەکانی تێدایە.

کتاب جمعه

موحەممەدعەلی سپانلو: بە تایبەتی کە لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو لە باری پەروەردەو بارهێنان و زانیاری گەیاندنەوە، نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە هەموو شتێك تەنیا لە پێگەی سیاسی و یان پێگەی پسپۆڕی سیاسیەوە ناکرێ ببیندرێ. بەم کۆمەڵگایەی کە ناچارەن سی ساڵ لە خەودا بووە لانیکەم دەتوانین کەمێك وشیاریگەلی گشتی بدەین.

ئەحمەدی شاملو: بۆ نموونە وشیاریگەلێك لە بواری خۆبەڕێوەبردن لە کارگەکان و کارخانەکان یان لە شوڕا و یەکێتی جوتیاران و بابەتی دیکەی لەم شێوانە کە گشتیان لە بابەتە بنەڕەتیەکانن و واوەترن لە فرقە گەرایی و سکتاریسم.

باقر پەرهام: واتە دوو ئاستی کار بوونی هەیە؛ ئاستی یەکەم دانی هەندێك زانیاریەو ناسیاوی گەلێکی وردو دەقیق کە ڕەنگە بکرێ ناوی بنێین «ئاکادمیك»، بۆ نموونە کاتێك کە مەسەلەی «خۆبەڕێوە بردن» لە گۆڕێدایە بڵاوکراوەیەك دەتوانێ سەمەری شناختێکی کە لەمبوارەدا لە دیدگاو بۆچوونە جۆراوجۆرەکان بوونی هەیە بە لەبەرچاو گرتنی پێویستیەکانی کۆمەڵگای ئێستای ئێران بە دەستەوە بدات. لەم بوارەدا کەسانێکی کە خاوەن ئەزموون و هونەرمەندن دەتوانن بنووسن یان ڕەنگە زیاتر کاری وەرگێڕان بکەن بە مەبەستی هێنانە گۆڕی ئەم باسانە لە پەیوەند بە نیازەکانی کۆمەڵ. ئاستی دووەم، ئاستی تەرح کردنی مەسائیلی ئێرانە، ئەم بڵاوکراوەیە دەتوانێ بە دوور لە کێشەی دەستەبەندیەکان ڕۆڵی زانیاری گەیاندنی ئەرێنی و بە سوود بگێڕێ. بۆ نموونە ئێوە ئاماژەتان بە لێژنەی توێژینەوە کرد، باشە ئەگەر بابەتێکی وەك شوڕا هاتۆتە گۆڕێ، لایەنە سیاسیەکان هەرکامەو لە ڕوانگەی خۆیەوە دەڕوانێتە ئەم مەسەلەیە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتیش بەلای گشت کۆمەڵگاوە ئەم بابەتە جێگای باسەو دەکرێ بەناردنی لێژنەی توێژینەوە لەگەڵ گشت دیاردە شوڕاییەکان کە کەم تا زۆرلە کاتی شۆڕشی ٥٧ی گەلانی ئێراندا لەگەڵی ئاشنا بوین پەیوەندی بگرین. وەك ئەو ڕێکخراوانەی لە کارخانەکاندا پێکهاتن کە

مەبەستیان بەڕێوەبردنی مانگرتن و یان ڕێگخستنی خەبات دژی ڕژێم بوو. ئەرکێکی دیکەی ئەم گۆڤارە ناسینی وردو دەقیقی ئەم شتانەیە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەدی هاتوون و ڕاگەیاندنی ئاکامی شناختەکان بە خەڵك.

ئەحمەد شاملو: وە حەتمەن ئاکامی بەدەست هاتووش هەر لە سەرەتاوە دەکرێ لەلایەن ڕێکخراوە سیاسیەکانەوە هەرچی زیاتر بە شێوەی ڕاستەوخۆ کەڵکی لێوەربگرێ. تۆ ئەوە لەبەرچاو بگرە گوروپێکی سیاسی کە لەسەر ئەو بڕوایە بوو دەبێ لە ڕێگای دێهاتەوە بێی و شارەکان گەمارۆ بدەی. من لەگەڵ ئەمانەدا بەرخوردێکی جێی سەرنجم بوو. سێ ساڵ لەمەوبەر سیمینارێك لە هەمەدان بەڕێوەچوو بۆ بەرەسمی کردنی هۆکاری کۆچی دێنشینەکان بەرەو شار. ئاکامی ئەم سیمینارە سەرنج ڕاکێش بوو؛ لەبەر ئەوە لە خۆیان ڕانەدی گوزارشەکەی بە یارۆ بدەن. بەرگێك لە سورەت جەلەسەی سیمینارەکە لای من بوو منیش دام بە دووسێ کەس هەر لەو ئاغایانە تا بیخوێننەوە. ئاکامەکەی ئەوە بوو کە ئەو بەرێزانە تازە بۆیان دەرکەوتبوو لە گەلێك ناوچەی ئێران کۆمەڵگای دێهاتی بە واتایەکی کە ئەوان دەیاننناسی هەر ئاسەواریشی نەماوە، بە واتایەکی تر نانی کۆمەڵگای دێهات لەلایەن شارەوە دابین دەکرێ! ئاکامی هەوڵی ئێمەش دەتوانێ دانی زانیاری بێت بە ڕێکخراوەکان تا لانی کەم بتوانن تێئۆریەکانیان بە پێی واقەعیەتەکان پیادە بکەن.

محەمەد عەلی سپانلو: مەبەست ئەوەیە کە وەها بڵاوکراوەیەك پێگەی مەرجەعیەتێکی فەرهەنگی بەدەست بێنێ. کەوایە پێویستە واوەتر لە دەستەبەندیەکان کار بکرێ، بە مەبەستی زانیاری گەیاندن بە کۆمەڵگایەك کە تینوی ئاگاهیە. هەڵبەت ئەوە ڕۆشنە ئێمە ئەساس و بنەڕەتی دیموکراتیکی خۆمان دەپارێزین و دیاریشە کە کتێبی جومعە پێگەی ئەندیشە کۆنەپەرەست و دواکەوتووەکان نابێت.

خوسرەو شاکری: بە باوەڕی من هەر گۆڤارێك کە لەبان گرایش و جەمسەر بەندیە سیاسییەکانەوەو لە ناخی چەپی دیموکراتیکدا بیەوێ دەربچێت، لە کۆمەڵگایەکی وەك ئێراندا پێویستە لەو خاڵەوە دەست پێبکات کە لە ماوەی شەست و حەفتا ساڵی ڕابردوودا چ ڕوداوگەلێك ڕوویانداوە یان ئەوەی کە دەبوو ڕووبدەن و ڕوویان نەداوە. لەم وڵاتەدا تەمەدونێك تێپەڕیوە و «نیمچە تەمەدونێکیش»کە جێی گرتۆتەوە هاوتەریبی گشت پێداویستیە فەرهەنگیەکانی نەبووە. واتە ئەگەر قوتابخانە هاتووە، کتێب هاتووە، بە واتایەکی تر، ئاگایی و زانیاریەکی کە لەژێر ناوی فەرهەنگدا دەبوو

بەم کۆمەڵگایە بدرێ نەدراوە. دیارە خەفەقانی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا نەیهێشتووە ئەو زانیاریانە بدرێ.


ئەحمەد شاملو: واتە لە زانکۆکاندا دەرسی ئابوری دەڵێنەوە، بەبێ مارکس! رژیم هەزاردانە چەقۆی ساز کردووەو یەکیان دەسکی نییە.

خوسرەو شاکری: چەند گۆشەیەك لە دانشی جیهانی بە شێوەی پچڕ پچڕ هاتووە، بەڵام ئەو بەشانەش کە بنەڕەت و پایەی ئەو دانش و زانستە جیهانیە بوون نەیانهێشتووە بکەونە دەست خەڵك، لەبەر ئەوەی دەیتوانی ببێتە پایەی بزووتنەوەی ڕوخاندنی ڕژێمی پەهلەوی. بەڵام ئەمە تەنها لە ئاستی حکوومەتی پەهلەویدا نەوەستاوە، ئۆپۆزسیۆنیش گیرۆدەی ئەم ئافەتە بوون، بەم هۆیەکی کە ئاڵو گۆڕو نوێ بوونەوەی «فەرهەنگی» لە کۆمەڵگادا بەردەوام لە ئارادا بووە.

عەباس سەماکار: لە ڕاستیدا دیاردەیەکی سەرچاوە گرتووەلە سیستمی سەرمایەداری وابەستە.

خۆسرەو شاکری: دەقیقەن. هەر لەبەر ئەمەیە دەبێ ئەمانە بناسین؛ بزانین کام لەو زانست و دانشانە تەزویر، واتە «شێوە زانست» بووە. خودی کۆمەڵگای ئێران بناسین. ڕووداوەکانی حەفتا ساڵی ڕابردوو بناسین. ئەم کۆمەڵگایە لە کوێوە هاتووە، چ پەیوەندی و مناسباتێکی هەبووەو ئێستا لە چ پەیوەندیەکدایە؟ کاتێك دەڵێین سەرمایەداری وابەستە، مەبەستمان لەم مناسباتە بەرهەم هێنە دیاریکراوە چییە؟ چ شوێنەوارێکی فەرهەنگی لەسەر زەینی ئێمە داناوەو ئاکامی ئەم کاردانەوە فەرهەنگیە لە سیاسەت و دەستەبەندیەکاندا کە زۆربەیان داواکارییەکی چینایەتی یەکسانیان هەیەو لە بەرانبەری یەکتریشدا ڕاوەستاون چییە؟ دەبێ ئەمانە لەسەر ڕێچکەی لێکدانەوەی دیاریکراوی سەرهەڵدانی مێژوویان لە بواری ئابوری و فەرهەنگیدا شی بکەینەوە، لەسەر ناسینی کۆی کۆمەڵگای ئێران و گشت وردەکاریەکانی مەسەلەی زەحمەتکێشان. کام دەستەی سیاسی دەتوانێ بڵێ کە وەڵامی گشت لایەنەکانی ناسینی زەحمەتکێشان لە ئێرانی داوەتەوە؟ بە بڕوای من هیچکامیان. لەگەڵ هەموو ڕێزوئیحترامێکی کە بۆ هێزە شۆڕشگێڕەکانم هەیە، لەسەر ئەو باوەڕەم کە هیچ کامیان ڕەنگە بەهۆی سەرکوت و خەباتێکی بەردەوامی سیاسی نەیانتوانیوە شناختێکی تەوایان لە چینێك هەبێ کە دەیانەوێ نوێنەرایەتیان بکەن. ئێمە لێکدانەوەی تەواومان لەسەر کۆمەڵگای ئێران نییە، نە بەشێوەی وردو نە بەشێوەی گشتی. ئەم گۆڤارە دەبێ ببێتە ئەو سەرچاوە فەرهەنگیە. لێژنەکانی توێژینەوە لە دێهات و لە کارخانەکان پێویستە ئەو توێژینەوە بنەڕەتیانە ئەنجام بدەن و بیخەنە بەردەم هەمووان. توێژینەوەی زانستی نابێت ببێتە کاڵایەك کە تەنیا فڵانە دەستە و گوروپێ تایبەت ئیرایەی ئەدات. بە بڕوای من ئەمە ئەرکی سەرکی ئێمەیە. سەبارەت بە دانش و شێوەدانشیش دەبێ بڵێم و لەسەر ئەو باوەڕەم کە بۆ نموونە ئێمە ناتوانین لە مارکسیسم، وەك زانستێك، زانستی سەردەم چاوپۆشی بکەین. چون ئەوەکی کە تا ئێستا لە ئێران بوونی هەبووە بە بڕوای من شێوە مارکسیسیم بوە نەك مارکسیسم.

عەباس سەماکار: دەمەوێ ئەوە زیادکەم کە لێکدانەوەیەکمان لەسەر هەلومەرجی هێزەکان،و هەلومەرجی سیاسی کۆمەڵایەتی وڵات هەبێ کە دواتر دێمە سەری. سەبارەت بە بوونی سکتاریسم قسەو باسێك کرا. من پێموایە سکتاریسم، وەك گرایشێکی دیاریکراوی چینایەتی وەرگیراوە،و لە حاڵێکدا کە گرایش بەرەو چین و توێژێك و هەبوونی ئورگانێکی سیاسی بۆ ڕێکخراو یان حیزبێکی چینایەتی بە هیچ شێوەیەك سکتاریسم نییە؛ بەڵکوو دەقیقەن لایەنگری بەرەولای چینێکە، بەڵام پێویست ناکات ئێمە ئەم کارە لەم گۆڤارەدا بکەین. لەمڕۆدا ڕیزبەندیەکان دیاریکراون و بە داخەوە لەم ڕیزبەندیانەشدا پاشاگەردانیەکی زۆر دەبیندرێ. بەهۆی بوونی دیکتاتۆری لەمەودای ساڵانێکی دوور و درێژداو نەبوونی ئاگایی سیاسی و ئیدئۆلۆژیك، خەڵك نەیانتوانیوە هیچ چەشنە لایەنگریەکی دیاریکراو بۆخۆیان دەستەبەر بکەن. جیا لەم هێزانەی بە چەند هۆیەك لە پەیوەندیەکی تایبەتی سیاسی تەشکیلاتی دیاریکراودا خۆیان دۆزیوەتەوەو یان بەشێك لەو ڕووناکبیرانەی کە سەرەڕای زاڵ بوونی کەش و هەوایەکی سەنگین و پشووبڕ هەندێك هەوڵیان داوە. بەڵام بە گشتی، کۆمەڵگا لەم فازەدا نەبووە. وە ئەگەر هێزی چەپ لایەنگری بەرەو چینی کرێکار بە ئەرکی بنەڕەتی خۆی دەزانێ نابێ ئەوەش لەبیر بچێتەوە کە جیهەتگیریەکیش بەرەو خەباتی دیموکراتیك بە شێوەی گشتی دەبێ لە نەزەردابێ. دەبینین هێزگەلێك لەم وڵاتەدا بوونیان هەبووە کە هیچ جیەتگیریەکیان نەکردووە و لەمڕۆدا بەرەو دەسەڵات سوڕاون. کەوایە دەبێ ئەم هێزانە تەعلیم بدرێن. ناکرێ ئەم هێزانەش لە ڕێگای جیەتگیری ئیدئۆلۆژیکیەوە بەرەو ئاڕمانی



چینی کرێکار ڕابکێشیت. دەکرێ بە شێوەی گشتی مەسائیلی دیموکراتیکی کۆمەڵگا لەبەرچاو بگری و بە سەرنجدان بەوەی کە سیستمی سەرمایەداری وابەستە چ بەڵایەکی بەسەرماندا هێناوە مەسەلە فەرهەنگیەکان لە ڕوانگە گشتیەکەیەوە تەرح بکەیت تا ئەوانەی کە خاوەنی هیچ ڕێبازێکی ڕاستەقینەو دیاریکراو نین بەرەو هێزە ڕاستەقینە شۆڕشگێڕەکان بێن. نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە هەموو گۆڤارێك یان بڵاوکراوەیەك کەم تا زۆر هەڵگری گوتارێکی تایبەتە ڕووبە چین و توێژێك.


فەریدون ئادەمیەت: وەها بڵاوکراوەیەك ئەگەر مەبەستی ئەو شتە بێت کە لە فەرهەنگی سیاسیدا پێی دەوترێ وشیار کردنەوەی ئەفکار، گەلێك بە قازانجە. وشیار کردنەوەی ئەفکار سەبارەت بە پرسە هەنوکەییەکانی کۆمەڵ و ئەو بابەتانەی کە لە داهاتوودا لەگەڵیان دەستەویەخەین. بۆ نموونە مەجلیسی خوبرەگان و شێوەی هەڵبژاردنیان کە بە هیچ شێوەیەك جەماوەری خەڵك ناتوانێ لە دیاری کردنیاندا هیچ ڕۆڵێکی هەبێت. کە من خۆم ئەساسەن باوەڕم بەو شتانە نییە.

محەممەد قاعید: من پێم وایە لەو دوو بابەتەی کە باس کران یەکەمیان بەلای گشتیەوە پەسەند بێت. هەندێك بڵاوکراوەی دیموکراتیکی کەلای ئێمە زۆر کەمن؛ شوێنێکی کەسەکان بتوانن بۆچوونەکانیان دەرببڕن و هاوڕێیانێکی تێدا بدۆزنەوە و بۆیان دەربکەوێ کە نەیارەکانیان چ کەسانێکن. پێموایە گشت هاوڕێیان دانیان بەوەدانا کەبۆ خۆبواردن لە سکتاریسم، پێویستە کەشێکی دیموکراتیك زاڵ بێت. سەبارەت بە مەرجەعیەتیش، قسەیەکی زۆر ڕاستە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە وشەی چاپی هەڵگری تەقەدوس و پیرۆزیە، شوێنەواری قوڵ دادەنێ و تا ڕادەیەك حاڵەتی مەرجەعیەت بەخۆی دەگرێ. پێویستە ئێستا چی بکرێ تا ئەم بزاوتە دیموکراتیکە بە تەنیایی نەچێتە قالبی چەشنێك ئارمانی فکریەوە- واتە تەنیا دەستەیەکی تایبەت نەبن کە دەیانهەوێ و کەسانی تریش نا- وابێ نەکەوینە خولانەوە لە بازنەیەکی بۆشدا وەك ئەوەی پێشتر تێیدا بووین. بەڕێوەبەرانی گۆڤارەکە پێویستە بۆچوونیان ئەوە بێت کە ئەمە تریبونێکی ئازادە، شوێنێکە بۆ قسە کردن، کەرەسەو مەجالێکە بۆ نووسین و بۆ وتن.

هوما ناتق: هەدەفی هەر بڵاوکراوەیەك کە لەم برگە مێژووییەدا دادەمەزرێ پێویستە ناسینی کۆمەڵگاو ناساندنی بێت، لەو لایەوە کە دیموکراتیسم خۆی خەسڵەتی هەڵسوڕاوانی پێشکەوتن خوازە واتە عەناسورێکی کە لە خاڵی ناسین و لێکدانەوەوە حەرەکەت دەکەن، گۆڤارێکی کە بە دەستی ڕوناکبیران و هەڵسوڕاوانی دیموکراتیك دادەمەزرێ دەبێ لە ڕاستای ئەم ناسین و لێکدانەوەیەدا بێت. مەبەستم ئەوەیە کە ڕوناکبیری بە دەروەست بە جێگای جەماوەر بیر نەکاتەوە و نوسخەی چاکسازییان بۆ نەپێچێتەوە، بەڵکوو دەبێ هاوڕێ لەگەڵ ئەوان و بە ناسینیان و بە سەرنجدان بە داواکاریەکانیان گۆڤارەکە بڵاو بکاتەوە.

محەمەد عەلی سپانلو: لەسەر ئەوە پێکهاتین بڕۆین بەرەو مەرجەعیەتێك، بەرەو وشیار کردنەوەو وەئاگا هێنان. وە ئەم تەوافوقەش بۆ ئەوەیەکە ئێمە وەك سەرچاوەیەکی توێژینەوە، وەك سەرچاوەیەکی زانیاری گەیاندن بناسن.

باقری پەرهام: ئاغای قاعید شتێکی تازەی باس کردو ئەویش ئەوەیە کە کارەکە تەقریبەن دیاریکراوە: دامەزراندنی پێگەیەکی دیموکراتیك بۆ باس لەسەر مەسائیلی جۆراوجۆر. بەڵام ئێمە لەم بوارەدا بە کردەوە دەتوانین چی بکەین کە لەگەڵ ڕەنگدانەوەی گشت بۆچوونەکان و تەرحی بابەتەکان لە لایەنی گشتیەوەو یان لەو لایەنە بونیادیانەی کە دەکرێ پەیوەست بە گشت کۆمەڵگاوە بن لە بازنەیەکی بەرتەسکدا گیرنەخۆین و بە کردەوە موورادێك حاسڵ بووبێت. من پێموایە سەبارەت بە پاراستنی خسڵەتی دیموکراتیك ئێمە ئەساسەن دەبێ کراوە بین و کۆبوونەوە و میزگردەکانمان شوێنی تەرحی ئازادانەی گەلێك لە ڕوانگە فکرییە جۆراوجۆرەکان بێت و بە پێداگری لەسەر میعیارەکانی خۆمان لە گۆڤارەکەشدا ڕەنگدانەوەیان هەبێت. پێویستە ئێمە بۆمان دەرکەوێت کە ئاڕاستەی بزوتنی هێزە ڕوو لە گەشەکانی کۆمەڵگا چییە -بە چاوپۆشی لە ماهیەتی سیاسیان و بە لەبەرچاو گرتنی سوکە دابەش کردنێك- بزانین حەرەکەتی کۆمەڵگا لە کام لاوە بەرەو تەرەقی و بە کەماڵ گەیشتنە. بەڵام ئێمە پێویستە لەم بوارەدا بەڕوونی قسە بکەین. واتە ئەگەر شوعارێك بە هەڵە تەرح دەکرێ ئاماژەی پێ بکەین، ئەگەر مەسەلەیەك بەبێ زانیاری و ناسینی تەواو سەبارەت بە کۆمەڵگاکەمان باس دەکرێ، ئێمە بە سەرنجدان بەو شەڕافەتە فکریەی کە بۆخۆمان دیاری کردووە سەمیمانە و بە پێداگریەوەو بە خستنە ڕووی شناختێکی دروستتری کە خۆمان شکی دەبەین بڵێین بەم هۆیانە ئەم بۆچوونە تەواو نییە. بێلایەن چاو پۆشی لە شتەکان نەکەین. ئەگەر بابەتێکمان لاپەسەندە لە هەڵوێستی ڕەخنەگرانەمان سەبارەت بەو بابەتەش خۆ گێل نەکەین. ئەگەر ئەم کارە سەمیمانە ئەنجام بدەین و خەڵك و ئەو هێزانەی کە جێی مەبەستی ئێمەن هەست بەوە بکەن کە لەگەڵیان ڕووڕاستین پێموایە دەتوانین بیانکەینە



هاوکاری خۆمان.
عەباس سەماکار: پێویستە خراپ حاڵی بوون و بەرداشتێکی کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە دیموکراسی هەیە یان کراو وەلا بنرێ. لە کۆمەڵگای ئێمەدا، واتای دیموکراسی بە شێوەیەك لێکدراوەتەوە کە بە هاسانی دەکرێ زۆربەی دیموکراتەکان بە پاوەنخواز لە قەڵەم بدەی. ئەوان هەر چەشنە بەرخوردێکی دیموکراتیك لە هەڵوێستی کرێکاریەوە بە بەرخوردێکی نا دیموکراتیك دەزانن. ئەگەر بڵێی دەتەوێ لە گۆشە نیگای مارکسیستیەوە بڕوانیتە مەسەلەی دیموکراسی دەسبەجێ ئەڵێن تۆ دەتەوێ دیموکراسی بەرتەسك بکەیتەوە. لە ڕاستیدا ئەمانە گرایشی دیموکراتیکیان لەگەڵ بێلایەنی، نەبوونی جیهەتگیری و یان خولانەوە لەنێو ئیدئۆلۆژیەکاندا هاوتەریب گرتووە. بەداخەوە بەرداشتێکی هەڵەش لەنێو هێزە چەپەکاندا سەبارەت بەم مەسەلەیە لە برەودایە. هەن کەسانێك کە کاری دیموکراتیك بە کارێکی محافزەکارانە و فرسەت تەڵەبانە دەزانن و یان لەگەڵ گرایشی لیبڕالیسم و شتێکی لەم چەشنەدا بەراورد دەکەن. دەبێ هەردووی ئەم بەرداشتە نادروستانە وەلاوە بندرێن. بەڵام ئەوەی کە وترا ئێمە توێژێکی تایبەت لەبەرچاو نەگرین، دوپاتی دەکەمەوە؛ لە جێگایەکدا جیهەتگیری بەرەو چینێك لە ئارادایە، بۆ نموونە ڕوو بە کرێکاران، و لە شوێنێك ڕووی قسەمان لە توێژێکی تایبەت لە نوخبە و کەسانی وشیار کەڵکێکی ئەوتۆی نییە. لە سەردەمی محەمەد ڕەزا شادا ئەم کارە کراوە، چون ئەمانە خۆیان هەموو شتێك دەزانن. هەرچەند دەزانم کە دەرکی نیاز و پێداویستیەکانی ئەو توێژەش کە توێژێکی وشیارە خۆی کارێکی گەورەو گرینگە. دیارە ئەمانەش هەموو شتەکان بە وردی نازانن کە پێویستە بۆیان شی بکرێتەوە. واتە حەرەکەت لەم ڕاستایانەدا نەتەنیا سکتاریسم نییە؛ بەڵکوو لە ڕاستای ڕەدکردنەوەی سکتاریسمدایە. لەم هەوڵانەدا، هەرچەند ڕاستەوخۆ ڕووی قسەمان لە جەماوەری زەحمەتکێش نییە نابێ توشی ئەو گومانە بین کە خەریکین کارێکی جەماوەری دەکەین. ئێمە ئەگەر بڵێین بەردەوام کاری ئێمە تەنیا لە پێناو و ڕوو بە جەماوەری خەڵك بێت، گەلێك لە ئەرکەکانمان لەبیر کردووە. گرینگ ئەوەیە کە هەدەفێکی دیاریکراومان هەبێ و لە ڕێگای ئەوەوە، پێداویستیەکانمان بە لێکدانەوەیەکی دروستی چینایەتی دیاری بکەین. ئەو کاتەیە کە ڕاست لە ڕاستای جەماوەری خەڵکدا حەرەکەتمان کردووە؛ هەرچەند زمانی بڵاوکراوەکەمان کەمێك قورس بێت و یان ئەوەی کە ناوەرۆکی ڕووبە ڕوناکبیران، یان پێشڕەوانی چینی کرێکار بێت.

محەمەد سپانلو: ئەمەش نوکتەیەکە دیسان هەر پەیوەندی بەم تاکتیکەوە هەیە. تۆ باشتر دەزانی کە ئەدەبیاتی نوێی ئێرانیش —ئەدەبیاتێکی کە لەسەر دەستی نیما و هیدایەت دەستی پێکرد- هەر بەم شێوەیە دەچووە پێش؛ ناڕاستەوخۆ و

بە واسیتە لەگەڵ جەماوەردا دەدوا. لەبەر ئەوەی کە زمانی فەننی ئەدەبی زمانێکە لەگەڵ زمانی ڕۆژانەو ئاسایی جەماوەردا جیاوازیەکی بەرچاوی هەیە، بەهۆی نەفسی ئاڵۆزی مەسەلەکانەوە. تۆ بە هیچ قیمەتێك ناتوانی زۆربەی بابەتەکان بە شێوەیەك دەربڕی کە جەماوەر، ئەویش لە وەها وڵاتێکدا بەو ژومارە زۆرە نەخوێندەوارەی کە هەیەتی، لێی تێبگەن. کەوایە هەر ئەو ئەدەبیاتە، هەر ئەو زمانە، گەلێکجار لەگەڵ پێشڕەوانی چین و توێژەکاندا دێتە قسە، و ئەو کاتەیە کە ئەوانیش دەچن بەپێی شوێن و هەلومەرج پیادەیان دەکەن و ڕێگاچارە بە کردەوە دەبەخشنە ئەم تیئۆریانە. کەوایە دواندنی ناڕاستەوخۆ لەم وڵاتەدا ڕەوالێکی ئاساییە.

خوسرەو شاکری: پێویستە داوا لە خوێنەران و ئەو کەسانەی کە لەگەڵ خوێنەراندا پەیوەندیان هەیە بکەین تا پێداویستیەکانیان باس بکەن.


ئەحمەد شاملو: وە دەبێ داوای هاوکاری و یارمەتی لە گشت ڕێکخراوە سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکان بکەین، چون لەمرۆدا هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئێران — مەسایلێکی جۆراوجۆری وەك مەسایلی دێهاتەکان، کرێکاران، مەسایلی عەشیرەتی و هیتر - جیا لە پەیوەندیەکی هاودڵ و هاوکارانە لەگەڵ ئەم هێزە بەرینەدا بۆ گۆڤارەکەمان نامومکینە.

عەباس سەماکار: بەر لەوەی کە ژومارەی یەکەمی گۆڤارەکە بڵاو بکرێتەوە و من لەم قسەو باسانە بەشداری بکەم لای خۆمەوە باسی پێداویستیەکانیم دەکرد. پێموابوو کە ئەم گۆڤارە دەبێ زیاتر لە پەیوەند لەگەڵ ڕووناکبیراندا بێت و هەر لەم بارەیەشەوە کەمێك لەگەڵ خوێندکارەکاندا قسەم کرد. و چەند پرسیارێکم وەك نموونە یادداشت کرد کە لە ئێستادا پێداویستیەکان کامانەن، دواتر سەبارەت بە ئاکامەکەی دەدوێم.

باقر پەرهام: لە کۆی ئەوەی لێرەدا وترا دەکرێ ئەوە هەڵێنجین کە جیا لە بەرخوردگەلێکی دیارو تایبەتی سیاسی— ئیدئۆلۆژیکی کە هەر دەستەو گروپێك لە کۆمەڵگای ئێمەدا سەبارەت بە مەسەلەکان هەیبێت - چەشنێك بەرخوردی عەقڵانیتر یان بەرخورد لە زاویەی ورد و دەقیق ناسینی بابەتیشەوە ئیمکانی هەیە. دۆستان قسەیان کردو گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە گۆڤارەکەمان دەتوانێ پێگەیەکی دیموکراتیك بێت بۆ بەرخوردێك لە چەشنی دووهەم. ئاغای سەماکار ئاماژەیان بە تەرحی مەسایلێك بە لایەنی گشتی و بنەڕەتیەوە کردو چین و توێژێکی دیاریکراو، و هەروەها ڕۆشنگەری سەبارەت بە مەسەلەکان تەنانەت بۆ پێشڕەوان و توێژی وشیارو حاڵی لە شتەکان. ئاغای دوکتور ئادەمیەت هەوڵیدا بابەتەکە لە زاویەی وشیاری ئەفکارەوە باس بکات کەلە ڕاستیدا ڕوونکردنەوەی واتاو چەمکە بنەڕەتی مەسەلەکانە بۆ هەموو لایەك. من هەر بە دوای قسەی ئاغای شاملودا ئاماژەم بەوە کرد کە وێڕای ئەم بابەتە ئێمە دەتوانین بۆ ناسینی مەسەلەکانی کۆمەڵگا، هەوڵ بدەین ئەم زانیاری و شناختانە بدەینە خەڵك و ئاماژەشم بەوە کرد کە بە گرتنەبەری شێوەکاری کراوەو دیموکراتیك لە بەرێوەبردنی گۆڤارەکەدا تا پەیوەندیمان بە هەموانەوە پتەوترو بەرینتر بکات.

ئاغای سپانلو سەبارەت بە «بوونە سەرچاوە»ی وەها گۆڤارێکەوە قسەی کرد. ئاغای شاکریش مەسەلەی ئاڵو گۆڕی ڕابردووی کۆمەڵگای ئێمەی هێنایە گۆڕێ و ئاماژەیان بەوە کرد کە کۆمەڵگای ئێمە چ قۆناغگەلێکی بڕیوە تا گەیشتۆتە ئێرە. لە دەورەکانی ڕابردوودا چەشنێك تەمەدونی ناتەواو جێگای تەمەدونی لۆکاڵی ئێمەی گرتبۆوەو ئێمە بە جێگای زانست خاوەنی شێوە زانست بوین و لەباتی فەرهەنگ، زڕە فەرهەنگێك بەسەر کۆمەڵگای ئێمەدا سەپاوە. لە ڕاستیدا قسەکەیان ئەوە بوو کە یەکێك لە ڕساڵەتەکانی ئەم گۆڤارە بەرخورد بەم بابەتەیە. هەر لەم بوارەدا ئاغای قائید ئاماژەیان بەوە کرد کە ئێمە بە چ شێوەیەك کار بکەین تا لەبەرەو پێش بردنی ئەم ئەرکە گرینگەدا ئاستی هەڵسوڕانمان بەرتەسك نەبێتەوە لەگەڵ ئەوەدا کە تەعەهودمان داوە دەنگمان بگەیەنینە هێزێکی بەرینی کۆمەڵگاکەمان. پێشنیاری ئاغای شاکریش ئەوەبوو کە یارمەتی لەخوێنەرانیش — کە ئەساسەن زۆرترین پەیوەندیمان بەوانەوەیە - وەربگرین. وە لەکۆتایدا هەر بەو شێوەیەی کە ئاغای شاملو ئاماژەی پێکرد داوامان لەگشت هێز و ڕێکخراو و هۆگرانی مەسەلە کۆمەڵایەتیەکانی وڵاتەکەمان ئەوەیە کە بۆ وڵامدانەوە بە نیازو مەسەلە ڕاستەقینەکانی ئەم وڵاتە یارمەتیمان بدەن.

***



# هونەر و ئەدەبیات و خەباتی چینایەتی

نوسینی: محەمەد حوسێن
وەرگێرانی: جەلال

ژمارەیەك لە سە ر ئەوباوەڕەن کە ئەدەبیات و هونەر پەیوەندی بە خەباتی چینایەتی و سیاسیەوە نیە. هەرچەند کە هونەر و ئەدەبیات تایبەتمەندی و پێچاو پلۆچی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام لەرەوتی گۆرانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان نەك تەنیا رۆڵی جیاواز و بێ کاریگەری نیە، بەڵکو تەواو بە پێچەوانە رۆڵی کاریگەر و بەرچاوی هەیەو چین و بۆچوونە جۆراو جۆرەکان هەرکامەیان هەوڵدەدەن لەم بوارەدا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و بۆچوونی تایبەتی خۆیان تێبکۆشن و بەقازانجی خۆیان، کەڵك لە هونەرو ئەدەبیات وەربگرن.

لەگەڵ گەشە کردنی سەرمایەداری و دەست و پێوەندەکانی، کە بریتیەلە گەشەی پیشەسازی، شارنشینی، شکل گرتنی بەرەیەکی بەرین لە رووناکبیران، بەشداری هەمەلایەنەی چینی کرێکار، هونەر و ئەدەبیاتیش رۆڵی زیاتریان پەیدا کرد. رێژەی خوێندەواران و کەسانێك کە لەگەڵ هونەر و ئەدەبیات پەیوەندی دەگرن، بەرانبەر بە سەردەمی بەرلە سەرمایەداری بۆ بەراورد نابێ و لە ئاکام دا چینی دەسەڵاتدار هەزینەیەکی زۆر بۆ ئەم بەشە تەرخان دەکات هەتا هەرچی زیاتر هەل ومەرجی کۆمەڵایەتی بکێشیتە ژێر رکێفی خۆیەوە. لەلایەکی ترەوە پێ بەپێی گەشەی ناکۆکی و هاتنە ئاراوەی خەبات، هونەرو ئەدەبیاتی "چینەکانی تریش" دەخولقێ. هەم توێژەکانی نێوەندی کۆمەڵگا وهەم چینی کرێکار بەپێی هەل و مەرج و گەشەی خۆی بەشداری لەم بوارەدا دەکەن و رووناکبیرانی تایبەت بەم چینانە، هونەرو ئەدەبیاتی خۆیان دێننە گۆڕێ. لەگەڵ هەورازو نشێوی خەباتی چینایەتی و بارودۆخی چینەکان وریز بەستنی هێزەکانیان، ئەدەبیات و هونەریش ئاڵ و گۆڕی بەسەر دادێ و هەربەم پێ یە بۆچوون و مەیلی جۆراوجۆر لەخۆیان دەردەخەن. ئەدەبیات و هونەرێك کە لەشۆڕشەکاندا شکڵ دەگرێ لەگەڵ هونەرو ئەدەبیاتی سەردەمی



دامرکانەوە جیاوازی زۆری هەیە. لە لایەکی ترەوە هونەرو ئەدەبیاتیش رەوتی رەوتی گەشەی خۆی هەروەك زۆربەی سەرخانەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی دەپێوێ و هەربۆیە خاوەنی پلە وپایەی جۆراوجۆرن کە لەگەڵ گەشەی خەباتی چینایەتی پەیوەندیەکی چڕوپڕی هەیە. تەنانەت ناکاراترین بۆچوونە هونەری و ئەدەبیەکان، رەنگدانەوەی هەل ومەرجی بۆچوونی تایبەتی لە کۆمەڵگادان. لە دەیەی ١٣٢٠ کە کۆمەڵگا ئاڵوگۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە بینی و خەباتێکی سیاسی کارا، ئۆمێدی گۆڕانکاری بە خەڵك دەداو بزووتنەوەی کرێکاری و زەحمەتکێشان سەری هەڵدابوو،هونەرو ئەدەبیاتیش رەنگ و رواڵەتێکی تری بەێخۆیەوە گرتبوو. گەلێك شێعری وەك "شەکاوە" خەڵکیان بەرەو خەبات بۆ ئازادی و رزگاری هان دەدا. شێعرەکانیان بەزمانێکی پاراو، دەم بەدەم دەگەڕا و لەنێو زۆربەی رووناکبیران پەرەی گرت. کاریگەری ئەوان کەمتر لە هەڵسووڕانی سیاسی نەبوو، بەتایبەت کەلە ئێران هەمیشە شێعر پێگەیەکی تایبەتی هەبوە. شێعرەکانیان حەماسی، شۆرشگێرانە و وشیاری دەرانە بوو. زۆربەی خەڵکی نەخوێندوارو کەم سەوادیش شێعرەکانیان لەبەر کردبوو و لە قاوەخانەو کۆڕو کۆمەڵەکاندا دەخوێندرانەوە.

هێندێك جاران ئەو شێعرانە بۆ جەماوەری خەڵك زیاترلە وتارو سوخەنرانیەکان کاریگەری دادەناو لەو سەردەمە ئاڵۆزە سیاسیەدا کە زۆربەی خەڵکی ئێران نەخوێندەوارو کەم سەواد بوون، پەیوەندییەکی بەهێزتریان بەمجۆرە شێعرانەوە هەبوو.
هونەرو ئەدەبیاتی دواکەوتوانەی خورافی و سازشکارانە پاشەکشەی پێکرا بوو و هۆگری نەبوو. جەماوەری خەڵك ئاوات و ئارەزوەکانی خۆیان لە توێ، توێی شێعری شۆڕشگێرانەدا بەدی دەکرد. لەو ڕۆژگارەدا کە خەبات لە دژی فیئودالی و لەنێو بردنی ببوو بە عەلاقەی گشتی چینەکانی تر نیزیکایەتی و هاودەنگی یەکی زۆر لەم پەیوەندییەدا لەئارادا بوو، هونەرو ئەدەبیاتی ئەو سەردەمە زۆر دژوارو ئاڵۆز نەبوو، بەگشتی هێرشی دەکردە سەر ئیرتجاعی فیئودالی دەسەڵاتدار.
بەسەرکوت کردنی بزووتنەوە لەسەردەمی کودەتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ کۆمەڵگای ئێران پێی نابوە قۆناغێکی دیکەوە. کوشت وبڕی هێزە سیاسی و یەکیەتیە کرێکاریەکان و زاڵ بوونی بارودۆخی سەرکوت و خەفەقان، پاشەکشەیەکی زۆری بەخبات کردبوو. خەباتگێران پۆل،پۆل ڕەوانەی زیندان کران و ژمارەیەکیش ئیعدام کران. نوێنەرانی بورژوازی میللیش سەرکوت کران و بەرەی میللی لەبەریەك هەڵوەشایەوە. لە هەل ومەرجێکی ئەوتۆدا شاعیرانیش هێرشیان کرایەسەر.
لەدەیەی ١٣٣٠ بزووتنەوەی جەماوەری تووشی شکست دەبێ و هونەرو ئەدەبیاتیش دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم هەل ومەرجە. لەگەڵ چاکسازی ساڵی ١٣٤٢ هەل ومەرجی نسکۆی بزووتنەوە بۆ ماوەی دەیەیەکی تر درێژ دەبێتەوە و بەمجۆرە پاش دوو دەیە نسکۆ و خەفەقان لە کۆمەڵگادا و لەلایەکی دیکەوە گەشەو سەرهەڵدانی سەرمایەداری تازە پێگەیشتوو، مەیل و بۆچوونی نوێ لە هونەرو ئەدەبیاتی ئێراندا دەخولقێنێ. بۆچوونێك لە هونەرو ئەدەبیاتی ئێراندا نوێنگەی بێ هیوایی و فەزای سەرکوت و خەفەقان بوو"بۆ وێنە شێعرەکانی ئیخوانی سالیس". بێ هیوایی، دڵەراوکێ، پاشەکشە، بێ متمانەییەك کە لەنێو ئەدەبیاتێکی ئەوتۆدا دەخرۆشێ تەنیا ڕەنگدانەوەیەکی راستیەکانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگا بوون. بەڵام بێ هیوایی و بێ ئاسۆیی ئەم بەشە لە ڕووناکبیران تەنیا بەشێك لە ئەدەبیات و هەنەری ئەو سەردەمە بوو.بەشی باش و کاریگەری ئەو، ڕەنگدانەوەی واقعییەت و نارەزایەتی لە دژی هەل ومەرجی دەسەڵاتدار بوو. هەڵوێستی ڕەخنەگرانە لە نووسراوەکانی ئەم بەشە بەرانبەر بە هەل ومەرج و هۆکارەکانی، لایەنێکی بەرچاوو کاریگەر بوو کە بووبە هۆی ئەوەی ڕووناکبیران بارودۆخی ئەو کاتەیان پێ دەردەبڕی. ئەم لایەنە باش وکاریگەرە کاتێك ئاشکراتر دەبێ کە لەگەڵ بۆچوونێکی تر لەبواری ئەدەبیات دا بەراوردیان بکەین.
جەلال ئال ئەحمەد نوێنەری بۆچوونێکی تری ئەم سەردەمەبوو. ناوبراو کە یەکێك لە هەڵسووڕاوانی حیزبی تودە بوو، لەگەڵ شکستی بزووتنەوە و نەمانی ڕۆڵی حیزبی تودە وەك مەیلێکی بە هێزی کۆمەڵایەتی، لەلایەنی دژایەتی لەگەڵ ڕووناکبیرانی سیاسی بەرەو عیرفان و سوننەتەکان دەڕوات. ئەو کەسانەی کە هەڵگری بۆچوونی ڕۆژاوایی بوون بە هۆکاری شکستە کان دەزانێ کە لە ڕاستیەکانی کۆمەڵگا خۆیان دوور کەوتوونەوە. ناوبراو هەر ئەم نەریت و عیرفانە دواکەوتوانەی بە ڕاستیەکانی کۆمەڵگا دەزانی کە تەنیا بە شیوەی دواکەوتوانە کاریان دەکرد و لە ڕاستیدا نوێنەرایەتی بۆچوونێکی لە ئەدەبیاتدا دەکرد کە بە ڕەد کردنەوەی ئەو شتانەی کە لە نێو بزووتنەوە لە ئارادا بوون، لەسەر لایەنی باشیش پێداگری دەکات و سیاسەت دوور دەخاتەوە. لە ڕاستی دا سیاسەت بەگێژاوێك دەزانێ کە هەموو شتێك ژێرو ژوور دەکات و لە ئاکام دا بێجگە لە دوورکەوتنەوە لە سیاسەت و پەنابردن بۆ عیرفان ڕێگایەکی تر لە ئارادا نیە. بەم پێ یە ئەدەبیاتی جەلال ئالی ئەحمەد لەگەڵ ئەدەبیات وهونەری سادق هیدایەت و ئیخوانو سالیس جیاوازی هەیەو نوێنەری بۆچوونێکی سەرلێشێواویکە کە بۆ دواوە گەڕاوەتەوە. ئەو نوێنەری توێژە بەینابەینیەکانی سەرەوەیە کە گاڵتە بە هەموان دەکات هەتا پاکانە بۆ بارودۆخی خۆی بکات و خۆی بێبەری لەسەر جەم هەڵەو چەواشەکارییەکان بکات. لەو سەردەمەدا کە حیزبی تودە بەهۆی سازشکاری و ڕارایی لەتمەی گەورەی لە بزووتنەوە داو سەرەنجام بە کودەتای گەلاوێژی ١٣٣٢ ئیرتجاع سەقامگیر بوو، بەشێکی زۆر لە ڕووناکبیران بەرەو عیرفان و ئەو سوننەتانەی لە کۆمەڵگادا بوون ڕۆیشتن کە ئال ئەحمەدیش یەکێك لە سەردەمدارانی ئەم بۆچوونە بوو کە لەو سەردەمەدا حیزبی تودە بە بزووتنەوەی چەپ دەناسرا، کاریگەری خراپی لەسەر کۆمەڵگاو لەوانە بەشێکی زۆری ڕووناکبیران دانا. یەکێك لەم کاریگەریانە ئالی ئەحمەد بوو کە نەتەنیا لە بواری ئەدەبیات دا بەڵکو لە بواری هونەریشەوە کاریگەری داناو دەکرێ بەخاڵی دژبە ئەدەبیاتی سەمەد بێهرەنگی و عەلی ئەشرەفی دەروێشیان دابندرێ. هەرچەند ئەو سەردەمی ناکۆکی و بۆچوونە تازەکانی سەرمایەداریش بوو. لەبواری ئەدەبیات بێهرەنگیەکان و دەروێشیەکان سیمای

نوێ بوون کە باوەڕیان بە رئالیزم هەبوو، رئالیزمی ئەوان نەزۆك و پاسیو نەبوو، هێمای ژیانی خەڵکانێك بوو کە فەرامۆش کرا بوون و لەژێر چەنگاڵی سەرمایەداری دا دەتوانەوە. زمانی سادە وساکاری ئەوان بۆ دەربڕینی راستیەکانی کۆمەڵگا، بە خێرایی لایەنگری زۆری پەیدا دەکرد. لەنێو لاوان و رووناکبیران، کتێبەکانی بێهرەنگی و دەروێشیان" دەیەی ٥٠ " پێگەی بەرچاوی هەبوو. ئەوان نیشانیان دەدا کە ژیانی گوندنشینەکان و بنەماڵە کرێکاریەکان لەگەڵ دونیای بەرواڵەت پێشکەوتووی سەرمایەداری یەك ناگرێتەوە و ناکۆکیەکانیان نیشان دەدا و روونیان دەکردەوە. بە خوێندنەوەی داستانەکانی ئەوان، خوێنەر بیری دەکردەوە کە چبکات و هۆکاری ئەم هەموە جیاوازییە چیە. هەرچەند دەربڕینێکی ساکارو بەرتەسك بوو بەڵام بۆ ئەو سەردەمە کاریگەری زۆری دادەناو پرسیاری هەڵدەخراند.

هەرچەند هێندێك جار خەباتی تاکەکەسی لە نووسراوەکانی بێهرەنگی دا گەورە دەکرایەوە و"ئیرادە گەرایی" و قارەمان پەروەری جێگای واقعییەتی دەگرتەوە، بەڵام ئەم مەسەلەیە لایەنی زاڵ بەسەر نووسراوەکانی دا نەبوو. عەلی ئەشرەف راستیە شاراوەکانی ئاشکرا دەکرد و لە ئیرادە گەرایی و قارەمان پەروەری بێهرەنگی دوور کەوتەوە. لەهەر حاڵەتێکدا ئەم دوو نووسەرە لەو سەردەمەدا زیاتر لە رەوتە سیاسیەکان لەپێشەوە بوون و بۆچوونی شۆرشگێرانەیان لە ئەدەبیاتی ئیران دا شکڵ پێدا. ئێستاکەش زۆرکەس بە خوێندنەوەی داستانەکانیان لەگەڵ واقعیەتەکان ئاشنا دەبن و بیر لە رێگاچارە دەکەنەوە.

لەبواری شێعریش دا ئەحمەد شاملو جیاوازی زۆری لەگەڵ سەرجەم ئەم شاعیرانەی کەهەتا ئێستاکەش هەن، هەبوو. شێعری شۆرشگێرانەو ئامانجەکانی کاریگەری زۆری لەسەر رووناکبیران دانا. شێوازی شێعری ئەو لە بەستێنی سەروا تێپەڕی و زۆرتر پێناسەی سیاسی و رادیکاڵی هەبوو. شێعرەکانی ئەو پڕاوپڕلە رەخنەو نارەزایەتی بە دیکتاتوری و خەبات بۆ ئازادی، پشتیوانی لە خەباتگێران، و لەقاودانی سازشکاران بوو. لەنێو بەستێنی بهێرەنگی دەسەڵاتی پاشایەتی، بانگەوازێکی ئاشکرا بوو کە دەهاتە بەرگوێ و هێرشی دەکردە سەرتێکڕای سەرخانی سیستمێك کەلە ئارادا بوو. توانایی قەڵ وبەرینی ئەو وێرای ناوەرۆکی شۆرشگێرانە، زیاتر لەپێشوو شێعرەکانی هۆگریان پەیدا کردبوو و ناوو ناوبانگی نەتەنیا هەرلە ئێران بەڵکو لەجیهاندا دەنگی دایەوە. سەرەرای سانسۆری توندی چاپەمەنی شێعرەکانی لەنێو خوێندکاران و رووناکبیران دا دەست بەدەست دەگەرا و پانتایی کاریگەرییەکانی وەك شاعیرێك بەرینتر بۆوە و گەلێك هۆگری بۆ خۆی دۆزیەوە. لەراستی دا ئەو خاڵی بەرانبەری نائومیدیی وەك ئیخوانوسالیس وعیرفان و دواکەوتوویی ئالی ئەحمەد و ئومانیستەکانی وەك سوهراب سپێهری بوو. شێعرەکانی لەنێو زیندانیانی سیاسی و لەنێو شکەنجەگان دا زەمزەمە دەکرا و یان لەسەر دیواری سلولەکان دەنووسرایەوە. ئەو لە بواری ئەدەبیات و شێعردا بانگەشەی دونیایەکی باشتری بۆ خەڵکی زەحمەتکێش دەکرد ولە یەك یەکی شێعرەکانی دا ئەم راستیانە دەبیندرێ. بواری هەڵسوورانی هەربەو ئاستە نەبەسترا بۆوە، وەرگێرانی شێعرو رۆمانی شورشگێرانە لەلایەن ناوبراوەوە، کاریگەری شورشگێرانەی لەسەر کۆمەڵگا دانا. لەسەردەمی شۆرش و دواتریش دا لە نێو زۆربەی ماڵی کەسایەتیە سیاسیەکان شێعرێك، نووسراوەیەك و وەرگێڕادراوێکی شاملوو دەبیندران. لەراستی دا بەرەی شورشگێر کە لە هونەرو ئەدەبیاتی ئێراندا لەدەیەی ٤٠ و ٥٠ لە لایەن بێهرەنگی، شاملو و عەلی ئەشرەفەوە لە ئارادا بوو بەهیچ جۆر لە گۆرەپانی سیاسی ئێران نەبوە. لەو سەردەمەدا کە رووناکبیران نوقمی خەباتی چریکی ببوون، خەباتی شۆرشگێرانە لە بواری هونەرو ئەدەبیاتی ئێراندا لەلایەن بێهرەنگی، شاملو و عەلی ئەشرەفەوە بەرەوپێش دەچوو. خەباتی سیاسی ئێران تەنیا لە کاناڵی نیزامی و ئاوانتوریستیەوە لە ئارادا بوو و خەڵك پێی نامۆ بوون، لەکاتێکدا کە داستانەکانی سەمەدبێهرەنگی بۆ هەرلاوێك هەست یان پێدەکرا. شێعرەکانی شاملو کاریگەری لەسەر رووناکبیرانی رادیکاڵ هەبوو. نەسڵی نوێی هەڵسووراوانی سیاسی لەژێر کاریگەری خەباتی چریکی و تەقینەوە و



تێرۆر دا نەبوو کە بەرەو گۆڕەپانی خەبات و سیاسەت ڕۆیشتن بەڵکو لەژێر کاریگەری نووسراوەکانی سەمەد و شاملو و عەلی ئەشرەفدا بوون. لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ ئاستەم بوونەوەی کۆمەڵگای سەرمایەداری و جیهانی بوونی ئەو، هەر رۆژە هونەرو ئەدەبیات رۆڵی زیاتری لە ژیانی ئینسانەکاندا دەگێراو بەگەشەی خەباتی چینایەتی رکەبەر، هونەریش پەرەی زۆرتری داوە بە ناکۆکیەکان و رەنگدانەوەی خەباتی چینایەتی بوو. لەگەڵ گەشەی خەباتی چینایەتی لە ئێران و شۆرشی ٥٧، رۆڵی هونەرو ئەدەبیاتی ئەم بەشە لە شێعرو نووسەرانیش بەرچاوتر بۆوە. کتێبەکانی بێهرەنگی و شاملو و دەروێشیان چەندین جار چاپ کرانەوە و خوێنەری زۆرتری پەیدا کرد و بەپێچەوانە ئەدەبیات و هونەری نەزۆك و پاسیوی دواکەوتوو کەوتە پەراوێزەوە.
لەنێو بۆچوون و مەیلە جیاوازو ناکۆکەکانی سێ دەیەی ٣٠ و٤٠ و٥٠ هەتا شۆرشی ١٣٥٧، شاعیرو نووسەرانێك بوون کە ئاوێتەیەك لە رادیکالیزم بوون. نیمایوشیج، فروغ و مەحموود دەوڵەت ئابادی لەم کەسانە بوون. وێرای ئەوەی کە واقعیەت و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بەشێکی حاشا هەڵنەگری نووسراوە و شێعرەکانی ئەوان بوو، بەڵام بۆچوونی ئەوان ئاوێتەی ئومانیزم بوو و هەرئەو مەسەلەیە هۆکاری هەل ومەرجی بەینابەینی کۆمەڵگا بوون. لەلایەکەوە فیلمێکی وەك "دەواری رەشە " لەلایەن فروغەوە دروستکرا کە باس لە واقعیەتی تاڵ ودژواری کۆمەڵگا دەکات. رۆمانێکی وەك "جێگەی بەتاڵی سلوچ" لەلایەن دەوڵەت ئابادیەوە دەنووسرێ کە باس لە زوڵم وستەمی ئاغاو دەرەبەگ دەکات و شێعرەکانی نیما رەخنە لە بارودۆخی نالەباری کۆمەڵایەتی دەگرێ. سەرجەمی ئەوانە بەشی رادیکاڵ و واقعیەتی ئەوانە کە کاریگەری باشی لەسەر کۆمەڵگادانا، بەڵام ئەوە تەواوی ئەوشتانەنیە کەلە نووسراوەکانیان دا هەیە. دەوڵەت ئابادی خۆی و بەرهەمەکانی بەگژ موناسبات و پەیوەندی سەرمایەداری و دژایەتی لەگەڵ ئەودا ناچێتەوە و خۆ پارێزی بەردەوام بەشێکی جیانەکراوەی ناوبراوە.
فروغ لەڕادەبەدەر عەلاقەی بە ئینسانیەت و هەست و نەست بوو، لەبەرانبەر ئەو واقعیەتانەی کە لە خەباتی چینایەتیدا هەبوو، نائومێدی و ناکامی لە شێعرەکانی نیمادا بەرچاو دەکەوێ. سەرجەمی ئەوانە ئاوێتە بوونێکە کە ئەوان دەخاتە هەل و مەرجێکی بەینابەینیەوە. ئاشکرایە کەلەنێو ئەم بەشەش دا جیاوازی بەرچاو هەبووە. بەپێی ئەوەی کە هەرکامەیان هەتا چ رادەیەك لەژێر کاریگەری دەوربەری ناکۆکی هونەرو ئەدەبیاتی کۆمەڵگا بوون، هەل و مەرج و هەڵس و کەوتی جیاواز لەهەر پەیوەندییەك دا هەبووە. بۆ وێنە فروغی فەرووخزاد پاش شێعری "لەدایك بوونێکی تر"ەوە ئاشکرایە کە شاملوو کاریگەری لێوەرگرتووە و لەسەر



لێشێواوی و ناکامی دوور دەکەوێتەوە، بەڵام دیسانیش ناکرێ بە تەواوی بڵێین شاعیرێکی شۆڕشگێڕە، چونکە ئومانیزم یەکێك لەبنەما سەرەکیەکانی شێعرەکانیەتی و لایەنی چینایەتی کەمتر لە شێعرەکانی دا دەردەکەوێ. بۆچوونی نێوەبەنێوەی هونەر و ئەدەبیات بەردەوام یەکێك لە بۆچوونە بەهێزەکانی کۆمەڵگا بووە، چونکە زۆربەی رووناکبیران و توێژە ماوە بەماوەکان لەگەڵ هونەر و ئەدەبیات پەیوەندی دەگرن و سەرەنجام لەم بۆچوونە نیزیکترن.

قسە سەبارەت بە هونەر و ئەدەبیات و رۆڵ و کاریگەریەکەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەرینتر لەوەیە کە بتوانین لێرەدا و لەبەشێکی ئەم کتێبەدا باسی بکەین. بۆیە لەم کتێبەدا ئاماژەیەکی گشتیمان بە بۆچوونی چینایەتی هونەر و ئەدەبیات کرد هەتا روون بێتەوە کە رۆڵ و کاریگەری هەرکامیان چبووە و لەبنەڕەتدا ناکرێ رۆڵی چینایەتی بۆ هونەر و ئەدەبیات لە کۆمەڵگایەکدا کە بە خێرایی ناکۆکیە چینایەتیکانی زیاتر دەبێ، لەبەر چاو نەگرین. ئایا بەراست دەتوانین رۆڵی شاعیران و نووسەرانێك کە ئاماژەمان پێکردن و داواکاریەکانیان کە هەیانبوە لەراستای بۆچوونە تایبەتیەکانی کۆمەڵگا حاشا لێ بکەین و هونەر و ئەدەبیات لە کێشمەکێشە چینایەتیەکان جیا بکەینەوە؟ ئارنۆڵد هاوزەر لەم پەیوەندییەدا دەڵێ:

"یاساکانی تێگەیشتنی هونەری، جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ گەمە کۆمەڵایەتیەکان نیە. ئەم رێوشوێنانە هەرچەند ناسکیش بن و بەهەر رادەیەك شارەزایانە داڕێژرابن ئەگەر بەجیا لە ئامانجی رۆڵیان لێك بدرێنەوە خۆی لەخۆی دا گرینگیەکی ئەوتۆیان نیە. مانۆڕی کایەی فوتباڵ ئەگەر تەنیا وەك جم و جوڵێکی ئاسایی و ئاشکرا لەبەر چاو بگرین کردەوەیەکی بێ ناوەرۆك و بێ مانان. تاکە کەسێك هەتا ماوەیەك دەتوانێ چێژ لە چالاکی و کردەوەیان وەربگرێ، بەڵام ئەم تایبەتمەنیانە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی بینەرێکی شارەزا دەیبینێ و لەئامانجی سەرجەم ئەو راکردن، بێنەوبەرە و پاڵنەرەکان سەردەردێنێ، چەندە بێ ناوەرۆکە ئەگەر ئەو ئامانجانەی کە هونەرمەند لەکاتی خولقاندنی بەرهەمەکانی بەشوێنیاندا دەگەڕێ، ئامانجی وەك وشیار کردنەوە، رازی کردن و کاریگەری دانان لەسەر خەڵك نەناسین لەم حاڵەتەدا لەهەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە هونەری ئەو، لەو بینەرە ناشارەزایە کە تەنیا رواڵەتی فوتباڵ دەبینێ، شتێکیتر بەدی ناکرێ. کاری هونەری جۆرێك لەپەیوەندییە. هەر چەند ئەوە بەتەواوی راستە کە گواستنەوەی سەرکەوتوانەی ئەمکارە پێویستی بوونی شکڵی رواڵەتی و لەهەمان کاتدا کاریگەر، جێکەوتوو و بێ کەم و کوڕییە، ئەوەش راستە کە ئەم شێوازە جیا لەپەیامێك کە دەیدات شتێکی بێ مانایە."(فەلسەفەی مێژووی هونەر) بەمجۆرە لەکۆمەڵگایەکدا کە تا چینایەتیەکانی رۆژ بە رۆژ چڕتر دەبنەوە تەنانەت ناکاراترین و ئینسانی ترین شێعر و داستانەکان کە بەرواڵەت پەیوەندی بە هیچ بۆچوون و چینێکی ترەوە نیە، خۆی بەمەبەست و بێ مەبەست یەکێك لە بۆچوونە چینایەتیەکان هەڵدەبژێرێ. باسەکەمان لەم پەیوەندی یەدا بەقسەیەکی هاوزەر تەواو دەکەین:

" مرۆڤ گیانلەبەرێکی تەواو پڕلە ناکۆکیە. نەتەنیا ژیان دەکات بەڵکوو ئاگاداری بوونی خۆیەتی، نەتەنیا ئاگای لەوجوودی خۆی هەیە بەڵکو دەیهەوێ بیگۆڕێ. مێژووی ململانێی دیالکتیکی نێوان ئیدئولوژی و گەیشتن بە حەقیقەت، لەنێوان ویستن و زانین، هۆگری بە ئاڵ و گۆڕکردنی دیاردەکان و تێگەیشتن لەحاڵەتی رووت و قوتی دیاردەکانە. ئێمە لەبارودۆخێکدا کە هەل و مەرجی ماددی ژیان و ئامانجەکانمان بۆیان دیاریکردووین هەتا هەتایە ئەم بەرەوئەوبەر دەکەین. هەر جۆرە تێپەڕبوونێك لەکۆتایی هاتنی ئەم حەرەکەتە چ لەروانگەی هێگڵ و چ لەروانگەی مارکسەوە خەیاڵپەردازییەکی ئاشکرایە، لەروانگەی بیرۆکەیەکی مەنتقیەوە سنووری مێژوو لەگەڵ ئاستەنگەکانی ئینسان گونجاوە."(فەلسەفەی مێژووی هونەر).

***

# قالەمەڕە سۆزێک لە ڕەنگی خەڵک

ناسر حەقپەرەست

بەداخەوە، هوونەرمەندی بە هەست و خۆشەویستی خەڵکی کوردستان، شمشاڵژەنی بە سۆز و بێ وێنە(قادر عەبدوڵازادە) ناسراو بە قالەمەڕە شەوی ١ مانگی جۆزەردانی ١٣٨٨ هەتاوی لە ماڵەکەی خۆی هەڵکەوتوو لە شەقامی هێمنی شاری بۆکان لە پاش نەخۆشییەکی درێژخایەن لە تەمەنی ٨٤ ساڵی دا چاوەکانی بۆ هەمیشە لێکنا و زایەڵەی پر بیرەوەری شمشاڵەکەی بە یادگاری لە پاش خۆی بە جێ هێشت.

لە سەر داوای پێشوتری خۆی، تەرمەکەی لە تەنیشت گڵکۆی هونەرمەند(حەسەن زیرەك)بە خاك سپێردرا. جەماوەرێکی بەرین لە دۆستان، ئاشنایان، خەڵکی بۆکان و شارەکانی تری کوردستان لە ناو ئاپۆرەی خەم و پەژارەدا بەشداریی مەراسمی بە خاکسپاری قالەمەڕە بوون. قالەمەڕە لە ساڵی ١٣٠٤ هەتاویی بەرامبەر بە ١٩٢٥ زایینی لە ئاوایی کولیجەی سەر بە شاری بۆکان چاوی بە ژین پشکووت. باوکی خۆی نەدیت و لە تەمەنی ٦ساڵیشدا شاهیدی مەرگی دایکی بوو. لە ١١ ساڵییەوە دەستی بە ژەنینی شمشاڵ کرد کە هەڵبەت ئەم ئامێرە مۆسیقاییە لە ناو بنە ماڵەکەیاندا باوبوو.

مامە قالە بە هۆی بارودۆخی خراپی ئابوری بنەماڵەکەی هەر لە تەمەنێکی گەلێك کەمەوە چووە ناو ژیانی هەژارانە و زەحمەت و کۆێرەوەری ڕۆژگاری ئەستەمی سەردەمی خۆی. مامە قالە پر بە پەنجە خۆشنەغمەکانی سەردی و گەرمی ڕۆژگاری چەشت و هەستی بە دڕکەجار و شەختە و بەستەڵەك کرد. مامەقالە ئاڵەکۆکی ژینبەدەم بوو لە کەنار ڕندووی زەمانەدا. ئازار و مەینەتییەکانی ژیان هیچ کات کۆڵی پێنەدا و نەیتوانی هەست و هەڵوێستی سەرەکەشی مامە قالە دەستەمۆ بکات. ئازارەکانی ژیانی خۆی بە نووکی پەنجەکانی هۆنیەوە و کردنیە ملوانکەیەك لە ڕەنگی نۆتە و لە گەرووی شمشاڵە دلگرەکەی دا خستنیە بزووتنێکی ئەبەدی و ئاوێزانی گەردنی ئەستێرەکانی کردن. قالە مەڕە بە درێژایی ژیانی پر بەهرەی خۆی هیچ کات لە هەوڵی باڵانشینی و خۆ بە دوور گرتن لە




ڕەوتی ژیانی حەقیقی خۆی نەبوو. هیچ کات سوناتای شمشاڵەکەی بە گەرووی ترێبونە تاریکەکاندا نەکرد و ئاراستەی ژەنینی نەگۆرا. مەلێکی خۆشخوێنی شەیدای سەحەر بوو. هوونەرەکەی ڕووەو ئاسۆ دەیژەنی و ڕووەو ئاسۆ دەژیا. لە خەڵك و بۆ خەڵك بوو. هونەرەکەی لە کاڵا بوون بۆ پشت مێز و مۆبلە رازاوە و تەشریفاتیەکان پاراست و تا توانی دووری کردەوە. تینی لەشی خۆی کردە سۆزی شمشاڵەکەی و بردیە ناو کوچە و کۆڵان و شەقامە ساردەکانی شارە دڵتەنگەکانی کودستان. ئەو هەمیشە بۆ جەماوەری سادە و ساکاری دەورو پشتی خۆی، ژەنی و ژیا هەر بۆیە ئەگەریش بژیوییەکی پێویست بوو، هەر چاوی لە هاریکاری هاوجۆرەکانی خۆی بوو.

هەر کاتێك لە خیابانی کۆن، قەپان و پارکی ساحل .... مرۆڤ سۆزی دەنگی شمشالەکەی مامە قالەی دەبیست، زەحمەت بوو بتوانێ خۆی لەو هوونەرە گەورە و لە هەمانکاتدا سادە و بێ ئالآیشە ببوێرێ و بە هاسانی گوزەر بکات. لە هەر گۆشەیەك کە لێوی پر لە راز و ئەنگوستی پر لە نۆتە و شمشاڵە زێڕینەکەی مامە قالە دەهاتە دەنگ و بزووتن، نیگاکان لە پیادەرە و شەقامەکان دەوەستا و دەئاڵایە دەوری دەراوی روون و بلوورینی سۆناتایەکی بەسۆز و وچانیان دەگرت. پێویستە تەئکید لە سەر ئەوە بکرێتەوە کە قالەمەڕە وەك تاکێکی نارازی دژ بە زوڵم و چەوساندنەوە و داگیر کاری، هەمیشە خۆی بە هاوریزی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان زانی و نەغمەی شمشاڵەکەی هەمیشە گوزارشت بوو لە ناخی پر لە داخ و ئارەزووی ئەو هونەرمەندە گەورەیە. ئەگەر چی ڕەنگە ئیستا ئیتر نەتوانین مامە قالە لە ناو کۆڵان و شەقامی شارەکەی دا بەدی بکەین، بەڵام زایەڵەی دەنگی بلاوێن و دڵگری شمشاڵەکەی لە دڵی خەڵکی کوردستان دا وەها لەنگەرێکی گرتووە کە هیچ کات ڕێز و خۆشەویستی ئەو ئازیزە فەرامۆش ناکرێ.

***

# کێلیدەر



ن: مریەم زەندی
وەرگێڕ: دڵنیا
۲-۱

"کێلیدەر" رۆمانی مەحموود دەوڵەت ئابادی، چاپی یەکەم_ چاپەمەنی تیرەنگ، تاران۱۳۵۸

کێلیدەر گەورەترین رۆمانی ئێرانیە کە دەکرا بەم قەبارەیەش نەبێ و وەك گەورەترین بەرهەمی هونەری لە پانتایی ئەدەبیاتی سەردەمی ئێراندا بژمێردرێ. کێلیدەر لە ۱۰ بەرگدا شیکاری دەورەیەکی دوو ساڵەی"۱۳۲۷_۱۳۲۵ " بارودۆخی سیاسی _ کۆمەڵایەتی ئێران و ژیان و سەربردەی خەڵکی پێدەشتی کێلیدەر و ئاواییەکانی دەوروبەرییەتی. نووسەر بەسەرهاتێکی راستەقینەی نووسیوەتەوە و رۆمانێکی ۳ هەزار لاپەڕەیی خوڵقاندوە.

لەم وتارەدا هەوڵم داوە هەتا رۆمانی کێلیدەر لە بواری چۆنیەتی رۆڵی کەسایەتیەکان، پێکهاتەی رۆمان و شێوازو زمانەکەی لێك بدەمەوە.

## کەسایەتیەکانی رۆمانەکە

پیاوانی بنەماڵەی خێڵی کلمیشی، ناکام لە دروونەوەی بێ بەرهەمی زەوی، لەگەڵ وشکە ساڵی و هەژاری رووبەروون. ئاژەڵەکانیان بەشی سەرەکی بژیویان، تووشی نەخۆشی و مەرگ و میر بووە کە چارەسەری نیە. شەڕی چارگوشلی و کوژرانی دوو ئەمنیە و هەڵاتنی پیاوانی کلمیشی لە گرتووخانە، بەناچار ئەوانی بەرەو ریگایەك پەلکێش کردوە کە گەڕانەوەی بۆنیە. ژنانی کلمیشی نوقمی خەیاڵات، بەدەستی لێهاتوویان بەڵام ناکام و دڵەکوتە و بێدەنگ، نیگەرانی چارەنووسی پیاوەکان، بۆئاسۆی لێڵی چارەنووسیان دەڕوانن. تۆڵە وەرگرتنەوەی گوڵ محەممەدەکان لە عەلی ئەکبەری حاجی پەسەند، بەزۆر ئەستاندنی چەك لە نەجەف ئاغاو تەنبێ وئازاردانی و بەخشینی، لە نێودڵی خەڵکی رەعیەت دا، هیوا و ترسی ئاوێتەی یەکتر کردوە. رۆژ رەشی و دەست کورتی، بە شێك لە گوند نشینەکانی دەستە و داوێنی ئاغاکان کردوە. دەرکەوتنی نەهامەتی عەبباس جان، سیخوڕی ئالا جاقیەکان، بوونی کەسێکی دڵپاکی وەك قەدیر، خوانی پرپیتی ئاغاکان و نامۆیی و پەژارە و شکستی دلاوەر، بۆ تاقمی گێرە شێوێنی رەزیلانی وەك شملی یاخوت و هاورێکانی، رێگا خۆشکەر دەبێ. پێناسەی ئەم تاقمە مانەوەیانە بەهەر شێوازو نرخێك بێ. ئاستی نزمی فەرهەنگی و هەژاری ئابوری و هۆکارە تایبەتەکانی دەروونی، پێوانە ئەفلاقیەکانی ئەم تاقمە سەرشۆڕە بایەخیان نیە. بەڵام لەم رەوتە بە رواڵەت هەمیشەیی و ناچاریەدا، کەسانی وەك ستار و هاورێکانی تێدەکۆشن هەتا بەژێرو ژوورکردنی ئەم بایەخانە، ئاڵ و گۆڕێك لە شێوازی پەیوەندییە کۆمەڵا یەتیەکاندا بخوڵقێنن. بەڵام هێندێك جار کە ستار دەبێتە زمانی مێژوو، بێ ئەوەی کە رێگا چارەسەرێکی تایبەتی هەبێ، لەشوێن گوڵ محەممەدێك هەنگاو هەڵدەگرێ کەخۆی، بێ ئاکام لە هەوڵدایە. سەرجەم ناکۆکیەکانی ژیان بە تێکڕای خولیاکانی لە تاکێکدا، واتە نادعەلی دا رەنگ دەداتەوە. کوڕە ئاغایەك کە ئەزموونێکی تاڵ و ماتەمباری سەردەمی لاوێتی لێی بە فیرۆ داوە. نادعەلی بە بیروزەینی وشیار بەڵام سەرشێتانە، شاهیدی تالانی مان و بوونی خۆی و خەڵکی دیکەیە. بێ هیوا لە هەمووکەس و لەهەر شتێك، جەستە و دەروونی نەخۆشی بۆ هەر لایەك پەلە قاژەیتی. نادعەلی ویژدانی بە ئاگای کەسانێکە کە هێندێك سات و کاتی ئەگەر کەمیش بن لە خولیای ژیانێکی تێروتەسەل دا نوقم بوون. ئەو رەهەندی مردوەکان و زیندووەکانە. بە پێچەوانەی خان عەموو کە هەتا سەرە مەرگ بە شوێن ژیانەوەیە، نادعەلی خۆی مردنە. لەکێلیدەردا دەیان کەسایەتی بەرچاو دەکەوێ. بەڵام بێ پێچ وپەنا "گوڵ محەممەد" کەسایەتی سەرەکی رۆمانەکەیە. هەرچەند لە زۆر شوێن و تەنانەت لە چەند بەرگدا بە تەواوی لە ناوەندی بەسەرهاتەکان دەکەوێتە پەراوێزەوە، بەڵام لە ئاکام دا هۆکاری بوون و بەشداری کەسایەتیەکانی دیکەی رۆمانەکە لە پەیوەند لەگەڵ گوڵ محەممەد و سەر بردەی ئەودایە کە دروست دەبن و خۆ دەردە خەن.

رەنگە بکرێ بە لێکدانەوەیەك، کەسایەتی سەرەکی و پاڵەوانی کێلیدەر بەخۆ ڕاگری لە ئاست زوڵم و بە

چەمكێكی بەرینتر واتە ململانێ لێك بدرێتەوە. بەڵام لەم رووەوە كە تەنانەت بڕیارەكانی ئەم ململانێیەش بەردەوام لەلایەن گوڵ محەممەدەوە دەردەچێ، سەرەنجام كەسایەتی سەرەكی رۆمانەكە هەر گوڵ محەممەدە. لەپەیوەند لەگەڵ رووداوێك كە بەسەری دا تێپەر دەبێ و یان دێتەپێشی، نووسەر توانیویەتی گەلێك رووداوی لاوەكی و تەنانەت ئەو كەسایەتیانەی كە زۆر پێویست نین، لە رۆمانەكەدا بگونجێنێ و قەبارەی كێلیدەری گەورە بكاتەوە.
لەپاش ناوی گوڵ محەممەد، دەكرێ ناوی بلقیس، خان عەموو، ستار، نادعەلی، بۆندار، ئالاجاقی، قەدیر، شەیدا و عەبباس جان وەك كەسایەتی سەرەكی رۆمانەكە ناولێ ببرێن، بێ ئەوەی كە بەشداری بەرچاوی كەسایەتیەكانی وەك مارال، زیوەر، شیرۆ، بیك محەممەد، خان محەممەد، قوربان بلوچ، كلمیشی، بلخی، ماەدرۆیش، نەجەف سەنگەردی، سەردان جەهەن، شەمل یاخوت و دلاوەر لەبیر بكرێن. كەسایەتیەكانی دیكەی رۆمانەكە هەرچەند رۆڵی باشیان گێڕاوە، بەڵام كەسانی لاوەكی و رەشۆكی رۆمانەكە پێكدێنن.

## پێكهاتەی رۆمانەكە

پێكهاتەیان ئەو شێوازە گشتی یەی كە لە ئاوێتە كردنی رووداوەكان، بەسەرهاتەكان، رۆڵی كەسایەتیەكان و وردە كارییەكانیەوە دەبیندرێ، لە رۆمانی كێلیدەردا بە پێی زنجیرەیی و هاو ئاهەنگی رووداو پێشهاتەكان شكڵ دەگرێ. تكنیكێكی تایبەتی لە گۆڕێ دانیە. هێندێك جاران رێك و پێكی ئەم زنجیرەییە بە هۆی وردە بیرەوەری، یان گەرانەوە بۆ دوور و نیزیكی مێژوو تێكدەچێ كە لە پێكهاتەی گشتی رۆمانەكەدا جێدەكەوێ. پێكهاتەی ساكار و بێ پێچ وپەنای كێلیدەر لە دەربڕینی بە سەرهات، رواڵەتی شانۆ بەخۆیەوە دەگرێ. دەركەوتنی نادعەلی لە پەنا كۆڵەكە گەچیەكانی "حەوت دادگەر" لە كۆتایی رۆمانەكەو لە نیزیك گوڵ محەممەدەكان و دەركەوتنی ستار لە پەرستگە لە پاش دابڕان لە حیزب و قەبووڵ كردنی عیرفان، لایەنێكی شانۆیی و ئولگوییی هەیە.
"ختشەی ژمارەی ١و٢ كەسایەتیەكانی رۆمانی كێلیدەر، پەیوەندی ئەوان و شوێنی ژیانی كەسایەتیەكان نیشان دەدات." لە ختشەی ژمارە یەكدا كەسایەتی جۆراوجۆر دەبینین كە رۆڵی وەك یەكیان هەیە و پەیوەندییەكانیان و رۆڵیان لە ناخی رۆمانەكە كۆمەڵێكی جێكەوتوو و دروست پێكدێنن. لەم پێوانەدا گوڵ محەممەد كەسایەتی سەرەكی نیە.
لەختشەی ژمارە ٢ دا لەگەڵ كەسایەتی تر ئاشنا دەبین كە دەركەوتنیان و بەسەرهاتیان لە پەیوەند لەگەڵ گوڵ محەممەددا مانا دەبەخشێ. لە راستیدا ختشەی ژمارە٢ پێكهاتەی سەرەكی رۆمانەكە دەردەخات و ختشەی ژمارە١ وەك گەڵاڵەیەكی بە نرخ دەیڕازێنێتەوە. ئاوێتەكردنی ژیان و پەیوەندی كەسایەتیەكان لە رۆمانی كێلیدەر جاروبار كەم و كوڕییەك دەخوڵقێنێ كە لەتمە لە پێكهاتەی گشتی رۆمانەكە دەدات. بەتایبەت ئەوەی كە نووسەر نەیتوانیوە لە رۆمانێكی زەبەلاحی ئەوتۆدا، لە سەرجەم بەرگەكاندا، شوێن پێی سەرجەم كەسایەتیەكان بگرێ و هەتا هێندێك جار ژمارەیەك لە كەسایەتیە سەرەكی یەكان، بۆ ماوەیەكی دوورو درێژ لە بیر دەكرێن و ئەوە لە كاتێكدایە كە هەر بەرگێك لە رۆمانەكە جۆرێك دانەرێژراوە كە ئەم فرامۆشكاریانە نەبێتە هۆی گیروگرفتێك لە پێكهاتەی رۆمانەكە.
بەگشتی ئەو هۆكارانەی كە یەكگرتوویی پێكهاتەی رۆمانەكە خەوشدار دەكەن بریتین لە:
١ــ چۆنیەتی رۆڵی كەسایەتیەكان.
٢ــ بوونی بەشێك لە هەڵەی ئاشكرا كە لە بنەڕەتدا دەبوایە ئاڵقەو پێكەوە لكانی رۆمانەكە بن.
٣ــ هێنانە گۆڕو كۆكردنەوەی كەسایەتیەكان و ئەو رووداوانەی كە لە رێبازی سەرەكی رۆمانەكەدا هیچ رۆڵێكیان نیە و پێوەلكاندنی ئەوان بە رۆمانەكەوە، بێ كەڵك و بێ ناوەرۆك دەمێننەوە.
٤ــ دەركەوتن و نەمانی كوت و پڕی بەشێك لە كەسایەتیەكان.
٥ــ شیكاری ناپێویست و خێرای كەسایەتیەكان یان ئەو رووداوانەی كە روون و ئاشكران.
٦ــ خوڵقاندنی هێندێك دیمەن كە تەنیا وەك پڕكەرەوەی رەهەندەكانی رۆمانەكە كەڵكیان لێ وەرگیراوە و خۆیان هۆكارێكیان بۆ بوونیەتیان نیە.
بەئاماژەكردن بەچەند نموونەیەك لە دەیان نموونەی لەم چەشنە، بە شیكارێكی زۆرترەوە ئەم خاڵانە روون دەكەینەوە.
١ ــ چونیەتی رۆڵی كەسایەتیەكان
لە كێلیدەردا دەروونناسی كەسایەتیەكان گەورە كراوەتەوە و دەوڵەت ئابادی رەنگە یەكێك لە سەركەوتووترین نووسەرانی سەردەمی ئێرانە كە باس لە بیروزەین و كردەوەی كەسایەتیەكانی بەرهەمەكەی دەكات. نووسەر لە روانگەی دیدو بۆچوونی تێگەیشتنی گشتی بەرانبەر بەوەی كە لە ناخی كەسایەتیەكاندایە، بە تەواوی لێی ئاگادارەو بەسەریاندا زاڵەو بە لێهاتوویەكی بێ وێنە دەبێتە زمانی بێ زمانی كەسایەتیەكانی رۆمانەكە كە هەست و ئەندێشەیەكی

هەرچەند ناروون و خێرا تێپەر بوو، بەسەر بیروزەینی ئاڵۆزکاو و پەروەردە نەکراویاندا قورسایی دەکات. هەرچەند پیاهەڵدانی لە رادەبەدەری بیروزەینی کەسایەتیەکان، یان دەربڕینی هەستی ناخیان لەم رۆمانەدا بە ئانقەست کراوە و بەجۆرێك شێوازەکەی دیاری دەکات، بەڵام جاروبارە کەڵەکەکردنی ئەوان تێکرای بەرهەمەکەی لە راستی و دروستی کە هەوێنی سەرەکی دەوڵەت ئابادیە دوور کردۆتەوە و دەبێتە هۆی راوەستانی جم وجۆڵی بنەڕەتی رۆمانەکە.
سەرلێشێواوی گوڵ محەممەد، کەمتەرخەمی خان عەمور، خۆشەویستی، پەژارە، سەبرو توندوتیژی بلقیس، سەرشێتی و ئاڵۆزکاوی نادعەلی، ئاوا بوونی بەرەبەرەی "ماه" دەروێش، سەرشۆڕی شیرۆ، کەم ئەزموونی بیك محەممەد، ئەوینی ماراڵ، تەماعکاری زیوەر، هەرزەیی شەیدا، رەزیلی ئەسلان، گێرە شێوێنی عەبباس جان، بێ چارە سەرمانەوەی قەدیر، مەزنخوازی بۆندار، دووڕوویی ئالاجاقی، هۆگریی فەربەخش و دەیان خاڵیتر بەجۆرێك روون و ئاشکرا لە توێ، توێی رووداو و وتارەکاندا بۆ خوێنەر دەگوازرێتەوە کە هیچ پێویستی بە شیکاری و دووبارە کردنەوە و لێکدانەوە نیە، بێجگە لەوەی کە پانتایی زۆر وێژییەکان تەنیا ئاستی بیرو خەیاڵی خوێنەر بەرتەسك دەکاتەوە و نەتەنیا یارمەتیدان بە ناسینی زۆرتری کەسایەتیەکان نیە کە بەداخەوە هەنگاوێك لە پێناو نەزۆکی بایەخە ئیجابیەکانی رۆمانی کێلیدەرە. هێنانی بە زیادەوە و ئاستەنگەکانی لە خوڵقاندنی کەسایەتیەکان، بوونەوەرانێکی یەك لایەنی لێ دروست کردون.
گرینگ ئەوە نیە کە لاوێکی گوندنشینی بەزۆر راپێچکراوی وەك نادعەلی هەروەك "دکارت" بوونیەتی خۆی لە نێو گومان دا بسەلمێنێ، یان شەیدای هەرزەی سەرەڕۆ، کوت و پڕ لەخەوی غەفڵەت راچڵەکێ و رەخنە لە دڵی هەرزەی خۆی بگرێ، یان عەبباس جان لە نێو خوماری هەمیشەیی دا تاو بداتە سەرخۆی و بوونی نەگبەت لێدراوی بخاتە ژێر پرسیارەوە، گرینگ ئەوەیە کە دەربڕینی سەرجەم هەست و نەستەکان، هۆنینەوەی فەلسەفە و گەمە دەروونیە بێ جێگەکانە کە تێکدەری بزووتنی سروشتی بەسەرهات و رۆڵی بەرچاوی کەسایەتیەکانە.
بێگومان گوشارهێنان بۆ رازی کردنی هەرچی زیاتری خوێنەر سەبارەت بە وەرگرتنی کەسایەتیەکان و لێکدانەوەی نادروستی زاتیان و سۆزو هەستی ئەوان ئاکامی پێچەوانەی دەبێ و کەسایەتی، یان رووداوێك کە هەرلە سەرەتای کتێبەکەدا ناسراوە، لەژێر ئەم گشتە هێڵەدا، دەشێوێ و لێڵ و تاریك دەبێ، هەتا سەرەنجام ململانێ لەگەڵ ناخ و نەستیان دەبێتە مەتەڵێك کە وەڵامەکەی دژوارە بدرێتەوە،

گوڵ محەممەد بیردەکاتەوە:"دلاوەر دوژمنی منە یان من دۆستی ئەوم ؟ دلاوەر هاورێمە یان دوژمن؟ کامیان دروستە؟ ئەو لە من بێزارەو دەری دەبڕێ، و من بێ ئەوەی کە باسی بکەم لێی بێزارنیم؟ ل ٩٢٣ " رەنگە بوترێ کە هەڵبژاردنی دەوڵەت ئابادی لە باسکردنی کەسایەتیەکان و رووداو و وت و وێژەکان، هەڵبژاردنێکی بەرێکەوت و نابەجێ نەبوەو زۆر وێژی بنەمای کاری رۆمانی کێلیدەرە. ئەگەر ئەم هۆکارەمان قەبووڵ بێ لەم حاڵەتەدا بۆ خوێنەر رەوایە کە لانیکەم ئەم مەرجە بۆ هەموو کەسایەتی و رەوتی سەرەکی رۆمانەکە وەك یەك سەیری بکات. بەڵام رێك لەکاتی پێویست دا، نووسەر لە هێنانی درێژدادڕی کەسایەتی یان رووداوێك کە پێویستی بە شیکاری زۆرتر هەیە، خۆی دەپارێزێ و بەچەند وشەیەك بەسەریاندا تێپەر دەبێ و کەسایەتیەك کە لەهەر روانگەیەکەوە پێویستی بە لێکدانەوەیەکی هەمە لایەنە هەیە و رووداوێك کە ناسینەکەی نەتەنیا لە رۆمانی کێلیدەردا بە ڵکو لە ژیانی راستە قینەی ئێمەش دا رۆڵی سەرەکی و گرینگی هەیە، هەروا داخراوە وئاشکرا نیە.
بۆوێنە خوێنەر لەلایەکەوە گوڵ محەممەدەکان دەبینێ کە بە ناچار چەکی هەڵگرتوە و بە نەزانی "بژیویان لەگەڵ رەعیە تەکان بەش دەکەن" و"خوانی سەر سفرەی ئاغایە" و لەلایەکی دیکەوە غەزەنفەر هاشم ئابادی دەبینێ کە لانیکەم لە نێو خەڵکانێکدا کە کۆبوونەوە، باس لە بەشی خاوەن مڵك و جوتیار لە دەقەری جوتیارانی قەڵای چەمەن و زەعفەران دەکات. کەوابوو لەم نێوەندەدا ستار چکارەیە کە لە شێوازی پینەچێتی دا سەر بۆ ئەم لاو ئەولا دەکێشێ و هەواڵ کۆدەکاتەوە؟ هەواڵ و پەیامەکانیش بەبێ ئەو، دەگاتە دەستی گوڵ محەممەدەکان و دوژمنەکانی و ئاگادار کردنەوەو وشیار کردنەوەکانیش لە لایەن بلقیس و قوربان بەلوچەوە بە گوڵ محەممەد دەگەن. بە راستی ستارێك کە بە پێی قسەی نووسەر شۆرشگێرێکە لە وجودی گوڵ محەممەد کە لە باشترین حاڵەتدا دەکرێ بە دادپەروەرێکی ناشارەزای بزانی، لە شوێن چیدەگەڕێ؟
ستار هەروەك جوتیارێکی سادە کە دەڵێ" تۆ هەنگاوی یەکەم هەڵبگرە، دواتر شتێك روو دەدات" ل ١٢٧٠، لە خەڵکانێك کە دەپرسن پاش شۆڕش چ روودەدات، وەڵام دەدەنەوە کە پاش شۆڕش، جوتیارەکان"خۆیان چۆنیەتەکەی دەدۆزنەوە" ل ١٤٧٧ ، کەسێکی ئەوتۆ دەبێ وەك کەسێکی سیاسی پشتیوانی خەڵك لە رۆمانەکەدا بناسێندرێ و خوێنەر بە ئاواتی رۆژێك بێ کە کاری بنەڕەتی ئەنجام بدا و سەرەنجام ناکام و بێ هیوا، شاهیدی بە دەستەوە گرتنی قورئان لە لایەن ستاری چەپی شۆرشگێر و هاودەنگ کردنی خەڵکی

نارازی بێ. ڕەنگە هێندێك کەس لەسەر ئەم بڕوایە بن کە کاری حیزبەکان و سیاسەتمەدارەکان بەو رادەیە بێ بنەما و ئاشکرا نەبێ. بەڵام بە کەمێك لێ وردبوونەوە دەردەکەوێ کە ئەم نارۆشنیە سەرچاوە گرتوو لە لاوازی رۆمانی کێلیدەرە. نووسەرێك کە لە بەرهەمێکی ئەدەبی دا، مەیلی بە هێنانە گۆڕی مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانەوە هەیە، ئەرکی سەرشانیەتی لە ئاماژەیەکی ورد و بەرچاودا، رووداو و ڕەوتە مێژوویی ــ سیاسیەکان، یان باس لە کەسایەتیەکی سیاسی دەکات بە سەرجەم هۆکارەکانی بوون و لاوازی یان توانایی و هێزەکانی لە بەرهەمەکەی دا ڕەنگ بداتەوە. چونکە چارەنووسی ڕەوتێك یان کەسایەتیەك تەنیا بەجل و بەرگی رازەوەو یان بە وتنی " چەند سوخەنرانیەکی بێ سەرە و بەرە" ل١٤٣٨ روون نابێتەوە و ئەم تارماییە دەبێ لە ڕێگای هێنانە گۆڕی بایەخە زەینییەکان و شێوەی کاری حیزبیەکان، لە هۆنینەوەی نێوخۆیی رۆمانەکەدا پەروەردەببێ و لەلایەن نووسەرەوە ئاشکرا بکرێ و لەقاو بدرێ بۆ ئەوەی ئەگەر خوێنەرێك ویستی، بتوانێ مەحکومی بکات. نووسەر کە چەند جارێك هەوڵ بۆ نۆژەنکردنەوەی مێژوو دەدات، دەبێ لە رۆمانێکی وەك کێلیدەردا نیشان بدات، ئەو هۆکارانە کە بۆتە هۆی ئەوەی خەڵك لە ماوەی ٤٠ ساڵدا، چوار جار فریوی سیاسەتێکی وەك "حیزبی تودە" بخوات و کلاو بچێتە سەریان، چبوە؟ پاڵپشتی ئەوە چیە کە سەرلە نوێ دەساڵ دواتر دیسانیش لاوانی ئێمە "هەروەك لە کۆتایی کتێبەکەدا ، قوربان بلوچ و موسا هیوا بە دیدار دەخوازن" نەکەونە داوی ئەو سیاسەتەو بەهۆی هێندێك "قسەی بێ سەرەو بەرە" هەڵنەخڕێن و بۆجارێکی تر پاش تێگەیشتن لە راستیەکان و روون بوونەوەی بەستراوەیی و بێ دەسەڵاتی کار بە دەستانی حیزب، بەهۆی سەرلێشێواوی و ناکامی، وەك بە جێگای هەر کارێك، باس لە پێویستیەکانی دڵ و هەستیان نەکەن و سەریان بە ڕێبازی عەشق و عیرفان نەسپێرن؟ ڕێبازێك کە بەرواڵەت گوند نشینێکی دڵ پاك و پیری شۆخی هەرزە و لاویی مارکسیستی هەتڵە بووی سیاسەت، هەر هەموویان کوت و پڕ لە شەوێکدا دڵی پێوە دەبەستن و بەرەو پیری مەرگ دەڕۆن. "مەگەر ئەوەی کە ئامانجی نووسەر هەر ئەوە بێ." بێگومان لاوازترین و ئاڵۆزکاوترین بەشی پێکهاتەی کێلیدەر، لاوازی و نەزانی لە هێنانی کەسایەتی ستارو حیزبیەکانە. تەنانەت لە چوار چێوەی قسەش دا، هیچ شتێك لە کار بەدەستانی حیزب نابیسین. بەڵگەو بۆچوونەکانی گوندنشینەکان و خەڵکانی کلمیشی زۆر لەوان روون تر، پێشرەوترو پوختەترە. جێگای سەرنجە کە تەنانەت شوێنی کۆبوونەوەی حیزبیەکانیش روون نیە، هەتا

ئەو ئاستەی کە ئەفشار بە ستار دەڵێ " لەوێ چاوەڕێتن " یان "لەوێ تورە نەبی" ل ٣٤ــ ١٤٣٣ و نووسەریش کوت وپڕ رادەچڵەکێ و بۆ قەرەبووی هێنانی ناوونیشانی سەرجەم دێهاتەکانی خوراسان، دەنووسێ " دوکتوریش لەوێ بوو" ل ١٣٣٤.

بەمجۆرە ئەگەر گوڵ محەممەد لەگەڵ هاورێکانی وەك ستار ڕێگاکە نەناسن، جێگای سەر سوڕمان نیە. ئەو دەتوانێ نەك لە "تێڕوانینی گوماناوی خەڵك" بەڵکو لە روانگەی بە گومانی خۆشی دا قەزاوەتێکی هەڵە دەکات، رۆژێك ناوەندی سەر پێچیکاران دابمەزرێنێ، "ماڵی خەڵك "بە"ماڵی خۆی بزانێ" ل ١٣٨١ ، "سوڵتان بێ دەسەڵات" ببێ بەو رادەیە کە توانای دادپەروەرییەکەی "دووکەڵی نانی تەنوور لە نێو ماڵەکان " بەرز بێتەوە، بەڵام کاتێك ستار پێی دەڵێ "رەعیەتەکانی ناوچە هاتوون هانایان بۆتۆ هێناوە... ئەوان چاویان لە تۆیە" ، گوڵ محەممەد بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە بپرسێ "بۆچی روویان لە منە؟ مەگەر خۆیان بێ ئیرادەن؟ یان ئەوەی کە مەگەر پێغەمبەرم؟! هەتا خەم و پەژارەی خەڵکم لە دڵدابێ ؟" ل ١٩٨٥

لاوازی لە هێنان و باسکردنی کەسایەتی و رووداوەکان بەچەند شێوازێك لە رۆمانی کێلیدەردا خۆی دەردەخات:

١ ــ چونکە نووسەر نایهەوێ بەردەوام راستەوخۆ بەڵگە بۆ خوێنەر بێنێتەوە، هەر ماوە بە ماوە جارێك کەسایەتیەکی رۆمانەکە بە کەسایەتیەکی ترەوە شیدەکاتەوە. شیاوی باسەکە زۆرتر بێژەرو بەرامبەرەکەی هەر دووکیان خەڵکی دەڤەرێکن و هەر بەم پێیە دەبوایە زانستێکی هاوبەشیان سەبارەت بە ژیانیان هەبێ و پێویستی بە لێکدانەوەیەکی زۆرتر نەبێ، بەڵام ئەم ڕێکەوتە گەلێك جاران لەم رۆمانەدا روودەدات. نموونە:

نادعەلی لەگەڵ قەدیر کە هەردووکیان خەڵکی دوو قەڵای نیزیك بەیەکترین "قەڵای چوار گوشلی و قەڵای مەیدان"لەسەر رێگای قاوەخانەی پورە سەکینە لێی دەپرسێ:

ــ ئەم قەڵایانە کێ دروستی کردوون؟

ــ دەڵێن شاعەبباسی، ئاغا. دەڵێن ٩٩٩ دانەن. لە مەشهەدەوە هەتا ئیسفەهان.

ــ کێ کردوویەتی؟

نازانم، هیچکەس نازانێ. ناوونیشانێك لە بکەرەکەی نەماوە. سەرەنجام "قەدیر...هەر دەیهێناو دەیبرد...چەندین بەسەرهاتی لە شاری سەبزەوار بۆ نادعەلی دەگێڕایەوە،..."

٢ ــ بە جێگای ئەوەی کە پەیوەندییەکان لە ماوەی رووداوەکاندا روون بێتەوە،هێندێك جار کەسایەتیەکانی رۆمان

بۆ پێشگرتن لە فرامۆشکاری خوێنەر، وێڕای ئاخاوتن، پەیوەندی خزمایەتیەکەش باس دەکەن بۆ وێنە:

ــ دایکی نادعەلی ، دەڵێ "خاڵۆت، بابقولی بەندار..."

ــ عەلی ئەکبەر بە گوڵ محەممەد دەڵێ "تەواو بویتە وەرزێر ئەی کوڕی پورم"

ــ گوڵ محەممەد بە مامۆ مەندەلوی دەڵێ "ڕاستی، ئەو کەسەی دارەکانی لە من کڕی، بابقلی بەندار بوو. ئاغای کوڕەت موسا، وردە خانی قەڵای چەمەن.

ــ خان محەممەد لە بڵقیس دەپرسێ "هەواڵی عەلی ئەکبەرخانی خۆش غیرەتت نیە؟ کوڕە پورەکەم؟"

٣ ــ بەجێگای ئەوەی کە ڕەوتی نێوخۆیی ئاخاوتنەکان، سیمای تەنزو تانەوتەشەری هەبێ نووسەرلە هێماکانی خاڵ دانان کەڵك وەردەگرێ،

نموونە.

ستار دەڵێ: "ئێستا باسی موسا بکەم. ئەو بەرلە ئێستا هەرلێرە، لەنێو شار کاری دەکرد، فەرش چنین، دواتر وەك وەستاکار! بۆ دێهاتیان بردوە..."

نووسرەت سەبارەت بە گیرانی ستار بە ئەفشار دەڵێ "لە دووکەڵ کێشی ئاگردانی ماڵ، ئەویش وێڕای شملی یاخوت گرتوویانە و بردوویانە. پەژارەی نیە."

بەرچاوترین و باشترین لایەنی ڕۆمانی کێلیدەر هێنان و خوڵقاندنی کەسایەتی ژنانی ڕۆمانەکەیە. بەڵام ئەم ئاماژانە بەو هەموە لێهاتووییە، بەهۆی کەڵك وەرنەگرتنی تەواو لە کەسایەتیەکانی ژنان لە تەواوی ڕۆمانەکەدا "بێجگە لە کەسایەتی چەند لایەنەی بڵقیس کە بە تەواوی لە ڕۆمانەکە داهاتوە و جێکەوتوە" بە شێوەیەکی تاك و تەنیا دەمێنێتەوە و ڕۆمانەکە لە یەك دەستی دەترازێنێ.

بەراوردی دوو خشتەی ژمارە ١ و ٢ لەم بابەتەدا نیشان دەدات کە ڕۆڵی ژنان، لە ژیانێکی بەرتەسکی بنەماڵەیی تێپەر نابێ و لەوشوێنە کە ژیانی گوڵ محەممەد و دەورووبەرەکەی دێتەگۆڕێ، شوێنەوارێك لەوان نیە( بێجگە لە بڵقیس)، یان چەند دیمەنێکی شاراوە و کەم ڕەنگ لەوان کە بەشێوەی پرژوبڵاو لە ماوەی ڕۆمانەکەدا بۆ دەوڵەمەندکردنی دیمەنە تایبەتەکانی ژیانی پیاوان، کەڵکی لێوەر گیراوە. سەرەرای هەمووی ئەوانە و هەرچەند لە تەواوی بەرهەمەکانی دیکەی دەوڵەت ئابادی دا کەسایەتی ژنان بەردەوام بە وردی و تێگەیشتنەوە باسیکراوە، بەڵام بە ڕاستی کێلیدەر تاکە بەرهەمی ئەدەبیی ئەم ساڵانەیەکە تێی دا ژنان وەك مرۆڤ، سەرەرای جیاوازییەکانیان ڕۆڵیان پێدراوە. ئاماژەی بەجێ و وردی ژنانی کێلیدەر، نیشاندانی هەست و نەستێکە کە ڕەنگە ژنانی دێهات و بەمانایەکی بەرینتر ژنانی ئیرانی هەرگیز نەیانتوانیوە دەری ببڕن یان تێگەیشتن لەوان وەك بروسکەیەك بە بیروزەینیاندا تێپەر بوە.

بڵقیس ژنی هەمیشە زیندووی ئەدەبیاتی سەردەمی ئێران، بەکەسایەتیەکی چەند لایەنەییەوە، بەرچاوترین کەسایەتی ڕۆمانی کێلیدەرە. پەیوەندی ئەو لەگەڵ سەرجەم کەسەکانی ڕۆمانەکە، حەقیقی، جێگای باوەڕو هەست پێکردنە. بڵقیس بەشداری هەیە، بەرچاوە و هەست پێدەکرێ، جێگای ڕێزو متمانەیەو لەبیر ناکرێ. ئەوین، خەم و جەسووری و جم وجۆڵ و بڕیاردانەکانی بڵقیس، گەورەیی و بەرچاوێکی ئاشکرای بە ڕۆمانی کێلیدەر بە خشیوە.

کەسایەتی بەرزی بڵقیس لەنێو تەواوی ژنانی کێلیدەردا بڵاو بۆتەوە. ماراڵ نوێنگە و هێمای جوانی، ڕازاوەیی، خۆشەویستی، شکۆداری و هاورێیەتی عەشقە. ئۆقرەدەر و هێورکەرەوەی ناخی پڕلە ئازاری گوڵ محەممەدە. زیوەر هەگبەیەکی لێوڕێژ لە ئێرەیی و شاراوەییە، بوونەوەرێك کە سەرباری سەرجەم ئازارەکانی، لە شوێن سۆزو ئەوینە. هێزی شاراوەی داواکاری. شیرۆ پێ بەستی بایەخەکانی بنەماڵەو دڵ خستنەگرەوی عیشقێکی قەدەغەکراو. نموونەیەك لە ئازایەتی و جەسارەت و جم وجۆڵی ژنی ئێرانی کە پێش پشکوتن، پەرپەر دەبێ. نوور جەهان ڕەنگدانەوەی ژنی ئازار چێشتووی ئێرانیە. کچی ئەفغان سەرچاوەیەکی زوڵاڵ و بێخەوش و کەم وێنە. لالە ژنێکی ستەم لێکراوە کە ڕێگای ڕزگاری لە جەستەو دەست و ددان و زمان دا دەبینێتەوە. ڕزگار بوونێك بەرەو تێدا چوون.

* * *

# شیعر و وەرگێڕان

(دەقی سوخەنرانی حوسێن مەنسوری لە زانکۆی لەندەن (١٨. ٥. ٢٠٠١)
محەمەد تەرەغە کردوویە بەکوردی

خوشکان و برایان، داوام لێکراوە کە لە بەستێنی کاری وەرگێڕان دا، بە تایبەت وەرگێڕانی شێعر، چەند خاڵێک دەگەڵ ئێوە دا باس بکەم. بەڵام من لە ناخی دڵمەوە دەڵێم ئەی خۆزگە ئیزنم بوایە تا ئەو جیگەیە کە دەگونجێ لەم بوارەدا بێدەنگ بوایەم، چوونکە باس کردن لە وەگێڕانی شێعریانی باس کردن لە شێعر و شاعیرو هەروەها باس لە وەرگێڕانی شێعرو وەرگێڕەکەی، کە ئەوە خۆی لە خۆیدا یانی باس کردنی چەند بابەت لە ساتەوەختێک دا و لە هەمان کاتدا باس لە بابەتێکی یەکە. واتە راوەستان لە هەمبەر دیوارێکی بڵیندا و هەست کردن بەوە کە لە پشت ئەو دیوارە بڵێندە، دیوارێکی بڵێندی تر دیوارپێو چاوەڕوانی شێتێک دەکا. کەوابوو چارە چیە؟ دوو رێچارە ماوەتەوە. یا دەبێ بێدەنگ بی، کە هەروەک دەبینن نابێ، یا ئەوەی کە بە شوێن دۆزینەوەی کەلێن و قووژبنی ئەو دیوارە بین. ئەوەی کە لە ژێرەوە دێ تەنیاهەوڵێکە بە مەبەستی دۆزینەوەی کەلێن و قووژبن لەم دیوارە ئاوەڵدوانەیە دا ونە بۆ دەست بەسەرداگرتنی لایەنی رەخنەگرانەی ئەم بەستێنە.

یەکێک لەم کەلێنانە ماوەیەک لەمەوبەر نینو پێی نیشان دام. نینو لە گەرەکی لای ماڵی ئێمە لە مۆنیخ پیتزا فرۆشی هەیە و ئیتالیایە. رۆژێک لە نێوان من و ئەودا باسی وەرگێڕان و وەرگێڕ هاتە گۆڕێ. گووتی لە زمانی ئیتالیایی دا پەندێکی پێشینیانی دوو واژەیی هەیە کە دەڵێ: لێم پرسی یانی چێ؟ گووتی وشەی ئەوەڵ Traduttore به مانای وەرگێڕە و وشەی دووهەم Traditore به مانای خیانەتکارە.

من ئەو کەلێنە لێرەدا وەک خۆی بە جێ دێڵم وهەوڵ دەدەم کەلێنێکی تر بکەمەوە و لە کۆتایی دا ئەم دوو کەلێنە بە یەکەوە بلکێنمەوە تا کەلێنەکە برێک قووڵتر بێتەوە.

کەلێنی دووهەم شازدە ساڵ پێش، ئەو کاتەی کە هێشتا باوەڕم بە قارەمان و رزگاریدەر بوو، فیلمسازی ئێرانی بەرێزبەهرام بەیزایی پێی نیشان دام. بەیزایی دەقێکی هەیە لە ژێر سەردێری <ئارەش> کە لە بنەڕەتا بۆ یەک شانۆی بووکەچینی نووسراوە. رۆژنەیەک کە بەیزایی ئەوکات بۆ منی کردەوە، بە ئێوەشی نیشان دەدەم تا بێدەنگی خۆم برێکی تر وەدوا بخەم:

ئارەشەکەی بەیزایی هەمان ئوستوورە بەناوبانگەکەیە، بەڵام بە جیاوازێکی تەواو سونەت شکێنانە و راست بینانە. سپای تووران بە سەر ئێران دا پیرۆز بووە وئێستا دەیهەوێ بە سڵامەتی ئەم سەرکەوتنە، سەرداری ئێرانی تیرێک باوێ تا هەر جێگەیەک کە تیرەکە برەوی بوو،هەربەو رادەیە، بە ریشی بە زیووەکەی، پێ کەنێ. تەنیا سەرداری ئێرانی کە دەتوانێ ئەم تیرە دوورترفڕێ دا چەند رۆژێکە بێ سەروشوێنە و هەموویان پێیان وایە کە کوژراوە. لەوەی کە کەسێکی تر بۆ بەرێوەبردنی ئەو مەعمووریەتە پڕمەترسیە نادۆزنەوە رێ چارە لەوە دا دەبینن کە هەفتەیەک مۆڵەت لە تورانیەکان بخوازن تا کەمانگیرێک پەیدا بێ. هەربۆیە بە شوێن کەسێکەون کە ئاشنایەتی بە سەر هەردوو زمانەکە دا هەبێ و بتوانێ داخوازی ئەوان بۆ توورانیەکان وەرگێڕێتەوە. هەربە رێکەوت لە دەوروبەری مەرزی هەردوو لا شوانێکی کز و باریکەڵە بە ناوی ئارەش دەژی کە شارەزایی دەگەڵ هەردوو زمانەکە دا هەیە. هەربۆیە ئەو دەکەنە مەعموور تا بچێتە لای توورانیەکان و پەیامی بەزیوەکان بە زمانی توورانیەکان دەگەڵ ئەوان دا باس بکات. ئارەش وەرێ دەکەوێ. کە دەگاتە تاوڵی توورانیەکان، هەموویان لەبەر ئەوە کە پێیان وایە ئەوە کەمانگیری ئێرانیەکان زۆر زووتر لە کاتی خۆی هاتووە وەپێکەنین دەکەون. ئارەش لە نێو تورانیەکان دا لە نەکاو چاوی بە سەرداره ئێرانیە ون بووەکە دەکەوێ و لە خۆشیان شاگەشکە دەبێ کە هێشتا هەر زیندووە. بۆیە پێی دەڵێ: ئێرانیەکان هەموویان پێیان وایە کە تۆ مردووی. تۆیان ئەسیر کردووە؟ سەردار وڵام دەداتەوە: نا من بە پێی خۆم هاتووم بۆ ئێرە،چوونکە ئەوان لە کار کەوتوون. ئارەش دەبەنە لای شای توورانیەکان. شاش بە پێکەنیەوە پێی دەڵێ: کورە! ئەو سەرداره ئێرانیە کە دەبێ تیرەکە بهاوێ،تۆی؟ ئەویش بە سەرسوڕمانەوە وەڵام دەداتەوە: نا من نیم، من شوانێکم کە زمانی ئێوە

دەزانم و هاتووم تا پەیامی ئێرانیەکان بە ئێوە بگەیەنم. ئێرانیەکان چوون کەسێکیان بۆ هاویشتنی تیرەکە نیە، هەفتەیەکیان مۆڵەت لە ئێوە خواستووە هەتا کەسێک پەیدا ببێ. شای تووراانیش پێ و قەدەمی تازە گەیشتوو بە فاڵ خێر دەگرێتەوە و دەڵێ: بۆچی نا، هەیانە ئەو کەسەی کە دەبێ ئەم تیرە بهاوێ هەر تۆی. ئێمە هیچ کەسێکی تر بێجگە لە تۆ بۆ هاویشتنی ئەم تیرە قەبووڵ ناکەین و هەر بەیانی دەبێ ئەم تیرە بهاوێی. گریان و هاوار و لاڵانەوەی ئارەش بێ فایدەیە. سەرشۆڕ و سوکایەتی پێکراو و دڵ پەشێو دەگەڕێتەوە بۆ لای ئێرانیەکان ئەوەی کە دیوێتی و بیستویەتی، بۆیان دەگێڕێتەوە. بەڵام ئەوان دەیدەنە بەر تانە وتەشەر، چوونکە باوەڕ ناکەن سەردارەکەیان بە پێی خۆی بۆلای دووژمن چووبێ. وتەی ئەو بەجۆرێک خیانەت لە ئەمانەت یا خیانەت بە بابەخەکان و ئارەزۆکانیان لێکدەدەنەوە. لەوانەیە خیانەتێک کە نینو دەیگووت لەو خیانەتانە بێ. هەروەها بە دەنگی بڵێند نزا ونفرینی دەکەن کە بۆچی بوون و هەستیان لە گرەوی پەنجەی ناکارامە و بازووی سست وبێ هێزی ئەو دایە. بەیانی ڕۆژی دوایی ئارەش لە نێوان دوو سپا دا کە یەکێان پێی پێدەکەنێ و ئەوی تریان چاوبەفرمێسک نزا و نفرینی دەکا، غەمبار ڕادەبوورێ و بەرەو بەرزایەکانی ئەلبۆرز دەڕوا و لەوێوە تیرەکە دەگەڵ دڵی خۆی ڕەها دەکا. گووتوویانە تا ئەوڕۆژەی کە مەرزەکان دەمێنەوە،تیری ئارەش لەو وڵاتە بۆ وڵاتێکی تر دەڕوا و هەر شتێک کە لە دڵەوە هەستابێ و لە هەوا دا سەرگەردان مابێتەوە وەک دەرزێکی نادیار لە بیر و را، پێکەوەی دەدروێ. دەڵێن کاتێک کە کتێبی <حاجی بابای ئیسفەهانی> گەیشتە ئێران، ئێرانیەکان لەوەی کە ئێرانیەک توانیوێتی ئاوا بڵێ و بنوسێ و گاڵتە بکا، لەخۆبایی بوون، بەڵام کاتێ کە زانیان ئەم کتێبە ئێرانیەک وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی، ڕەگەز و تۆرەمەی ئەویان خستە ژێر پرسیارەوە. لەوانەیە خیانەتێک کە نینو دەیگووت، لەو خیانەتانە بێت. ڕەنگە ئەم دوو کردارە ناتەرزە بە کاری وەرگێڕان دەیهەوێ لە هەمان کاتدا پیمان بڵێ کە لایەنەکانی خزمەتی ئەوکارە ئەوەندە بەرفراوانە کە من لە سەیری بەرتەسکانەی خۆم لەم بەرفراوانیە دا ترسم ڕێنیشتووە. دەترسم بەرتەسکیم لەم بەرفراوانیە دا ون بێ و من ئیتر خۆم و عادەتە ئەهوەنەکانی خۆم نەبینمەوە. ئەم ترسە ڕەنگە بێ هۆکاریش نەبێ،چوونکە بۆ دیتنی ئەم ڕوانگە بەرتەسکانەی خۆم، دەبێ هەڵکشێی و ئەمەش بە چاوی پیرەوە دەستەبەر نابێ. وەرگێڕان عیلاجی چاوی پیر نیە،وەرگێڕان تەنانەت بە شوێن دۆزینەوەی هاوتا و جێنشینەوە نیە،هەوڵی وەرگێڕ تەنیا بە مەبەستی ڕەخساندنی بەستێنێک بۆ دیالۆگە،بەڵێ بە مەبەستی هەستیار کردنی یەک دیالۆگە، هەتا کاریگەربوونی بە سەر وشەکاندا و وشەکان بە سەر ئەو دا و هەروەها ئەو چەمکانەی کە هەرکام لەبارتەقای زمانی دیکەدا سەرچاوە دەگرێ هەستی بەشداربووانی ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ڕووبەڕووبونەوە دەگەڵ پاژەکانی پێکهێنەری ئەم گشتەی کە مەرزەکانی دەبێ بە ساڵی نووری مەزندە بکەی، بەرفراوان تر بکا. هەرچەند هێندێک کەس لەبەر غروور و غیرەتمەندی خۆیان،ئەم وتەیە پەسەند ناکەن، بەڵام ئەگەر کەمێ بە ئینسافەوە سەرنجی بدەینێ،دەبینین کە درەوشاوەترین دەسکەوتە فەرهەنگیەکانی گەلێک کاتێ بە ئاکام دەگا کە ئەم گەلە لە دەسکەتە فەرهەنگیەکانی گەلێکی تر شوێنەواگر بووبێ. ئەم چەمکە بێ تایبەتمەندی شوێنەواگری کە یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی خانکی(سللوول) زیندووە و هەروەها بێ شوێندانەری، کاری وەرگێڕان وێنا ناکرێ. بە قەولی شاعیر و ڕەخنەگری ڕووسی بەرێز یووزف برودسکی: <شارستانیەت بریتیە لە کۆمەڵێکی جۆراوجۆر لە فەرهەنگی جیاواز کە بەستێنێکی هاوبەشی مەعنەوی گیانی وەبەرهەمەوویان ناوە. هۆکاری سەرەکی پێکهێنەری ئەم کۆمەڵەش بە هەر شێوەیەک کە بمانهەوێ مانای بکەینەوە،وەرگێڕانی ناوە.>

جیهان لە ئامێزی توخم گەلی جۆراوجۆر دایە کە نوێ دەبێتەوە، نە لە تێکەڵاوی شتەکان ئەویش بە بەردەوامی و هەمیشە. جیهان هەڵگری شوناسێکی غەیرە نەتەوەیە،هەڵگری ئەو تایبەتمەندیە کە جۆگرافیای دابەشکراو بە مەرزەکان وەخۆ ناگرێ. ئێمە لە ڕۆژگارێک دا دەژین کە جیهان بەرەو پێش هەنگاو هەڵدەگرێ تا کەسایەتی یەکەی خۆی کە بە بەردەوامی کەسایەتێکی جیهانی بووە،بەڵام تەنیا لە ناژیری ئینسانەکان بووە کە مەرزبەندی کراوە، وەدەست بێنێتەوە. ئێمە ئەمڕۆکە شاهیدانی یەک ڕینسانسی جیهانین، شاهیدانی نزیک و هاورووگەی ڕوولەگەشەی ئەو دۆخەی کە نووسەری کتێبی <وتەکان> "بیرگەلی چالاک ـی" ناو لێناون. لەوەی کە بیرگەلی چالاک لە چوارقوڕنەی جیهان کۆدەبنەوەو جقات دەکەن، ئیتر فلوورانسێک بۆ ئەو ڕینسانسە وێنا ناکرێ. پێتەختی ئەم ڕێنسانسە دەبێ بە تێلسکووپی هابێل وێنا بکەین،بە چاوێک کە وەها ساختە و پەرداختە و وردبینە کە بنەماگەلی قایم و ڕەهای ڕوانگە هابیلی و قابیلیەکانی ئێمەی وەلەرزین خستووە. ڕێنسانسی سەردەمی ئێمە هەنگاوهەڵدەگرێ تا بەسەرهاتی پێکهاتنی عالەم و ئادەم بە بینینی بێشکەی لە دایک

بوونی ئەستێرەکان و هەست بە ئەسڵی ناشێلگیری لە زاتی بنەمایی دا وبە کرنەوەی کتێبی ئافراندن کە بە چوار وشەی ئانزیمی نووسراوە وهەروەها بۆ وەرگێڕانی رەمزی رستەکانی ئەو، بە باشترین کامپیتیڕە بەکارهاتووەکانی ئەم چاخە، باسی بکەن. ئەم دەنگە سامناکەی کە لەوبەری دەرگا نادیارەکانی ئەم جڤاتە دەبیسترێ دەنگی خرۆشاوی ئەو کەسانەی کە بە دەوری بنەما پرووکاوەکان گاڵەگاڵ دەکەن نیە، دەنگی دا رووخانی ئەم بنەمایانەیە، دەنگی هاواری ژانی لە دایک بوونی رۆژگاری ئێمەیە.

لە بەستێنی کاری وەرگێڕان دا بەڵام هەڵوێست و بارودۆخی وەرگێڕانی شێعر لە هەڵسەنگاندن دەگەڵ بەستێنەکانی تر رەنگە لە هەموویان لەرزۆکتر و مەترسیدارتر بێ، نە تەنیا لەبەر دژواری پێکهاتەیی و ساختوومانی و مانا ناسی یا سمانتیک، لەبەر ئەوە کە بارودۆخ و هەڵوێستی شێعریش لە هەڵسەنگاندن دەگەڵ لقەکانی تر کە بە شێلگیرێکی تەواو لە دژی رەوتی ئاوی رووبار مەلە دەکەن، لە هەموویان زیاتر سەرگەردان تر، سەرلێشێواوتروپەرێشان تر و خلافکارتر و بێ دەرهەستی ترە، هەرچەند لە نێوان دوو جێناوی غەیرە هاونێودا مەرزیش دەپارێزێ. هەروەها دەڵێن ئەرکی دوولایەنەی گۆڕان و راڤەکرنی جیهانی وەئەستۆیە کە ئەگەر ئەم بیردۆزیە راست بێ دەبێ بڵێین ئەم ئەرکە ئەوجۆرەی کە چاوەڕوان دەکرا هێشتا کۆتایی نەهاتووە ولەوانەیشە هەرگیز کۆتایی نەیە، چوونکە ئەگەر بمانهەوێ بۆ شێعر ئەرک مەندی قایل بین لە داهێنانی راستەوخۆی ئەومان کەم کردۆتەوە. گۆڕان رەوەندێکە کە لە مەودای زەمان دا دێتەئاراوە، لە حاڵێکدا شێعر بەرهەمی چڕوپڕی ساتەکانە؛ راڤەش بە مەبەستی بەیان کردن و لێکدانەوە و روون کردنەوە دێتەئاخافتن، لە حاڵێکدا کە شێعر بەرەو بێدەنگی و بەرەو بەستێنی تاریکی نسێکان دەخووشێ. تەنیا ئەرکێک کە دەکرێ بۆ شێعر دەستەبەری کەین، جۆرێک رەنگدانەوە یا دەنگدانەوەیە، هەر ئەوشتەی کە فەرهەنگیەکان پێی دەڵێن رفلکسیون، ئەویش لە جۆری زمانی و گوتاریەکەی. شێعر بە هەموو داهێنان و وردبینە فەنیەکانیەوە وەستانێکە لە ئەقرەبەی ساعات بۆ وەرگێڕان و تۆماری وەرگرتنێکی چڕوپڕکراوی هەست، ئەویش نە لە سەر پەڕی کاغەز، بەڵکوو لە بیرۆکەی ئینسانی دا. شێعر بە قەولی شاعیری ئاڵمانی بەرێز پاول سلان، لەوەی کە دیاردەی زمانی لەبەر شوناس بوونی سەرزارەکیە، دەتوانێ وەک بوتریەکی پۆستی وابێ کە لە لایان دەریاوانی کەشتی شکێندراوە و بە دەم ئاو دادراوە، ئەویش بەو سووکەهیوایە کە زوو یا درەنگ لە شوێنێک بە بەستێن بگا، کێ چووزانێ، شایەد بە هەرێمی دڵێ بگا. شێعر هیچ شتێک نیە جگە لە دەنگی زمان، شاعیر کەسێکە کە دەنگی زمان دەبیستێ، ئەویش لە حاڵەتی نێوان خەو و بێداری دا.هەروەها تەنیا شتێک کە شاعیر بە شێوەیەکی جادوویی لە باقی نوێنەرانی بەستێنە مەعریفیەکان جیا دەکاتەوە هەمان لێهاتووی زکماکی و هەستیاری لە رادەبەدەری ئەوە لە بیستنی دەنگی زمان. دەنگی حەزی دوورودرێژی گیا بە رسکان، دەنگی تەمەننای زووڵاڵی ئاو بە رەوان بوون، دەنگی رژانی نووری ئەستێرە لە سەر لێواری خاک و دەنگی مەیوی تووی مانا و هەراوکرنی زەینی هاوبەشی ئەشق دەنگ گەلێکن کە تەنیا شاعیر دەتوانێ ببیسێ، باشتر بڵێم: دەنگ گەلێکن کە تەنیا شاعیر دەتوانێ ببینێ، لە بیرمان نەچێ کە گوتوویانە: لەدەنگی باسی ئەشق نەماندی خۆشتر.

بەڵام ئێستا وەرگێڕانی شێعر. بۆ وەرگێڕانی شێعر بە بڕوای من بە هیچ کولووەجێک ناتوانین حوکمێک بخەینە دەر کە دەگەڵ پاژەکان هاوچین بێ. بە واتایەکی تر وەرگێڕانی شێعر لە هیچ یاسا و رێسایەک پێڕەوی ناکا و ناشتوانێ پێرەوەی بکا، چوونکە وەرگێڕانی شێعر لە زاتی خۆیدا کردەوەیەکە دژی رێسا و دەستوور. شێعرێک کە لە زمانی دەسپێکەوە دەس پێدەکا تا بە زمانی دەرەنجام بگا لە نێوان رێگا دا تەواوی رێسا و داهێنە زمانیەکان، بە تایبەت داهێنە پێکهاتەی وساختومانی و جوانی ناسیەکانی خۆی ژێر پێ دەنێ. کە دەگاتە جێ، بێجگە لە مشتێک وشەی رووت و قووت شتێکی تری دەگەڵ نیە. ئەم وشانە ئەگەر لە بەینی رێگا دا تووشی وەرگەڕاندن یا قووربانی خراپ تێگەیشتنی وەرگێڕ نەبن تەنانەت لە زمان شاعیرترین شاعیرانی دنیاش هاتبێتە دەر، هەستی وەرگرتنی شێعریانەی زمانی دەسپێک ئەوانە لە پشت سنوور رادەگرێ و ئیزنی هاتنە ژوورەوەیان پێنادا. هەر بەم هۆیە ئەگەر بمانهەوێ شێعرێکی ورگێڕدراو وەبیربێنینەوە دەبێ سەر لە نسیان خانەی زەین بدەین نە لە بیرۆکەی کارای خۆمان. ئەو شێعرانەی کە لە پشت سنوورەکانی زمانەوە چاوەڕوانی وەرگیرانن (وەرگرتن) زۆرن. چارە چیە؟
من لەم باسە دا تەنیا دەتوانم لە ئەزموونە تاکەکەسیەکانی خۆم بە تایبەت لەو ئەزموونانەی کە لە بەستێنی وەرگێڕانی شێعر لە زمانی ئاڵمانی بە فارسی و پێچەوانەکەی وەدەستم هێناون قسە بکەم. زۆر کەس لە سەر ئەم بڕوایەن کە وەرگێڕانی شێعر کارێکی نەکراوە، و بۆ سەلماندنی

روانگەی خۆیان بە سێ کووچکەی داکشان-هەڵکشان-وەرگەڕان ئاماژە دەکەن و ئەوە بە هۆکاری ناتەرزە مێژوویەکان و یاسابەندیە جۆراوجۆرەکانی زمانی دەزانن. من هەرچەند لە بنەڕەتا دەگەڵ ئەم بۆچوونە دام، بەڵام پێم وایە کە لەم پێوەندیە دا جیاکاریش هەیە. من ئەگەر بمهەوێ زۆر بەگشتی و بەکورتی ئەزموونی تاکەکەسی خۆم لە هەوڵێک کە بە مەبەستی نزیکی بەم جیاکاریە دەستەبەرم کردووە، دەگەڵ ئێوە دا باسی بکەم دەبێ بڵێم کە ئەم ئەزموونە وەها رەواڵێکی بووە: سەرەتا شێعرێک لە زمانی بێگانە دا لە شاعیرێک بە ناوی ئێکس هەستی وەرگرتنی شێعریانەی من هەڵدەخرێنێ. ئەم شێعرە دەبێتە هۆیەک بۆ خوێندنەوەی شێعرەکانی تری ئەم شاعیرە. شێعرەکانی تریش ئەگەربتوانن بە جۆرێک بمخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە، ئەوجار دەچمە پێ و شوێنی شاعیر. کار بە جێگەیەک دەگا کە دەگەڵ ئەو دەخەوم و دەگەڵی هەڵدەستم. هەر شوێنێک دەچم دەگەڵم دێ. وێنەکەی لە سەر دیوارە و کتێبەکەی لە سینگ دا. سادقانە دانی پێدادێنم کە من لە پێوەند دەگەڵ تێکەڵ بوون و دەروونی بوون دەگەڵ شاعیرێک کە دەستی بەسەرداگرتووم، تەواو زێدەڕۆ و دەمارگرم. کار بە جێگەیەک دەگا کە دەبینم رۆژێک بە دزی منەوە هاتووەو دەفتری شێعرەکانی من هەڵدەداتەوە و لە سەریان خەتی سوور دەکێشێ. لێرەدایە کە شەڕ و کێشە دێتە ئاراوە. من لە ئاکام دا بۆ خلاس بوون لەو نسێیەی کە تەواو دەستی بەسەرداگرتووم چارەیەکم جگە لە دەس لێهەلگرتنی نیە. بەڵام ئەم دەسهەلگرتنە بە هاسانی دەسهەلگرتنی ئاسایی کەبە واژۆی تەلاقنامەیەک دێتەئاراوە،بەکردەوە دەرنایە. من ئەوەندە حەز و تاسەم لێیەتی کە تەنیا خیانەت، ئەویش ئەمجۆرەی کە نینو دەیگووت، دەتوانێ وەفریام بێ. من دەگەڵ منی تری ئەو لە جێ وبانی زمانی زکماکی دا ئەشق بازی دەکەین من لە پلەی دەمارگرێکی زێدەڕۆ و بەغیرەت منی تری ئەو بۆ وڵاتی لەدایک بووی خۆی دوور دەخەمەوە، من ئەو وەردەگێڕمەوە. یەکەمین شاعیرێک کە وەها ژیانێکی هاوبەشم بە ماوی حەوت ساڵ دەگەڵی دا هەبووە شاعیری ئاڵمانی بەرێز پاول سلان بووە. من ئەو رۆژەی کە بۆ هەوەڵین جار خیانەتم پێ کرد جوان لە بیرە. چاردە سال بەر لە ئێستا بوو. من وەها لە تەمەننای لێک دابڕانی پێوەندیەکانی خۆم، ئەویش لە رێگەی رەهەند لێدانی وەرگێڕانە بە شێعری ئەوەوە دەسووتام کە ئەویش روحمی دڵی بزوات و سەرەنجی بۆ شێعرێک راکێشام کە لە رێگەی ئەم شێعرەوە دەتتوانی بەرەو ناخی ئەو هەنگاو هەڵگری، شێعرێک لە ژێر ناوی Lob der Ferne - وەرگێڕانی ئەم بابەتە دەبێتە <ستایشی دووره دەست>. ئەوە هەرهەمان دوورەدەستیە بوو کە دەگەڵ تەمەننای من دا هاورووگە بوو، چوونکە یەکەم هەنگاوم کە لە هێڵی یەکەم هەڵێناوە هەستم کرد کە پێم لە سەر زەویە. ئەوەش تەنیا یەک رێکەوتی زمانی ببوە هۆکاری: سلان لە هێڵی یەکەمی ئەم شێعرە دا دەڵێ: Im Qell deiner Augen- زۆر بە رێکەوت لەم هێڵە دا دوو وشە بەکار بردرابوون کە لە وەرگێڕانی فارسی دا (لەم وەرگێڕانە دا کوردی) بیچمێکی هیوابەخشی بە وەرگێڕ دەدا: چاو وچاوە. من وەرگێڕانی ئەم شێعرە کە یەکەمین ئەزموونی شێلگیرانەی من لە وەرگێڕانی شێعری ئاڵمانی بە فارسی بوو، بۆ ئێوەی دەخوێنمەوە:

## ستایشی دووره دەست

لە چاوەی چاوەکانت
تۆڕگەلی ماسیگرانی ئاوە سەرلێشێواوەکان دەژین
لە چاوەی چاوەکانت
زەریا بە بەڵێنی خۆی وەفادارە.

من
دڵێکی لە سەرپێ وەستاوی ناو مرۆڤەکانم
جلەکان لە لەش دوور دەخەمەوە
دەروشانەوەش لە سوێند:

لە رەشی رەشتردا، من رووتترم
من ئەوکات وەفادار بە بەڵێنی خۆمم
کە پەیمانم شکاندبێ،

من
تۆم
ئەوکاتە کە من
منم.

لە چاوەی چاوەکانت دێمەخوارو
خەونی تالان دەبینم

تۆڕێک
کەوتە سەر تۆڕێک
ئێمە
لە باوەشی یەکدا دەپرژێن.

له چاوەی چاوەکانت
به له سێدارەدراوێک
تەنافی دار دەخنکێنێ.

وەرگێڕانی شێعر لەوەی کە لە روانگەی قەوارە و فۆڕمەوە جۆرێک ئاڵوگۆڕ بە سەرداهێنانە وەک کاری کەسێک وایە کە لە پشت سەکۆی شانۆوە سیمای دەورگێڕەکان گریم دەکا، بەڵام بەو جیاوازیە ئاشکرایە کە گریم کاری شێعر، کە هەمان وەرگێڕە دەگەڵ دەورگێڕێک سەروکاری هەیە کە رۆڵەکەی لە بنەڕەتا بۆ شتێکی تر نووسراوە. ئەرکی دژوار و بابڵێن نەکراو کە وەرگێڕ دەگەڵی رووبەڕوویە، ئەوەیە کە دەقی شانۆنامەکە جۆرێک دەنووسێتەوە کە شانۆکە خۆجێی بکا، ئەوکات دەتوانێ دەورگێڕ بە کەیفی خۆی گریم بکا. خوێنەری شێعری وەرگێڕدراو دەبێ ئەو لایەنەی تێداهەبێ کە دەگەڵ کەلام و دیمەنی دەورگێڕی بێگانە بە جۆرێک هەستی ئاشنایەتی و نزیکایەتی بکا، ئەگەرلەوە بترازێ لە پێوەندی گرتن دەگەڵی و میوانداری کردنی شەرمەزارە. وەرگێڕی شێعر دەبێ شێعری بێگانە کە لە پشت مەرزەکانەوە چاوەڕێی وەرگیرانن(وەرگرتن) جۆرێک بڕازێنێتەوە و جلی بگۆڕی لە بەربکا کە بتوانێ ئەم شێعرە وەک یەک هاوزمانی هاوڵاتی لە مەرز بپەڕێنێتەوە، بە واتایەکی تر ئەو دەبێ دەقی بێگانە بە وردبینیەکی تەواو دەگەڵ هەستی زمانی زکماکی خۆی رابێنێ، هەڵبەت نە وەک (مستشارالدوله) کە دەقی یاسای بنەڕەتی فەڕانسەی بە زمانی فارسی وەرگێڕابۆوە و بۆ تەکینەوە لە تووڕەیی شا و شێخ، ئایەی قورئانی وحەدیس گەلی (ائمەی اطهار. ی) تێهەڵکێشا بوو.

بەستێنی راهێنانی دەقی بێگانە دەگەڵ هەستی زمانی زکماکی بێ چەند پێش مەرج کە وەرگێڕی شێعر و تا رادەیەکیش خوودی شێعرەکە دەبێ هەیبێ، دەستەبەر نابێ. یەکەمین پێش مەرجێک کە وەرگێڕی شێعر دەبێ هەیبێ ئەوەیە کە بە شێعری بێگانە رەش بین نیە و هۆنیاوانەکەی هەر لەبەر ئەوە کە بەرێکەوت لە شوێنێکی تری ئەم جیهانە لە دایک بووە وەک کەسێک کە بەرپرسیایەتی زمانی خۆی بە جێ نەهێناوە و بە ئەرکی شێعری خۆی خەریک نەبووە، سەیر ناکا، بەڵکوو وەک ئازایەک لە ئەندامی بنەماڵەی شێعر سەیری دەکا. پێش مەرجی دووهەم توانای وەڕێخستنی پێوەندی هەستیانە دەگەڵ شێعری بێگانەیە. واتە وەرگێڕی شێعر دەبێ لە زمانی بێگانە دا ئەوەندە هەنگاوی هەڵگرتبێ کە شێعری بێگانە بتوانێ هەست و عاتیفەی ئەو هەر ئەوجۆرە ببزوێنێ کە شێعری زمانی زکماکی دەیبزوێنێ، ئەوەش تەنیا بە زانستی زمانی دەستەبەر ناکرێ، بەڵکوو هەستیاربوونی زمانیشی پێویستە ئەویش نە بە جارێک، بەڵکوو بەپێی بەسەرچوونی زەمان. پێش مەرجی سێهەم کە چارەنووسی شێعرەکە لە زمانی دەرەنجام دا دیاری دەکا، پێوەندی هەیە بە جەسارەتی وەرگێڕ لە مەوداگرتن لە وشە و ساختوومانی دەقی سەرەکی. ئەم مەوداگرتنە هەر هەمان بابەتە کە وەرگێڕانی ئازادیان ناو لێناوە. وەرگێڕانی ئازاد شتێک نیە جگە لە وەفاداری بەو رۆحەی کە لە دەقی سەرەکی گەڕاوەو هەوڵێکە بە مەبەستی دۆزینەوەی ساختوومانێک لە وشەی زمانی زکماکی کە بەم رۆحە دەرەتانی نەفەس کێشان دەدا. وەرگێڕێک کە بە شێوەی ئازاد وەردەگێڕێتەوە هەمبەرینەسازی وشەیی وەلا دەنێ وکاری خۆی لە بەستێنی بەرانبەری خوازی بە بەربڵاویەک کە لە پشت وشەکان حەشار دراوە بە ئاکام دەگەیەنێ، تا بتوانێ لەم رێگەیەوە دەگەڵ زەینیەت و عاتیفەی شێعرەکە پێوەندی دەروونی بگرێ. بە واتایەکی تر رووگەی ئەم مەوداگرتنە بە هیچ کولووەجێک لە وشەوە بەرەو دەرەوە نیە، بەڵکوو لە وشەوە بەرەو ناوەوە، لە رستەوە بەرەو دەق، و لە رواڵەتەوە بەرەو ناخە. ووەرگێڕێک کە شێوازی ئازاد دەگرێتە بەر، ئەگەر پێویست بکا، ئەم ئیزنە بە خۆی دەدا کە تای بەیتە شێعرەکان وەها لێک هەڵوەشێنێ و رستەکان جۆرێک جێگۆڕکێ پێ بکا کە کێش و سروشتی ئاخافتنی زمانی زکماکی ئەم جۆرە هەڵدەگرێ، بەدەر لەوە کارەکەی تا ئاستی هەمبەرینەسازیکی نەزۆکی وشەیی و بەرواڵەت کردنێکی بێ بار دادەکشێ. وەرگێڕی ئازاد کەسێکە کە ئازادی خۆی بەم هۆیە وەدەست نەهێناوە کە دەگەڵ دوو زمانەکە ئاشنایە، بەڵکوو بۆ ئەم ئازادیە خۆی بە قەرزداری کەسێک دەزانێ کە بێجگە لە خۆی لا بۆ کەسی تر ناکاتەوە، قەرزداری ئەو شاعیرەی دەروونی خۆیەتی کە ئەوەندەدە ئازادە کە بە پێچەوانەی باوەڕی هەمووان زیاتر لە هەرکەسێکی تر لە بەرەنگاربوونەوە دەگەڵ وشەکان ترسی رێ دەنیشێ. هەر ئەو ترسە زاتیەی شاعیری دەروونە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە وەرگێڕی ئازاد بە دڕدۆنگی و هەستیاریەکی تەواو جۆرێک کەرەسەی شێعری زمانی دەسپێک بەکار بێنێ کە واهەست پی بکەی شێعرەکە بۆ یەکەم جار لە زمانی دەرەنجام دا دەهۆنرێتەوە. ئەو مەوداگرتنە لە ئاکام دا شێعرێکی تازەی لە زمانی دەرەنجام لێدەکەوێتەوە کە بەراوەرد کرنی دەگەڵ یەک یەکیان جیاوازی دەبێ وهەڵسەنگاندنی پێ ناوێ. وەڵامی

ئەم پرسیارەش کە وەرگێڕی شێعر ئاخۆ دەبێ بۆخۆی شاعیر بێ یا نا، دەبێ هەر لەم بەستێنە دا بقۆزرێتەوە. بۆ مەوداگرتن دەبێ جەسوور بی و جەسووریش یەکێک لە خدە سەرەکیەکانی شاعیرانە، وەرگێڕێک کە خۆی لە بنەماڵەی شێعر نەبێ و ئەم خدەیەی تێدا بەدی نەکرێ لە ساختوومانی دەقی سەرەکی دا خۆی زیندانی دەکا و ئەم ئیزنە بە خۆی نادا کە لە دەقی سەرەکی مەودا بگرێ و شێعرەکە جارێکی تر ئازادانە لە زمانی زکماکی دا بهۆنێتەوە. شێعری زمانی بێگانە دەتوانین بە ملودێک بشووهبێنین کە بۆ سازێکی ناخۆماڵی نووسراوە. وەرگێڕ ئەگەر بۆی دیاری بکرێ کە ئەم ملودیە بە سازی خۆماڵیش دەژەندرێ ئەگەر بێتوو لە ژەنین دا مەشقی نەبێ تەک مەزرابی ناخۆش دەژەنێ کە هیچ زایەڵەیەکی لە چوارچێوەی کارەکەی دا نابێ. زۆرێک لە کەسانی وەرگێڕی شێعر هەر دەسبەجێ دوای وەرگێڕانی وشەبەوشە، دەس هەڵدەگرن و وادەزانن کە کاری وەرگێڕانیان تەواو بووە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە کاری سەرەکی دوای وەرگێڕانی وشەبەوشەی شێعر، تازە دەس پێدەکا. ئیزن بدەن مەبەستی خۆم بە هێنانەوەی نموونەیەک روونتر کەمەوە:

خاتوو رزەئاوسلندر،شاعیر ئاڵمانی، شێعرێکی هەیە، ئەو وەرگێڕ کە حەزی بە وەرگێڕانی وشەبەوشەیە سەردێرەکەی بە <تینەپەڕیوە> وەرگێڕاوەتەوە و دەقی شێعرەکەشی بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئەوەی کە تێپەڕیوە
تێنەپەڕیوە
لە ناو سللولەکانت
هەروا دەڕوێ
دارێ لە فرمێسک
یا
لە رۆژانی خۆشی رابردوو

وەرگێڕێکی تر کە حەزی بە وەرگێڕانی ئازادە و پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کە شێعر لە سنووری چێژوەرگرتنی شێعری زمانی فارسی ئەولاتر بەرێ سەردەقی ئەو شێعرەی بە <رابردووەکان> وەرگێڕاوەتەوە ودەقی شێعرەکەشی بەم شێوەیەی خوارەوە:

کێ دەڵێ
رابردووەکان رابردوون؟
رابردووی من و تۆ
لە ناو سللولەکانمان
هەروا خەریکی روانن
رابردووی من و تۆ
دارێکە بەرگرتوو
کە فرمێسک و زەردەخەنە
پاراویان کردووە
نا
رابردووەکان
رانەبردوون

ئیزن بدەن لە کۆتایی دا بە کورتیش بێ سەبارەت بە بارودۆخی شێعری هاوچەرخی فارسی لە نێو ئاڵمانیەکان دەگەڵ ئێوەدا باس بکەم: لەم پێوەندیە دا دەبێ بڵێم کە بە داخەوە هەولێک کە لە سی ساڵی رابردوو دا بە مەبەستی ناساندنی شێعری هاوچەرخی فارسی بە ئاڵمانی هاتۆتە ئاراوە ئاکامێکی ئەوتۆی نەبووە، یانی ئەوجۆرەی کە بۆ نموونە شێعری ئامریکای لاتین یا شێعری رووسی و لەهێستانی و تورکی و عەرەبی لە ئاڵمان دنگدانەوەی باشیان بووە، شێعری فارسی نەیبووە. تا ئێستا سێ هەنگاوی شێلگیرانە بە مەبەستی ناساندنی شێعری هاوچەرخی فارسی بە ئاڵمانی هەڵاتۆتەوە: بۆ یەکەم جار بەرێز سیروس ئاتابای لە ئاخرئۆخرەکانی ٦٠ی زایینی دا هەڵبژاردەیەک لە شێعری شاعیرانی ناودار و ئاسایی لە کۆمەڵە شێعرێک بە ناوی Vcn Morgen Die Gesaenge بڵاو کردەوە کەسەهلە، شوێن دانانی نەبوو، بێ دەنگیش مایەوە. هەولی دووهەم بەرێز کورت شارف لە سەرەتاکانی دەیەی هەشتا گرتیە بەر و وەرگێڕی هەڵبژاردەیەک لە شێعری شاعیرانی هاوچەخی ئێران لە ژێر ناوی Noch immer denke ich an jenen Raben بڵاو کردەوە کە ئەم کتێبەش چارەنووسەکەی هەر وەک کتێبەکەی بەرێز ئاتابای لێهات.بەڵام لە سەرەتاکانی دەیەی نەوەد یەکێک لە شاعیرانی نوێخوازی هاوچەرخی ئێران کە لە شێوازی خۆی دا بێ هاوتا بوو، شانسێکی بە نسیب بوو: بەرێز کورت شارف توانی سەرنجی بۆنگایەکی جێمتمانەی چاپی کتێبی ئاڵمان بۆ چاپی وەرگێڕانی هەڵبژاردەیەک لە شێعرەکانی فرووغی فەرووغزاد کە بۆخۆی وەریگێڕابوونەوە سەر زمانی ئاڵمانی بۆ لای خۆی راکێشێ. ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٩٢ لە ژێر ناوی Jene Tage لە چاپ و پەخشی <زورکامپ>ی ئاڵمان دا بڵاو بۆوەو فرووغی تووشی چارەنووسێک کرد کە من ئەم چارەنووسە بۆ هیچکام لە شاعیرانی هاوچەرخی ئێرانی و تەنانەت غەیرە ئێرانی بۆ بەئاوات ناخوازم. من تەنانەت دەگەڵ خوودی


زمانی ئاڵمانیش کە لەم کتێبە دا تووشی سەرلێشێواوی و پەرێشانی هاتووە هاودەردی خۆم دەردەبڕم. شێعری فرووغ لەوەی کە پێکهاتەی مۆسیقایەکی بەهێزی هەیە و تەواو ملودیکە، دەکەوێتە بەرەی ئەم شێعرانەی کە بۆ وەرگێڕان خۆ بەدەستەوە نادەن. وەرگێڕ دەبێ ئەوەندە بەهەست و گوێ سوک بێ، تا بتوانێ بە جۆرێک لە جۆرەکان جوانیەکانی زمانی شێعری فرووغ لە کارەکانی دا رەنگ بدەنەوە. بەڵام هەر دەڵەی بێ پێچ و پەنایی و لە دڵان نزیکی زمانی شێعری فرووغ، وەرگێڕەکان وەها بە هەڵەدا دەبا کە پێیان وایە ئەم شێعرە بە هاسانی وەردەگێڕدرێتەوە. بە ئەزموون دیتراوە کە شێعرێک کە لە زمانی دەرەنجام دا بە باشی وەرگێڕدابێتەوە، تەنانەت ئەگەر لە ناوەرۆکی دەقی سەرەکی مەودای زۆری گرتبێ دیسان کاریگەری خۆی هەر هەیە، نموونەی ئاشکرای ئەم وتەیە وەرگێڕانی ئینگلیزی فیتزجراڵد لە چوارینەکانی خەییامە. تەنانەت دیتراوە کە وەرگێڕ وشەیەک لە رستەی دەقی سەرەکی بە هەڵە وەرگرتووە، بەڵام هەڵەی خۆی وەها لە نێو بابەتەکە دا نێوئاخن کردووە کە رستەی وەرگێڕدراو هەربەرێکەوت سیرەی لە رستەی سەرەکی گرتووە و بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، کەوتۆتە سەرزاران. بەناوبانگترین نموونەیەک کە لەم بەستێنە دا دەتوانین ئاماژەی پێبکەین ئایەی ئەوەڵ لە بەشی ئەوەڵی ئینجیلی یوحنایە کە وەرگێڕ واژەی <لوگوس>ی لەم ئایەدا بە <وشە> وەرگێڕاوەتەوە و رستەکەی ئاوا هێناوە: سەرەتا وشە بوو، وشە لە لای خوودا بوو،وشە خوودا بوو، لە حاڵێکدا مەبەستی بەرێز یوحنا <وشە> نەبووە، ئەو مانایەکی تری ئەم واژەیەی مەبەست بووە کە وەرگێڕانە درووستەکەی دەبێتە <ژیری> . ئەگەر وەرگێڕ درووست وەریگێڕاباوە وگووتبایەی <سەرەتا ژیری بوو، ژیری لە لای خوودا بوو، ژیری خوودا بوو> ئەم بابەتە بە دڵنیایەوە وەها نابانگی دەرنەدەکرد، لە باشترین حاڵەتی دا دەیتوانی ئارام کەرەوەی ئەم کەسانە بێت کە دەرهەق بە جیهان واقیان وڕ ماوە و بێ ئەوەی کە بە ئەنجام بگەن و لەم پێوەندیە دا کەماڵ وەدەست بێنن و جیهانی ئافڕاندن بناسن، بە شوێن سوکە پێناسەیەک و خولقێنەرەوە دەبوون. بەڵام وەرگێڕانی شێعرەکانی فرووغ بە زمانی ئاڵمانی بە داخەوە تووشی هیچکام لەو چارەنووسانە نەبووە.پێکهاتەی دەرەکی ئەم شێعرانە بێ کەڵک و وازرەتێنن. ئەوەی کە لە ناوەوە خوێنەر لە چاوەڕوانی دا دەهێڵێتەوەو زۆرجار هەستی وڕمانی هەڵدەخڕێنێ و لە هەمبەر پرسیارگەلێکی بێ وڵام دەیهێلێتەوە، یا زۆرجار لە شوێن گەلێک دا کە جێی نیە، وەپێکەنینی دەخا. بووکە چینی قورمیش کراوی فرووغ لە کۆپلەی ئاخری ئەم شێعرە دا بووکەچینی نیە، کە کاتێ دەستی لێدەدەن بێ هۆ هاوار دەکا و دەڵێ <ئای من چەندە بەختەوەرم>. ئێوە ئەگەر بزانن کە فرووغ لە دەقی سەرەکی دا چی گووتووە، رەنگە خوێندنەوەی ئەم شێعرە وەگێڕاوانەتان ئەوەندە لا سەیر نەبێ، بەڵام کاتێ خوێنەرێکی ئاڵمانی زمان کە ناتوانێ ئەم هەڵسەنگاندنە بکا کاتێ دەگەڵ وەها دیمەنێک رووبەڕوو دەبێ لە هەڵوێستی وەها بووکەچینیەک هێندێک سەری سووڕ دەمێنێ. کاتێکیش دەگەڵ ماسی شێعر<بە عەلی گووت رۆژێ دایکی> ئاشنا دەبێ وەپێکەنین دەکەوێ؛ چوونکە ئەم ماسیە لە بەر زکی دا باڵەی نیە، باڵەیەک کە فرووغ بە <بارۆشەی فەڕەنگی> شوبهاندووە و گووتوویە: بە بارۆشەفەرەنگیەکەی دەموچاوی ئاوی دەلاواند> کە ئەم باڵەیە لە دەقەکەی بەرێز شارف دا بە هەوا کێش یا پەنکە وەرگێڕدراوە کە خوێنەری ئاڵمانی زمان زۆرتر وەبیر یەک ژێردەریایی دەخاتەوە تا ماسیەک. دەڵێن لە قەتڵی شاعیری رووسی ئوسیپ ماندلشتام دا دوو کەس شەریک بوون: ئیستالین و وەرگێڕی ناشی. من کاتێ کتێبی بەرێز شارف دەخوێنمەوە هەست دەکەم فرووغ جارێکی تر گیانی خۆی لە دەست داوە، ئەم جارەیان نە لە تاران، بەڵکوو لە فرانکفۆڕت. بەرێز شارف ئەگەر فرووغی وشە بە وشە، بەڵام درووست وەرگێڕاباوە کاریگەری زەبرەکە ئەوەنەدە سامناک نەدەبوو. فرووغ لە شێعری <دیاری>دا دەڵێ:

من لەوپەڕی شەو دەدوێم
من لەوپەڕی تاریکی
بەڵێ لەوپەڕی شەو دەدوێم

بۆ ماڵی من ئەگەر هاتی خۆشەویستم چرایەک بێنە
دەگەڵ دەربیچەیەک کە لەوێوە
سەیری کۆمەڵی کۆڵانی بەختەوەرکەم

ئەم شێعرە بەشی خۆی قسەی بۆ گووتن پێیە کە ئەگەر وەرگێڕ تەنانەت وشەبەوشەش بەڵام درووست وەریگێڕێ کاردانەوەی خۆی هەر هەیە و کاریگەری خۆی لە سەر خوێنەر هەر دەبێ. ئەم شێعرە بەڵام لە وەرگێڕانی بەرێز شارف دا ئاوا هاتووە:

من لە کۆتایی شەو دەدوێم
من لە کۆتایی تاریکی



بەڵێ لە کۆتایی شەو دەدوێم
بەرەو ماڵی من ئەگەر هاتی ئەی خۆشەویسترین یار
گڵۆپێکم بۆ بێنە
دەگەڵ دەربیچەیەک
کە لەوێوە
سەیری کۆمەڵی کۆڵانی بەختەوەر کەم.

وەک دەبینین قسەکانی فرووغ لەم وەرگێڕانە دا تەواو بە پێچەوانە وەرگێڕدراونەوە، واتە کاتێ فرووغ دەڵێ <من لەوپەڕی شەو دەدوێم> بەرێز شارف <ئەوپەڕی شەو> بە <کۆتایی شەو> وەرگێڕاوەتەوە و هەستی بەوە نەکردووە کە ئەگەر شاعیر لە کۆتایی شەو واتە دەسپێکی ڕووناکی و بەیانی، دەدوێ، ئیتر چ حەوجێەکی بە تیشک و دەربیچە هەیە. هیچ مەعلووم نیە کە وەرگێڕ بۆچی کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەم شێعرە. هەرلەبەر ئەوەیشە کە ئەم شێعرە و شێعرەکانی تریش کە هەر لە مایەکی ئەوتۆ دا وەگێڕدراونەوە بڕیارێکی وا لە هەستی خوێنەر دا هەڵدەخرێنن کە فڕی بەسەر ڕاستیەکانەوە نیە. خوێنەری ئاڵمانی زمان لە باشترین حاڵەت دا ئەگەرکوو فرووغ وەک ئەندامێک لە بنەماڵەی جیهانی شێعر سەیر بکا پلەیەک کە لەم بنەماڵەیە پێی دەدا، ئەو پلەیە نیە کە شیاوی فرووغ بێ.

شێعری هاوچەرخی ئێران بە وەرگێڕانی چەند شێعر و نووسینی پاشکۆیەک ئەوجۆرەی کە بایەدوشایەدە ناناسرێ. ئەم شێعرە هەر لە دەسپێکی داهێنانیەوە تێکەڵی هێندێک باس و خواستی مێژوویی و جۆگرافی و زمانی بووە کە بۆ خوێنەری ئورووپایی بە هۆی جیاوازە فەرهەنگیەکان بە هاسانی خۆ بەدەستەوە نادا. ئەرکی دژوار ودوولایەنە کە وەرگێڕی ئەم شێعرە دەگەڵی ڕووبەڕوویە ئەوەیە کە لە پەنا وەرگێڕانێکی شیاو لەم شێعرە، ئەو بەستێنەی کە ئەم شێعرە تێدا ڕسکاوە جۆرێک بناسێنێ کە خوێنەری ئورووپایی بتوانێ لەم شێعرە نزیک ببێتەوە. من هیوادارم لە دەرفەتێکی تر دا بتوانم ئەم بابەتە زۆرتر تاووتوێ بکەم. مەمنوونم.

***

**محمەد تەرەغە:**
ئەم شێعرانەی خوارەوەم لە زمانی فارسیەوە وەرگێڕاوەتەوە.

شەهید
**ئیرەج قەنبەری**

شەهید چ ئاسمانێکی زووڵاڵە
کاتێ مەرگ
لە بەرانبەری
کراسی گوڵە شەقایەق دەکاتە بەری و
وەرز دەبێتە وەرزی گوڵاڵە سوورە

**یەدووڵا ڕوویایی**

لەبەرابەرم بەرابەریە
بەردی بەرابەر
بەرابەریەک لە بەرد
دانە گەنمێک کە ئاشم بە خوێن دەگەڕێ

**یوزێف زینکلایەر**

١
پێشکەش بە تۆیان دەکەم
«با»و «باران» و
بەرزترین شێعرم کە تەنیا ڕستەیەکە
خۆشم دەوێی!

٢

چیها ڕۆژان و شەوانی زستان
خۆشم ویستی
بەر لەوەی لەدایک بم
چیها ڕۆژان و شەوانی پاییز
خۆشم ویستی
بەر لەوەی لە دایک بم
وە چیها شەوان و ڕۆژانی
دوای مەرگم
هەر وا خۆشم دەوێی.

٣
بە عیشقی تۆوە لە دایک بووم
بە عیشقی تۆوە دەژیم
بە عیشقی تۆوەش دەمرم.

سەرچاوە: وێبلاگی پیت

# ژیانی ئۆژن پۆتیە

وەرگێڕانی لە فارسیەوە: ئازاد ٨٢



ئۆژن پۆتیە، ئەو شاعیرە مەزن و شۆڕشگێڕە بوو کە شێعری "ئەنترناسیۆناڵی"لە دوا رۆژی شکستی کۆمۆنی پاریس لە ساڵی ١٨٧١ی زایینی دا نووسی. کۆمۆنی پاریس وەك یەکەم هەوڵی چینی کرێکار بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات دێتە ئەژمار. ئەم شێعرە ئێستا بۆتە سروودی کرێکارانی وشیار لە تەواوی وڵاتەکانی جیهان. بیست و پێنج ساڵ پاش مەرگی "پۆتیە"، لنین بابەتێکی لە بارەی ئەم شێعرە و نووسەرەکەیەوە نووسی کە بەم جۆرەی خوارەوەیە:

"نوامبری ساڵی رابردوو واتا ساڵی ١٩١٢ی زایینی، بەرامبەر بوو لەگەڵ بیست و پێنجەمین ساڵیادی مەرگی کرێکار و شاعیری شۆڕشگێڕی فەڕانسەوی، ئۆژن پۆتیە. ئەو نووسەری شێعری بەناوبانگی "ئەنترناسیۆناڵ"ە: هەستن ئەی هۆزی بەشمەینەتان دیلانی برسیەتی دنیا..." ئەم شێعرە وەرگێڕدراوەتەوە سەر تەواوی زمانە زیندووەکانی جیهان لەوانە: زمانی ئوروپایی و هیتر... کاتێك کە دەستی چارەنووس، کرێکارێکی وشیار فڕێ دەداتە سووچێکی ئەم جیهانە پان و بەرینە کە ئەو خۆی تێدا بە نامۆ، بێگانە، نائاشنا بە زمان و بآ دۆست و هاوڕێ و دوور لە وڵاتەکەی دەبینآ، بە سۆز و زایەڵەی "ئەنترناسیۆناڵ" دەتوانێ دۆست و هاوڕێکانی خۆی بدۆزێتەوە. چینی کرێکار لە تەواوی وڵاتەکان، بەرهەمی ئەم خەباتکارە شوێنگر و شاعیرەی پرۆلتریبیان پەسەند کردووە و کردوویانەتە شێعری جیهانی پرۆلتاریا و ئێستا بەم جۆرە کرێکارانی هەموو جیهان رێز دەگرن لە یاد و بیرەوەریەکانی ئۆژن پۆتیە. هاوسەر و کچەکەی هەر ئێستاش لە ژیاندان و بە هەژاری و دەست کورتی رۆژگار بەسەر دەبەن. تەمەنی نووسەری "ئەنترناسیۆناڵ"یش بە هەژاری تێپەڕ بوو. ئەو بەرواری ٤ی ئۆکتۆبری ١٨١٦ی زایینی لە پاریس چاوی بە ژیان پشکوت. ئۆژن پۆتیە، لە تەمەنی چاردە ساڵیدا یەکەمین ئاوازی خۆی لەژێر ناوی "بژی ئازادی" نووسی و ساڵی ١٨٤٨ وەك خەباتکارێك چووە سەنگەری عەزیمی کرێکاران لە دژی بورژوازی.

"پۆتیە" لە بنەماڵەیەکی هەژاردا هاتە دنیاوە و تەواوی تەمەنی بە هەژاری تێپەڕ کرد. ئەو سەرەتا وەك کرێکاری بەستە بەندی لە کارگەیەك دا کاری دەکرد و لەو رێگایەوە ژیانی خۆی دابین دەکرد.

لە ساڵی ١٨٤٠ بەم لاوە، بە شێعر وڵامی تەواوی رووداوە گرینگەکانی مێژووی فەڕانسەی دایەوە، تۆوی وشیاری لەناو جەماوەری پاشکەوتوودا چاند، بانگەشەی یەکگرتوو بوونی کرێکارانی کرد و بورژوازی و دەسەڵاتی بورژوازی فەڕانسەی دایە بەر تازیانە.

لە رۆژەکانی کۆمۆنی مەزنی پاریس "١٨٧١"، پۆتیە لەکۆی ٣٦٠٠ دەنگ، ٣٣٥٢ دەنگی بەدستهێنا و وەك ئەندامی کۆمۆن هەڵبژێردرا. ئەو لە چالاکیەکانی یەکەمین حکومەتی پرۆلتری واتا "کۆمۆن"دا هەڵسووڕاوانە بەشداری کرد.

رووخانی کۆمۆن، پۆتیەی ناچار کرد بۆ خۆ دەرباز کردن رووبکاتە ئینگلستان و دواتر بچێتە ئامریکا. ئەو شێعری بەناوبانگی "ئەنترناسیۆناڵ"ی مانگی ژوئێنی ١٨٧١ لە سبەینێی شکستی خوێناوی و لە مانگی مەی دا نووسیوە. کۆمۆن تێك شکا، بەڵام "ئەنترناسیۆناڵ"ی پۆتیە، ئەندێشە و بیروباوەڕەکانی کۆمۆنی لە سەرتاسەری جیهان بڵاو کردەوە و ئێستا ئەم بیرەباوەڕە لە هەموو کاتێك زیندووترە. پۆتیە ساڵی ١٨٧٦ لە تاراوگە شێعری " لەکرێکارانی ئامریکاوە بۆ کرێکارانی فەڕانسە"ی نووسی. ئەو لەو شێعرەدا ژیانی کرێکارانی لەژێر کۆت و بەندی ئیمپریالیسم، هەژاری، کاری تاقەت پڕوکێن، چەوسانەوە و باوەڕی پتەوی ئەوان بە دوا رۆژی سەرکەوتنی وێنا کردووە. پاش تێپەڕ بوونی تەنیا ٩ ساڵ بەسەر کۆمۆن دا، پۆتیە گەڕایەوە بۆ فەڕانسە و بە "حیزبی کرێکاران"ەوە پەیوەست بوو. بەرگی یەکەمی دیوانەکەی لە ساڵی ١٨٨٤ و بەرگی دووهەم لەژێر ناوی




"ئاوازە شۆڕشگێڕەکان" لە ساڵی ١٨٨٧دا چاپ و بڵاو کرایەوە. کۆمەڵێکیش لە ئاوازەکانی ئەم کرێکارە شاعیرە، پاش مەرگی ئەو بڵاو کرانەوە.

ڕۆژی ٨ی نوامبری ساڵی ١٨٨٧، تەرمی ئۆژن پۆتیە لە لایەن کرێکارانی پاریسەوە گواسترایەوە بۆ گۆڕستانی "پەرلاشێز" شوێنی بەخاك سپاردنی کۆمۆنارە ئێعدام کراوەکان و لە کاتی بەخاك سپاردنی دا، پۆلیس بە شێوەیەکی وەحشیانە هێرشی کردە سەر جەماوەرەکە بۆ ئەوەی بە زەبر و زۆر ئاڵای سوریان لە دەست دەربێنێ. جەماوەرێکی بەرین لەو ڕێورەسمەدا بەشدار بوون و لەهەر لاوە هاواری "بژی پۆتیە!" دەگەیشتە گوێ.

پۆتیە لە هەژاری دا مرد، بەڵام ئەو لە پاش مەرگی خۆی یادگاریەکی ئەوتۆی جێهێشتووە کە زیندووتر و هەمیشەیی تر لە هەر بەرهەمێکی خوڵقاوی دەستی مرۆڤە. پۆتیە یەکێك بوو لە گەورەترین برەو پێدەرانی ئاواز دانەر. کاتێك ئەو یەکەمین ئاوازی نووسی، ژمارەی کرێکارانی سۆسیالیست ئەوپەڕی دەگەیشتە دە کەس، بەڵام ئێستا دەیان ملیۆن پرولتر لەگەڵ شێعری مێژوویی ئۆژن پۆتیە ئاشنان.

ئەم بابەتەی خوارەوە کە زەمینەی مێژوویی پەیدا بوون و هاتنە ئارای سروودی "ئەنترناسیۆناڵ" شرۆڤە دەکات، ساڵی ١٩٧٢ لە حەوتوونامەی "خەبەرنامەی پکەن" وەرگیراوە.

١٨ی مارسی ١٨٧١، پرولتاریا و جەماوەری پاریس شۆڕشێکی چەکدارانە و دلێرانەیان وەڕێخست و کۆمۆنی پاریسیان دامەزراند. ئەمە یەکەمین دەسەڵاتی پرولتری مێژووی مرۆڤایەتی، یەکەمین هەوڵی عەزیمی پرولتاریا بە ئاراستەی لە گۆڕانی بورژوازی و دامەزراندنی دیکتاتۆری پرولتاریا بوو. کۆمۆنی پاریس بە وەسیلەی هێرشی دڕندانە و سەرکوتی خوێناوی "تی یەر"ی جەللاد و بە هاوکاری "بیسمارك" شکستی هێنا. بەڵام هەر ئەو جۆرەی کە مارکس ئاماژەی پێدەدات: بزووتنەوەی شکۆدار و پڕ شانازی ١٨ ی مارس، "سەرەتا و دەستپێکی شۆڕشێکی مەزنی کۆمەڵایەتی بوو کە بۆ هەتا هەتایە مرۆڤایەتی لە چنگ دەسەڵاتی چینایەتی رزگار دەکات".

ئەندامانی کۆمۆنی پاریس خۆڕاگرییەکی گەلێك قارەمانانە و لەخۆ بوردووانەیان لە بەرامبەر دوژمنانی چینایەتی ناوخۆ و دەرەوە لە خۆ نیشان دا. لەو شۆڕشە خوێناویەدا، شەقامەکان بە تەرم داپۆشرابوون و رووباری خوێن لە هەموو شوێنێکی پاریس شەپۆلی دەدا. قەتڵی عام و بەدواداچوونەکان تا سەرەتای ژوئێن بەردەوام بوو. رۆژنامەیەکی "وۆرسایی" لە رێکەوتی ٣٠ی مانگی مەی دا هەواڵی دەستبەسەر بوون و کوژرانی "ئۆژن پۆتیە"ی بڵاو کردەوە، بەڵام لە راستیدا ئەو خۆی حەشار دابوو. لە ناو رهێڵەی گولله و ئاگردا، لەژێر تەوژمی هەڕەشەی مەرگ دا، ئەو کاتەی کە عەرەبانەکان تەرمی قوربانیەکانیان بە بەر پەنجەرەی ماڵەکاندا دەگواستەوە، ئەم شاعیرە پرولترە مەزنەی ئێمە لە سەرەتاکانی مانگی ژوئێن دا لە دەوروبەری پاریس بەسەری دەبردو و بە بێ ئەوەیکە ورەی بەرزی لە دەست بدات و هیچ شڵەژان و هەراسێکی لێ بنیشێ، ئەزموونەکانی شکستی هەڵدەسەنگاند و هەستە پڕ جۆش و خرۆشەکانی دەکرد بە وشەیەك بۆ هەوێنی شێعرێکی بەرز و سەرۆ بەخش: "ئەنترناسیۆناڵ". ئەم شێعرە لیواولێو بوو لە باوەڕ بە سەرکەوتنی بێ ئەملاو ئەولای ئەمری کۆمۆنیسم و ئیرادەی پتەوی ئەو کۆیلانەی کە مێژوویان خوڵقاند.

"ئەنترناسیۆناڵ" پێش بینی دەکرد کە:" لێبگەڕێ با هەر شتیك جێگا و شوێنی خۆی بدۆزێتەوە، دەبا "ئەنترناسیۆناڵ" ببێتە بنچینەی مرۆڤ". پۆتیە بەو شێعرەی خۆی، بناغەی مۆنیومێنتێکی پایەدار و هەمیشە زیندووی بۆ ئەندامانی کۆمۆنی پاریس دامەزراند و "ئەنترناسیۆناڵ" هاوکات بانگەشەی قارەمانەکانی کۆمۆن بوو بۆ نەوەکانی داهاتوو

که شۆڕش تا کۆتایی بەرەو پێش ببەن.

مانگی ژوئێنی ١٨٨٨، واتا شەش مانگ پاش مەرگی پۆتیە، "پی یەر دۆژیتە" بۆ یەکەم جار سروودی "ئەنترناسیۆناڵ"ی ووت. جەوهەر و ناوەڕۆکی "ئەنترناسیۆناڵ" زەوقی ئەم کرێکار و ئاوازدانەرە فەڕانسەویەی بزواند. بە جۆرێك کە پێداچوونەوە بە ئەزموونی مێژوویی بزووتنەوەی کرێکاری، ئەوی خستەوە بیری زۆر شت، لەوانە: "پۆتیە"، دیمەنەکانی شەڕی قارەمانانەی کۆمۆنی پاریس و... وەك ئەوەی کە گەڕابێتەوە بۆ ساڵی مەزنی ١٨٧١. بۆیە هەرکە شەو داهات، کاری ئاهەنگ دانانی لەسەر "ئەنترناسیۆناڵ" بە ئۆرگە سادەکەی خۆی دەست پێکرد. "دوژیتە" سەرانسەری شەو پڕاوپڕ کاری کرد و کاتێك ئەرکەکەی بە سەرەنجام گەیشت کە رۆژ لە ئاسۆگ دەرکەوتبوو.

ئەم ئاواز دانەرە، مانگی ژوئییەی ١٨٨٨، لە کۆبوونەوەیەك دا کە لە لایەن رۆژنامەوانان لە شاری "لیل" پێکهاتبوو، رێبەرایەتی یەکەمین کۆڕی "ئەنترناسیۆناڵ"ی کرد. دوابەدوای ئەوە، ئەنترناسیۆناڵ لە تەواوی فەڕانسە و جیهان بڵاوبۆتەوە و بۆتە بانگەوازی خەبات و سروودی هاوپشتی چینی کرێکار لە هەموو جیهان.

***




## سروودی ئەنترناسیۆناڵ

**هەستن ئەی هۆزی بەش مەینەتان دیلانی برسێتی دنیا**
**لە تەنوورەی بیر و باوەڕمان قرمژنی تریشقە راسا**
**تەنوورەی ئاخرینە هەستن با هەڵیپێچین دەورەی کۆن**
**رابین و ژێر و ژوور کەین جیهان ئێمەی هیچ بین بە گشت ئەی کۆیلان**

**ئاخرین شەڕە شەڕی سەر و ماڵ**
**با یەکگرتوو بین ئەی هەڤاڵان**
**بە ئەنترناسیۆناڵ رزگار دەبێت ئینسان**

**دەسەڵاتدار رزگارمان ناکەن نەشا، نە شێخ، نە ئاسمان**
**با خۆمان بۆ رزگاری رابین ئەی خێڵی بەرهەم هێنەران**
**رزگاری گشتی بێ و رەها کەین گیان لە بەند و ماڵ لە تاڵان**
**خۆمان ئاگر خۆش کەین و بوکتین بە گەرما و گەرمی ئاسنمان**

**ئاخرین شەڕە شەڕی سەر و ماڵ**
**با یەکگرتوو بین ئەی هەڤاڵان**
**بە ئەنترناسیۆناڵ رزگار دەبێت ئینسان**

**ئێمەین کرێکاران و وەرزێران کۆمەڵی مەزنی زەحمەتکێش**
**هەر بە ئێمە دەبڕێ جیهان تاکەی بۆ تەوەزەلی خوێن رێژ**
**بەڵام ئەمرۆ سبەی ئەی هەڤاڵان هەر کە فەوتان قەل و داڵان**
**هەتاوی گەش هەتا هەتایە تیشک داوێژێ بۆ ئینسان**

**ئاخرین شەڕە شەڕی سەر و ماڵ**
**با یەکگرتوو بین ئەی هەڤاڵان**
**بە ئەنترناسیۆناڵ رزگار دەبێ ئینسان**

# فەرزاد کەمانگەر: من مامۆستا دەمێنمەوە و تۆش هەر پاسەوانی زیندان

و: شێرکۆ جیهانی



زێئوس، خودای خودایان فەرمانی دا، پڕۆمتەی نافەرمان بە زنجیر بکێشن. ئا بەم جۆرە، حەکایەتی من و تۆ، دەستی پێ کردووە ...(١)

تۆ میرات گری پاسەوانانی زێئۆسی، تا هەموو ڕۆژێک چاوەدێری بکەی لە ڕۆڵەیەک ، لە ڕەگەزی خۆرەتاو و ڕووناکایی . بۆ من و تۆ زیندان دوو واتای جیاواز دەبەخشێت. دوو کەس لە دوو بەری دیوارێک، بە دەرگایەکی ئاسنین و ڕۆچنەیەکی بچووک لە نێوی دا. تۆ لە دەرەوەی سیللول، منیش لە ناخی سیللول دا. ئێستا وا باشترە یەکتر بە باشی بناسین.

من مامۆستایەکی قوتابخانەم. نا ... نا... من خوێندکارێکی سەمەدی بێهرەنگیم (٢). هەر ئەو کەسەی کە چیرۆکی ئۆلدوز و قشەلاکان و ماسی ڕەشی بچکۆڵەی نووسی، تا فێری هەموو کەس بکات، جوڵانەوە و وەڕێ کەوتن.
دەیناسی!؟ باش دەزانم کە نایناسی.

من شاگردی خان عەلیم. هەر ئەو مامۆستایەی کە فێری کردین کە چۆن لە سەر تەختەی ڕەشی ناو کلاسەکەمان، وێنەی خۆرەتاو بکێشینەوە، تا بە تیشکی خۆی، شەمشەمەکوێرەکان بڕەوێنێ.
دەزانی ئەو کێ بوو !؟

من هاوکاری بەهمەنی عیزەتیم (٣)، ئەو پیاوەی کە هەموو کاتێک بۆنی بارانی لێ دەهات. مرۆڤێک کە هێشتا خەڵکی کرماشان و گوندەکانی دەوروبەری، لە گەڵ یەکەمین بارانی پاییزی دا، یادی دەکەن.
هیچ دەزانی کە ئەو کێ بوو !؟ باش دەزانم کە نازانی.

من مامۆستام. لە شاگردەکانم، پێکەنین و پرسیار کردنم بە میرات گرتووە.

ئێستا کە منت ناسی، تۆش خۆتم پێ بناسێنە.
هاوکارەکانت کێ بوون؟ ئەم توڕەیی و نەفرەتەی ناو دەرۆنت لە کێ بە میرات گرتووە؟! ئەو کەلەبچانەی دەست و پێ، لە چ کەسێکەوە بۆ تۆ بە جێ ماوە ؟! لە سیاچاڵەکانی زوحاک !؟

لە خۆت بدوێ. تۆ کێی !؟
ئەوەندە من لە کەلەبچە و زنجیر و قامچی، لە دیوارەکانی قاییمی ٢٠٩، لە کامێراکانی ئێلێکترۆنیکی زیندان، لە دەرگاکانی قاییمی، مەترسێنە. ئیتر هیچ خۆفێکم نییە لەو شتانە . توڕە مەبە. مەقیژێنە.لە بەر ئەوەی سەری خۆم بەرز کردووەتەوە، بە مست لە دڵی من مەکوتە. هێشتا بەسەرهاتی مستی تۆ و سەری ژنێکی زیندانم هەر لە بیرە.(٤)

لێم مەدە بە تاوانی گوتنەوەی گۆرانی. ئەمن کورد. ئەژدادی من، ئەوینی خۆیان، ئێش و ژان و تێکۆشان و تەواوی هەبوونی خۆیان، لەم گۆرانی و ئاوازانە، بۆ من بە یادگار جێ هێشتووە. من دەبێ گۆرانی بڵێم و تۆش دەبێ

گوێی لێ ڕاگری. وە تۆ دەبێ گوێ بیسی گۆرانیەکانم بی. دەزانم ئازارت دەدەن.

دەست مەکە بە لێدانی من، لە بەر ئەوەی لە کاتی پیاسە کردن، دەنگی هەنگاوەکانم دێت. ئاخر دایکم فێری کردووم، بە هەنگاوەکانم لە گەڵ زەوی بدوێم. لە نێوان من و زەوی دا پەیمانێک بەستراوە و پێوەندیەک، تا زەوی پڕ بکەم لە جوانی و لە پێکەنین. کە وابوو لێ گەڕێ هەنگاو بنێم. لێ گەڕێ، گوێ بیسی دەنگی هەنگاوەکانم بێت. لێگەڕێ تا زەوی بزانێت، هێشتا زیندووم و هیوادار.

قەڵەم و کاغەزم لێ مەستێنە. دەمهەوێ بۆ منداڵانی وڵاتەکەم، لایەلایەیەک بنووسم. پڕ لە هیوا، پڕ لە چیرۆکەکانی سەمەد و ژیانی ئەو، خانعەلی و ئاواتەکانی، عیزەتی و شاگردەکانی. دەمهەوێ بنووسم. دەمهەوێ لە ناو سیللول، هەر لێرەوە، لە گەڵ خەڵکی خۆم دا بدوێم. تێدەگەی کە من چی دەڵێم !؟


باش دەزانم تۆیان وەها ڕاهێناوە، نەفرەت بکەی لە ڕووناکی، لە جوانیەکان، لە ڕامان و بیرکردنەوە. بەڵام مەترسێ. وەرە ناو سیللولەکەم، میوانی سفرەی بچووک و هەڵدڕاوی من بە. بڕوانە کە من چلۆن هەموو شەوێک، شاگردەکانم دەکەم بە میوانی خۆم. بڕوانە کە چۆن چیرۆکیان بۆ دەڵێم. بەڵام خۆ تۆ ئیزنی ئەوەت نییە ببینی. تۆ ئیزنی ئەوەت نییە ببیسی. تۆ پێویستە ئەویندار بی. پێویستە ببی بە مرۆڤ. دەبێ بێیتە ئەو بەری ئائەم دەرگایە، بۆ ئەوەی تێبگەی چی دەڵێم.

چاوم لێبکە تا بزانی جیاوازی لە نێوان من و تۆ چییە ؟
من هەموو ڕۆژێک لە سەر دیواری سیللولەکەم، دەستەکانی خۆشەویستەکەم و چاوە جوانەکانی دەکێشمەوە و دەستەکانی بە دەست دەگرم. گەرمای ژیان، لە ناو پەنجەکانی ئەو دا و حەز و چاوەڕوانیش لە ناو چاوەکانی، هەست پێ دەکەم. بەڵام تۆ هەموو ڕۆژێک، بە گۆپاڵی دەستت، نیگاری پەنجەکانی سەر دیوار دەشکێنی و چاوەکانی چاو لە ڕێگای دەردەهێنی و دیوارەکەم لێ ڕەش دەکەی.

دونیای تۆ هەموو کاتێک تاریکایی و زیندانە و هەست کردن بە ڕووناکایی، ڕەنجت دەدات. من چەندین مانگە چاوەڕوانی دیتنی ئاسمانێکی پڕ ئەستێرەم. ئاسمانێک کە ئەستێرەکانی سەرکەش لە ناوی دا، لەو بەری ئاسمانەوە بۆ ئەو لای تر ، ڕابخوشێن و جەرگی تاریکی هەڵدڕن. بەڵام تۆ بە ساڵانە لە ناو تاریکی دا دەژی. شەوانی تۆ بێ ئەستێرەن. هیچ دەزانی شەوی بێ ئەستێرە چییە !؟ ئاسمانی هەمیشە شەو واتای چییە !؟

ئەگەر ئەوجارە بۆ **٢٠٩** هاتمەوە، وەرە ناو ژووری سیللولەکەم. من گەلێک ئاواتت بۆ دەخوازم. بەڵام نەک لە شێوەی دۆعاکانی تۆ کە یەک پارچە لە ئاگر و ترسی جەهەننەم پێک هاتوون. داخوازەکانی من، پڕ لە هیوا و پێکەنین و ئەوینن. وەرە ناو ژووری سیللولەکەم، تا نهێنی دواترین پێکەنینی عیزەتی، لە کاتی لەسێدارە دانت بۆ بدرکێنم. دەزانم کە جارێکی دیکە، دەمهێننەوە ناو زیندانی ٢٠٩، لە کاتێک دا ، بە هەموو بوونی پڕ لە کین و نەفرەتی خۆتەوە، بە سەر سەرم دا دەقیژێنی و منیش جارێکی دیکە، دڵم بە حاڵی تۆ و ئەو جیهانە بچووکەی بۆ خۆت ساز کردووە، دەسووتێ. من دەگەڕێمەوە، لە کاتێکدا کە مامۆستام و بزەی منداڵانی وڵاتەکەم لە سەر لێوە.
مامۆستای بە سێدارە حووکم دراو، فەرزاد کەمانگەر بەشی زیندانیانی نەخۆش لە زیندانی ڕەجایی شەهر

* * *



# لە ژیانیدا هیچ ڕێنیشاندەرێکی نەبوو «فروغ فەرۆخزاد»

ئا: لاوێن ئەمانی



"من نازانم گەیشتن چیە، بەڵام بێگومان ئامانجێك هەیە کە هەموو بوونم بەرەو ئەو دەچێت. بریا دەمردم و دووبارە زیندوو دەبوومەوە و ئەم دنیایەم بە شێوەیەکی دی دەبینی. بمبینیایە کە ئەم دونیایە ئەوەندە زاڵم نییە و خەڵك نەگریسی خۆیان بیر چۆتەوە... و کەس دیواری بە چواردەوری ماڵەکەیدا نەکێشاوە".

فروغ فەرڕوخزاد لە بەفرانباری ساڵی ١٩٣٤ لە تاران لەدایکبووە. هەرچەندە کە ئەم شاعیرە وەك بۆخۆی دەڵێت، هەرگیز لە ژیانیدا هیچ ڕێنیشاندەرێکی نەبووە و کەس لە رووی فکرییەوە پەروەردەی نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەو ڕێچکەیەدا کە هەڵیبژاردبوو، تا ئاستێکی بەرچاو سەرکەوتنی بەدەست هێنا. ئەو لە نامەیەکیدا کە لە کتێبی "جوانترین شێعرەکانی فروغ" دا بڵاوبووەتەوە، ئەم راستیە بە تەواوی ئاشکرا دەکات. ئەو دەڵێت: "هەر چیەکم هەیە هی خۆمە و هەر چیەکیشم نیە، هەموو ئەوانەن کە دەمتوانی هەمبوونایە بەڵام چەوت و چێڵی و کۆسپەکانی ژیان نەیانهێشتووە پێیان بگەم". هەروەها پێویستە ئەوەش بڵێین باوکی فروغ کە پیاوێکی ئەدیب و شێعر دۆست بووە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی لە ئەدەبیاتی کۆنی فارسی پێکهێنابوو، فروغیش سودی لەو گەنجینەیە بینی و هەر ئەمە تا رادەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر شکڵ گرتنی بیر و باوەڕەکانی فروغ دانا.

سەرەتای دەستپێکی نووسینی شێعری فروغ دەگەڕێتەوە بۆ کاتێك کە تەمەنی سیانزە چواردە ساڵان بووە. ئەو سەرەتا بە نووسینی غەزەل دەستی پێکردووە و لە شوێنێکدا دەڵێت: "غەزەلەکانم تا رادەیەك کاڵ و کرچ بوون کە تا ئێستاش هیچیانم چاپ نەکردووە".

فروغ بە بەردەوامی لە هەوڵی خۆفێرکردن دابوو وە ئەم خۆفێرکردنە بەردەوامە سەلیقە و بەهرەکانی فروغی فۆرمولە کرد، ئەزموونە شێعریە سەرەتاییەکانی فروغ بە هەموو سادەیی و کاڵییانەوە نیشانەی بەهرە و توانایی ئەون لە زانینی شتەکاندا. باوکی لە شوێنێکدا دەڵێت: "کاتآ فروغ دەستی بە نووسینی شێعر کرد، من هانم دا... هەرگیز ئەوەم لە یاد ناچێت کە فروغ بۆ یەکەمین جار شێعرێکی بچووکی نووسی و نیشانی دام، من تائێستاش ئەو شێعرەم بە خەتی فروغ خۆی لایە کە بە شێوازێکی نوآ نووسیبووی".

فروغ جگە لەوەی کە شێعری دەنووسی، نیگارکێشێکی بەتواناش بوو. دوای ئەوەی پۆلی سێیەمی ناوەندی تەواو دەکات دەچێتە خانەی هونەری کچانەوە، کە یەکێك لە مامۆستاکانی ئەو خانەیە بەم شێوەیە لەسەر فروغ دەدوێت: "فروغ بۆ ماوەیەك لای نیگارکێشی ناسراو "پتگەر" فێری هونەرەکانی نیگارکێشان بوو، بەڵام زۆر زوو لە نیگارکێشانی ئەکادیمی دوورکەوتەوە و خۆی گەیاندە گەوهەری نیگارکێشانی ئەم سەردەمە. زۆر بە باشی رەنگەگانی دەناسی، بە ئاسانی لێیان تێدەگەیشت و هەستی پێدەکردن، بە تایبەتی لە هێڵکاریدا دەست رەنگین بوو. فروغ کچێکی بەهرەمەند بوو نیگاری دەکێشا و بە شەوقێکی زۆرەوە تەواوی پۆلەکانی "پتگەری" تەواو کرد".

لە ساڵی ١٩٥٠ کاتێك کە فروغ تەمەنی پانزە ساڵان بوو، لەگەڵ پرویز شاپوور (تەنز نووسی ناسراو) ژیانی هاوسەرییان پێکهێنا و بەرهەمی ژیانی هاوبەشیان کوڕێك بوو بە ناوی (کامیار). بەڵام هاوسەرێتیان زۆری نەخایاند و جیابوونەوە، باوکی فروغ بەم جۆرە هۆکاری جیابوونەوەیان باس دەکات: " کاتآ فروغ دەستی بە نووسینی شێعر کرد، هانم دا. بەڵام کاتآ شێعرەکانی بوونە مایەی هەرا و زەنای

دوورووبەری و خەریك بوو ژیانی هاوسەریتی لیَ تێك بدات، زۆرم پیَ ناخۆش بوو... بەڵام ئەو هێندە لەسەر ئەو باوەڕەی خۆی سوور بوو کە ئاخریەکەی لە هاوسەرەکەی جیا بۆوە. گەر چی من بە رواڵەت ئەوەم پآ ناخۆش بوو، بەڵام لە ناوەوە ئافەرینم دەکرد. فروغ رۆحێکی سەرکەش و نائارامی هەبوو، ئاگرێك لە ناخیدا کلّپەی دەسەند و بۆ ئەوەی کوڕە بچوکەکەی و هاوسەرەکەشی لەو ئاگرە دوور رابگرێت، لێیان جیا بۆوە و وای بە باش زانی تەنیا بژی".

راستیەکەی ئەوە بوو کە ئەنگیزەی فروغ بۆ شێعر نووسین بە رادەیەك بەهێز بوو کە لە توانایدا نەبوو ئەم پێداویستیەی ناخی خۆی سەرکوت بکات، هەر وەك دەڵێت: "هەست دەکەم پێداویستیەکی زۆر و حەزێکی فرە من بۆ ئەو ریگایە پەلکێش دەکات، سەرباری ئەو هەمو ئازارەی هەر لە سەرەتاوە چەشتم. هەمیشە هەوڵم داوە وەکو دەرگایەکی داخراو بم تا کەس ژیانی ترسناکی ناوەوەم نەبینێت و نەیزانێت. لە کاتێکدا کە لەناو خۆمدا بوونەوەرێکی زیندوو بووم، هەوڵم داوە مرۆڤێك بم، ئێمە بە تەنها دەتوانین هەستێکمان پێشێل بکەین، بەڵام ناتوانین لە ئەسڵەوە ئەو هەستەمان نەبێت.

سەرەنجام لە ساڵی ١٩٥٢ یەکەمین کۆمەڵە شێعری فروغ بە ناوی "ئەسیر" بڵاوبۆوە. وە دووەمین کۆمەڵە شێعریشی لە ساڵی ١٩٥٦ لە ژێر ناوی "دیوار" بڵاوبۆوە کە پێشەکیەکەی لە شێعری حافز و عومەر خەییام و گۆتە و میلتۆن پێکهاتووە. کۆمەڵە شێعری "دیوار" حاڵەتێك دەگەیەنێت کە ئەو کەسە دەیەوآ تەواوی کۆتەکانی دابونەریت بشکێنێت، لەبەرئەوەی خۆی لە دنیایەکی پڕ لە نامۆ بووندا دەبینێتەوە کە دیوارێك چواردەوری گەمارۆ داوە و توانای رووبەڕوو بوونەوەی هەر جۆرە نەریت شکێنێکی لە ناو بردووە. ئەو بەڵگەیەی کە لێرەدا بەر چاومان دەکەویَ ئەوەیە کە شاعیر بەم گریمانە، هەستی شاعیرانەی خۆی و هەروەها هەست کردنێکی بەرز بەوەی کە گەڕان بە دوا دەرك کردنی رەهای شتەکاندا بێهودەیە، دەخاتە روو.

"یاخیبوون" ئەمەش سێیەمین کۆمەڵە شێعری فروغ بوو کە لە ساڵی ١٩٥٧ بڵاوبۆوە. کۆمەڵە شێعری "یاخیبوون"، لە دووبەش پێکهاتووە: بەشێکیان قەسیدەی درێژی یاخیبوون و بەشەکەی تریش کۆمەڵیَ شێعری کورتە. فروغ فەروخزاد لە یاخیبووندا سادەترین و قووڵترین ناوەڕۆکی کەشفی شوناسی مرۆیی و، شوناسی شەیتانی و، مەسەلەی بنەڕەتی فەلسەفیی "جەبر و ئیختیار"ی خستۆتە روو. کاتی رەخنەگرتن لە یاخیبوون پێویستە سەرنجی ئەم خاڵە هۆشمەندانە بدەین کە: نائومێدی و نسکۆ و شکست، فروغ بەرەو یاخیبوونێکی تازە پەلکێش دەکات. یاخیبوون بەرامبەر تەواوی پرەنسیپەکانی باوەڕ و دین. ئەو تەواوی کەم و کورتی و ناکامیەکانی خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆ ناڕێکیەکانی خەلق و، یاخی دەبێت.


لە ساڵی ١٩٦٨ کارە سینەماییەکانی فروغ دەستی پێکرد. فروغ کاتیَ تەمەنی بیست و سآ ساڵ بوو دەستی بە کاری سینەمایی کرد و لە ماوەیەکی کەمدا توانی شارەزایی لە تەکنیکی سینەماییدا پەیدا بکات. فروغ لە پاییزی ساڵی ١٩٦٢ دا لەگەڵ گروپێکی سآ کەسیدا چوو بۆ "خانەی گوڵی" تەوریز و دوانزە رۆژ لەویَ مایەوە و یەکێك لە باشترین بەرهەمە سینەماییەکانی بە ناوی "ماڵەکە رەشە" بەرهەمهێنا، کە لە ساڵی ١٩٦٤ لە فستیڤاڵی جیهانی فیلمی "ئۆبەر هاوزن" لە ئاڵمان خەڵاتی باشترین فیلمی دۆکیۆمێنتاری بەدەست هێنا، کە رەخنەگران و سینەماکارانی بەناوبانگی جیهانیش ئەم فیلمەیان پەسەند کرد. لێژنەی بەڕێوەبردنی فستیڤاڵەکە دروشمی خەڵاتە گەورەکەی خۆی لە رستە سەرەتاییەکانی فیلمی "ماڵەکە رەشە" هەڵبژارد کە هەرگیز لەیاد ناچنەوە:

دونیا کەم ناشیرین نیە
ناشیرینیەکانیش زۆرتر دەبوون، گەر مرۆڤ چاوی خۆی لێیان بنووقاندایە.
بەڵام مرۆڤ چارەسازە.

بەم جۆرە ئەم کۆپلەیە لە گوتاری فیلمی ماڵەکە رەشە نرخی هەوڵی مرۆڤ بۆ قەڵاچۆکردنی ناشیرینی و ستەم و ئازار کە پەیامی سەرەکی فیلمەکەی فروغە، بووە پێوانەی هەڵسەنگاندنی باشترین فیلمی ئەو فستیڤاڵە.

چوارەمین کۆمەڵە شێعری فروغ لەژێر ناوی "لەدایکبوونێکی دیکە" لە ساڵی ١٩٦٤ چاپ کرا. فروغ لە "لەدایکبوونێکی دیکە"دا دەگاتە جۆرە هۆشیاری و ناسینێك بۆ بوونی مرۆڤ و لایەن وفرە رەهەندەکانی ژیان و حاڵەتەکانی لە زەمەندا هەست پێدەکات. ئەگەر هەر خەیاڵێکی پەتی نیشانەیەکی لە کامڵبوون لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبیَ، ئەوا فروغ بەوە گەیشتبوو. هەروەها فروغ هەستی بە سات بە ساتی کەلتووری رابردووی خۆی کردووە و هەوڵیداوە دەورووبەری خۆی بگۆڕێت.

لە ساڵی ١٩٦٤ لە وڵاتی سویدەوە پێشنیاز بە فروغ کرا بچێت بۆ ئەویَ و لەویَ فیلمێك بەرهەم بهێنێت، کە فروغیش ئەم پێشنیازەی قبوڵ کرد. ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە رەخنە نووسانی سینەمایی پێشڕەوی سویدی تا چ رادەیەك نرخی فروغیان دەزانی. وە هەر لە هەمان ساڵدا لە وڵاتانی ئاڵمان و سوید و بریتانیا و فەڕانسە داوایان لە فروغ کرد کە شێعرەکانی تەرجەمە بکەن و چاپی بکەن. وە لە ساڵی ١٩٦٥ دا رێکخراوی یونسکۆ فیلمێکی نیو سەعاتی



دەربارەی ژیانی فروغ بەرهەمهێنا، کە لە بارەی شێعر و هونەرەکەیەوە بوون کە گەیشتبوونە ئاستێکی جیهانی.

فروغ فەروخزاد لە یەکێك لە وتەکانیدا سەبارەت بە هونەر بەگشتی و شێعر بە تایبەتی دەڵێت: " من ناتوانم ئەوە روون بکەمەوە کە بۆچی شێعر دەنووسم. من وای بۆ دەچم هەموو ئەوانەی کە کاری هونەری دەکەن هۆکەی یان لانی کەم یەکێك لە هۆکانی جۆرە پێداویستیەکی نەستیانە، بۆ رووبەروو بوونەوە و وەستانەوە دژ بە نەمان. ئەمانە مرۆڤ گەلێکن کە ژیانیان زیاتر خۆش دەوێت و لێی تێدەگەن هەروەها مەرگیش. شێعر بۆ من وەکو هاوڕێیەکە، کاتێ پێی دەگەم دەتوانم بە ئیسراحەتی خۆم دەردی دڵی خۆمی بۆ بکەم، تاکەکەی ترمە کە کاملم دەکات، رازیم دەکات، بە بێ ئەوەی ئازارم بدات".

"باوەڕ بهێنن بە سەرەتای وەرزی سارد" ناونیشانی قەسیدەیەکە کە لەگەڵ چەند شێعری تردا پاش مەرگی شاعیر لە دیوانێکدا بڵاو بۆوە کە پێنجەمین و ئاخرین کۆمەڵە شێعری فروغە.

فروغ لە یەکێك لە وتەکانیدا دەربارەی ژیانی دڵێت:
"هەست دەکەم تەمەنی خۆم لە دەست داوە و زۆر کەمتر لەوە دەزانم کە دەبوایە بمزانیایە، لەوانەیە هۆکەی ئەوە بێت کەمن هەرگیز ژیانێکی روونم نەبووە. ئەو خۆشەویستی و هاوسەرگیریە پێکەنینهینەرەم لە پانزە ساڵیدا کۆڵەکەکانی ژیانی داهاتوومی لەق کرد...

من نازانم گەیشتن چیە، بەڵام بێگومان ئامانجێك هەیە کە هەموو بوونم بەرەو ئەو دەچێت. بریا دەمردم و دووبارە زیندوو دەبوومەوە و ئەم دنیایەم بە شێوەیەکی دی دەبینی. بمبینیایە کە ئەم دونیایە ئەوەندە زاڵم نییە و خەڵك نەگریسی خۆیان بیر چۆتەوە... و کەس دیواری بە چواردەوری ماڵەکەیدا نەکێشاوە.

دوا شێعری فروغ داوایەکە بۆ کەسێك کە بە هەتاوی بناسێنێ. باڵندە ئاشناکەی ئەو مردووە، بەڵام شاعیر فڕینی لە یادە. شێعری فروغ لە دوا دوو ساڵی ژیانیدا و لەم پێنج شێعرەیدا بە ترۆپکێك گەیشت کە ئەگەر چی شاعیر تەمەنی ئەوەندە درێژ نەبوو تا بیگەیەنێتە کەماڵ، بەڵام ئەوەندە بە پیت و شکۆ فە کردوو بوو کە لەوانە بوو چی دی پێویستی بە درێژە پێدانی نەبێت. کەماڵ لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی قۆناغی تازەیدا، نیشانەی هێزێکی راهێنەرانەی سەرسوڕهێنەرە...

وە لە زستانی ساڵی **١٩٦٦** دا فروغی فەروخزاد ئەم شاعیرە گەورەیە لە رووداوێکی هاتووچۆدا کۆچی دوایی کرد، بەڵام هەمان ئەو لقە پێنجینەیە هێندە پڕو سەر لە ئاسمانە کە هێشتا و بۆ هەمیشەش لە پەڕەی دڵدا جێگیر ئەبن کاتێ بخوێنینەوە و بزانین کە:

"فڕین بەیادت بسپێرە
باڵندە مەرگی لە پێشە"

(سەرچاوە: کتێبی ژنێك لەبەردەم وەرزێکی ساردا )

***

# فەلسەفە و هونەری دەربڕینی ئەویندارى

ن: نوسرەت شاد و: هێمن. ا

لە دوو سەدەی کۆتاییدا دەروونناسان، زانایانی کیمیا، زیندەوەر ناسان، و کۆمەڵگا ناسانیش هەروەها خۆیان لەگەڵ بابەتی ئەویندارى خەریك کردووە. عەشق لەوانەیە گرنگترین بابەت و خاڵی نێوان سروشتی مونحەنی و زانستی مرۆڤایەتی بێت. هاینە ئەیوت هەموو کەسێك ئەزانێ لێدان و ئەشکەنجە چیە بەڵام کەس لەبارەی عەشقەوە هیچ نازانێت.

لەوانەیە بابەتێك بە ناوی عەشقی ڕاستەقینە بوونی نەبێ و هەر وەکو بۆچوونەکەی ئەفلاتون و لاروخ، لەوانەیە ئەو جنونی خواکان، شێت بوونی فەیلەسوفان، وەیان لەوانەیە جنۆکەی ترسی ئەخلاقگەرایان بێت. عەشق هەروەك هونەر و دین، جیهانیە کە تێیدا هەستە بەهێزەکان دەبنە هۆی دروست بوونی بۆچوونی جوان و ڕەنگین؛ بۆچوونی وەها کە نە پەیوەندیەکی بە ئەزموونە هەستیەکانەوە و نە پەیوەندیەکیشی لەگەڵ عەقڵ و زانستدا هەیە، واتە شوێنی عەشق زیاتر لە ئەدەبیات و هونەردایە تا لە ناو مەنتیق و فەلسەفەدا. لە پەیوەندی لەگەڵ عەشق پرسیار دەکرێ کە مرۆڤ ئاژەڵێکی زانا و عاقڵە یاخود ئاکامی بەرهەمی ڕەنگدانەوەی شیمی، یا زیندەوەرێکی فەرهەنگیە؟. لەگەڵ هەموو چاوەڕوانیەکان و بەڵێنەکان، زانستێکی حەتمی، عیلمی و مەنتیقی لەبابەت عەشقەوە بوونی نییە. ئەگەرچی ویلیام جەیمز، میشێل فۆکۆ، ئەریش فروم، وە ئەوانیتریش خۆیان لەگەڵ ئەوین خەریك کردووە. پرسیار دەکرێ کە پێناسە و تایبەتمەندی عەشق لە کوێدا ڕیشەیان داکوتاوە، لە میراتی سروشتی حەیوانی ئەو، لە چاخی بەردینەوە یا لەکاتی ئێستای؟، لقەکانی ئەو چ ئامانج و بەرنامەیەك پەیڕەو دەکەن؟ ئەوین هیچ کات بۆ پەیوەندی نێوان ژن و پیاو دروست نەبووە، بەڵکوو یارمەتیەك بووە بۆ بەردەوام بوونی نەوەی مرۆڤ. لە هەر ڕوویەکەوە عەشق تەنیا هەست نییە. بۆچی لە جیهانی گلوبالی ئێستادا عەشقی ڕۆمانتیك ئاوەها گرنگ بووە، ئەگەرچی عەشقی ڕۆمانتیکیش ماوەیەکی زۆرە وەك کاڵایەکی بەکار هێنان لە بازاڕدا دەفرۆشرێ و بۆتە داواکاریەکی نیزامی سەرمایەداری؟

سەرکەوتووترین و پڕ فرۆشترین کتێبی ڕۆژئاوا لە بابەت کاپیتاڵیسم ئەوینیشی بەدناو کرد.

لە ڕۆژئاوا ئاماژە بەوە دەکرێ کە عەشق گرنگترین بابەتی سەرنجڕاکێشی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیە. ئەژماری ڕۆمان و فیلمی عاشقانە بەشێك لە بەرهەمەکانی فەرهەنگی و سەرگەرمی ئەوروپان. ئەگەرچی بەناوبانگترین شاعیرانی جیهان خۆیان بە بابەتی ئەویندارییەوە خەریك کردووە، بەڵام تەنیا چەند فەیلەسوفێك گرنگیان پێ داوە کە زۆر بەناوبانگ نەبوون. لە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا عەشق بۆ ڕەگەزی بەرانبەر لە زەمانی ئەفلاتونەوە مێلۆدیەکی بەسەر بردنی کات بووە. کەسانێك هەن کە ئەوین وەك هونەرێك ناو دەبەن و پرسیار دەکەن کە مرۆڤ، عاشقی جەستەی ڕەگەزی بەرانبەر دەبێ یان کەسایەتی ئەو، وە یان عەشق چ پەیوەندیەکی لەگەڵ زانستی زیندەزانی (بایۆلۆژی) هەیە،چ سنورێك لە نێوان عەشق و پەیوەندی جنسیدا هەیە؟ ئایا عەشق هەستە، هەستێکی بێنەزم و هەلخوازە؟ ڕەخنەگرانی چەپ لەو باوەڕەدان کە سەرمایەداری عەشق و بابەتی ڕۆمانتیکیشی وەکو کاڵای فرۆش لێکردووە. تا کاتێك کە فەیلەسوفەکان مرۆڤیان لە لایەنی عەقڵ و مێشکەوە پێناسە دەکرد، ئەوین ڕوداوێك یا هەڵچوون و داچوونی هەستەکان دەهاتە ئەژمار. لە ئایین و فەلسەفەی ئیدەئالیستیدا، هەست نەدەبوو زاڵ بێت بەسەر ناخی مرۆڤدا. فەیلەسوفێك وتبووی شتێك کە ناتوانرێ بە یارمەتی عەقڵ بسەلمێندرێ دەبێ بێدەنگی بۆ هەڵبژێرین.

لەبابەت فەلسەفەی ئەویندارییەوە دەوترێ کە فەلسەفە زۆربەی کات لقێکی کەلتووری و موحافزە کارانە لە زانستە و پێشداوەری و بیر و بۆچوونی خۆی هەیە، ئەگەرچی فەیلەسوفانێکی وەکوو نیچە، هێگل، شوپنهاوەر، کیرك گارد، سارتر، ڕونالد بارت، فوکۆ، و لومێن بابەتگەلێکیان لەم بارەیەوە وروژاند، بەڵام ئەمڕۆ لە زانکۆکاندا مامۆستاکان لە دانیشتن و کۆبوونەوە سەبارەت بە ئەوین خۆ بەدوور دەگرن چونکە خوێندکارەکان بە بابەتێکی گرنگی نازانن و تەنانەت لەوانەیە زۆرتر کتێب لەبارەی مەنتقی ڕووکار بنووسرێ تا لەبارەی ئەوینەوە، وە ئەڵێی بابەتگەلی زانستی مەنتقی ڕووکار بۆ خوێنەران گرنگترە تا قسە و بۆچوون لەبارەی هەستی عەشقەوە. یاسپارس ئەیوت کە ئەوین، بابەتێکە کە تێگەیشتنی زۆر قورس و گرانە چونگە ئاشکراترین و سەیرترین ڕاستی و ئاگایی ڕەهایە.

ئەوینەوە "هونەری دەربڕینی ئەویندارى"، نووسینی ئەریش فرۆم بوو، کە زیاتر لە ٥ ملیۆنجار لە تەواوی جیهاندا فرۆشرا. ئەم کتیبە ئێستا وەك کتێبێکی عیرفانی بودیستی ناو دەبەن. ئاواتی نووسەرەکەی، ئەوکات، تێکەڵێکی یەهودی لە سوسیالیزم، هۆمانیسم، و عیرفانی رۆژهەلاتی بوو. ئەو دوای کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی یەکەم و لە نێوان ساڵەکانی ۱۹۲۰-۱۹۳۰ لە گەڕاندا بوو بە دوای بۆچوونێکی مرۆڤ دۆستانە بۆ جیهانێکی لێك بڵاوی سەرمایەداری ئەوکات. مارکس و فرۆید لەو دەورانەدا بۆ ئەو گرنگتر لە چاوەڕوانیەکانی رزگارکەری ئایینی بوون. ئادێرنۆ هیچکات وەك رۆشنبیرێکی گرنگ ناوی ئەوی نەبردوە بەڵکوو وەك فەیلەسوفێکی خۆش باوەڕ، عام پەسەند بەڵام خۆشەویست و پڕ خوێنەری داناوە. ئەو ئەیوت کە کاپیتاڵیسم رقێکی داڕوخاوە و بەرهەمهێنەری نەخۆشی و هەژاریە. دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی ناڕەزایەتی ئەو لە سەرمایەداری بووە هۆی ئەوەی کە بچێتە پاڵ حیزبی سۆسیالیستی ئامریکا. ئەریش فرۆم یەهودیەکی مارکسیستی ئۆتریشی بوو کە لەگەڵ هاتنە سەر دەسەلاتی فاشیسم هەر وەك ئادێرنۆ رۆی بۆ ئامریکا و لەوێ بووە پەنابەر. ئەو کاتەی کە کتێبی "هونەر دەربڕینی ئەویندارى" نووسی، بە توندی لەژێر کاریگەری "سێن بودیسمی" ئاسیای رۆژهەلاتدا بوو. بەشی گەرنگی کتێبەکە، رەخنە گرتنێکە لە بیر و ئامانجەکانی ئابوری سەرمایەداری کە مرۆڤ لەخۆی بێگانە و نەناس دەکات.

دوو سەدە لەمەوبەر رۆسۆ لە کتێبی "لەبارەی نابەرابەری لە نێوان مرۆڤەکان"دا نووسیبوی کە مرۆڤ فریشتەیە بەڵام کۆمەڵگا و شارستانیەتی پیشەسازی ئەوی بێسود کردووە. ئەتوانین رۆسۆ وەکو باوکی تەواوی بۆچونەکانی زیان پێ گەیاندن ناو بەرین. ئەو ئەیوت کە مرۆڤی ئازاد لەژێر فشارە بەزۆر پێکراوەکان ئەبێت . لە کاتی گوناحەی کە بە میرات بۆ مەسیحەکان بەجێما، تا رۆسۆ، وە رۆمانتیکی ئاڵمان، تا کاتی نیچە، فرۆید، ئادێرنۆ، و ئەریش فرۆم، مرۆڤی عاقڵی رۆژئاوا هەمیشە خەریکی باس و پێناسەیەك بۆ عەشق بوو. ئەریش فرۆم وەکوو ئادێرنۆ ئەیوت کە تاکاتێ مرۆڤ لەژێر گوشاری ئابووری و ئەخلاقی زاڵدا بێت، ئازاد نییە چوونکە هەردوکیان بەربەستن لەبەردەم گشەیدا. ئادێرنۆ و فرۆم هیچکات هاو نەزەر نەبوون بەڵام سەرچاوەی بۆچونەکانی هەردوکیان مارکسیسم و دەروونناسی فرۆید بوو. لە دەیەی ٦٠ی سەدەی ڕابردوو، مارکسیسم و دەورنناسی لە "تیئۆری رەخنەگرانە"ی مەکتەبی فرانکفۆرتدا یەکیان گرت. بە بۆچوونی ئەوان کاپێتاڵیسم مرۆڤی کەم ئەندام و دیفۆرمە کردووە، چونکە مرۆڤێك کە لە بواری ئابوریەوە ئازاد نەبێ، لە لایەنی دەرونی و هەستیشەوە ئازاد نابێ. ئادێرنۆ ئەیوت لە سەرمایەداریدا مرۆڤ ناتوانێ ژیانێکی تەواو، ڕاست و بەختەوەری هەبێت و بە سەرنجدان بە ژێربەنا و ڕووبەنای بۆچوونەکەی مارکس، ئەیوت کە پەیوەندی سەرمایەداری، عەشق و پەیوەندی عاتفی و مرۆڤایەتیەکانیش لەناو دەبات.

شۆڕشگێڕانی چەپی نوێی دەیەی ٦٠ی سەدەی ڕابردوو هەم خۆیان ئینقیلابی، وە هەم یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی ناو دەبەن. فرۆم ئەیوت کە بەکارهێنەرانی نەخۆش و دیفۆرمەی نیزامی سەرمایەداری دەبێ چارەسەر بکرێن، وە لەو کاتەدا کە ئادێرنۆ خۆی لە دەروونناسی فرۆید بەدوور گرت، ئەریش فرۆم رەخنەی سەرمایەداری خۆی وەك پێویستیەك بۆ تەندروستی دەرونی مرۆڤ و ژینگە ناساند. ئەوان ئەیانوت کە ئەوین بۆ جیهان و مرۆڤ لە بەرانبەر تەماع بۆ سامان و پارە لە نیزامی سەرمایەداریدا باس کراوە چونکە مرۆڤی عاشق ناکەوێتە دوای پارە بەڵکوو هەستی و ڕاستی قبوڵ ئەکات و تەماعی کۆکردنەوەی ماڵ و دارایی زیادەی نییە. ئەریش فرۆم تا دوایین هەناسە بە هیوای ئاشتی جیهانی و سوسیالیزمێکی ئینسانی تێکۆشا. فیمینیستەکان نەتەنیا کەوتنە تاریفکردنی ڕەخنەی ئەو لەنیزامی پیاوسالار و دزی سەرمایەداری بەڵکوو پشتگیریان ێلە ئەو بۆ تەندروستی ژینگە کرد. ئەمرۆکە ئاماژە بەوە دەدرێ کە کتێبی "هونەری دەربڕینی ئەویندارى" سالاێکی زۆر کتێبی پیرۆزی کۆمەڵگای رۆژئاوا بوو کە بەدوای هەستی ڕاستەقینە و دروستدا هەوڵی دەدا.

***

# سانسۆر و داهێنەرەکەی

ئا: پێشەنگ





عەدالّەتی کۆمەڵایەتی ٢٠٠٨ ، کۆی ١٢ پۆستەرە کە لە لایەن لوبا لوکووا وێنەکێشی دانشتووی نیۆیۆرك بەرهەم هاتووە. تابلۆکان هەم هێز و هەم بەرتەسکی کەلام پشتسەردەنێن و ئەو توانایییەیان هەیە لە گەڵ بەردەنگدا جیا لەوەیکە لە کام کیشوەر و بەش لە جیهان دەژی و بە چ زمانێك دەدوێ، لە یەکەمین نیگادا پێوەندییەکی دەروونی بکەن.

بۆ وێنە تابلۆیەکی وەك سانسۆر کە چەندە بۆ دانیشتووانی ولاّتێکی وەك ئێران ئاشنا و دەربری ژیانی رۆژانەیانە. هەر رۆژنامەوان، نووسەر، شاعیر، وێنەکێش، دەرهێنەر، ئەکتەر و هوونەرمەندێکی سەربەخۆ لە ئاوا ولاّتێکدا ،دەتوانێ ئەم تابلۆیە بە دیواری شوێنیکار یا ماڵەکەی خۆیدا ئاوێزان کات و فرمێسك و ئارەزووە پلۆمپکراوەکانی خۆی لە روخساری تێکچرژاوی فلووتژەنێك کە هەر دە پەنجەکەی بە ئامێرەکەیەوە بزمارکوت کراوە، نیشان بدات.

ئەوەی جێگای سەرەنجە، لوبا کە ئێستا بووەتە هونەرمەندێکی ناودار و بەرهەمەکانی بەردەوام لە بلاوکراوە گرنگ و پر تیراژەکانی وەك نیۆیۆرکر، گۆڤاری نەیشن، نیۆیۆرك تایمز و والستریت ژۆرناڵ.... بە چاپ دەگات، کارەکەی بێ واسیتەگەری بازرگانی دەستپێکرد و بۆ سەرکەوتن پشتی بەست بە پێوەندی بەرهەمەکانی لەگەڵ بەردەنگ.


لوبا دەڵێ: شتێك کە بەلایەوە گرنگ نییە، ئەوەیە کە خەڵکی ئاسایی، ئەوانەی شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە وێنە کێشان نییە، کارەکانی پەسەند بکەن. چوونکە ئەوشتانە لە ئاکامدا بۆ خەڵك بەرهەم دێت، نەوەك بەشداری لە کێبرکێ یا ئیمتیاز گرتن لە ڕەخنەگران.

لوبا بە داخوازییەکەی گەیشتووە، ئێستا نەك هەر کۆر و کۆمەڵی گرنگی هوونەری، بەڵکو گەلێك لە بەردەنگە ئاساییەکانیشی رێز لە کارەکەی دەگرن. رەنگە لێهاتوویی لەرادەبەدەری لوبا لە بەکارهێنانی تەمسیل بووبێتە یارمەتیدەری. هەڵبەت ئەوە لەگەل شێوازی بەهرەگرتنی ئەو لە تەمسیل لە پێوەند دایە. بەپێچەوانەی گەلێك لە هوونەرمەندانی مودێڕن کە تەمسیل کارەکانیان ئالۆزتر دەکات و تێگەیشتن لێی بۆ خەڵکی ئاسایی وناشارەزا دژوار دەبێ، لوبا لە تەمسیل بە هەمان شێوە کەڵك وەردەگرێ کە زۆربەی خەڵکی ئاسای، یانی روونکردنەوەی مەبەست بۆ بەردەنگ (مۆخاتەب).

لوبا لوکووا لە دایکبووی بۆلغارستانە و ماستەری وێنەکێشانی ساڵی ١٩٨٦ لە پەیمانگەی هوونەرەجوانەکانی سووفیە وەرگرتووە. لە ساڵی ١٩٨٦ چووەتە نیۆیۆرك و وەك وەێنەکێشێکی سەربەخۆ درێژەی بە کارەکەی داوە . لەم لاپەرەیەدا تابلۆی ئاشتی و چەندانەش لە بەرهەمەکانی تری لەسەر بەرگی کۆتایی گۆڤاری پێشەنگ دەبینن.......

دەتوانن بەم ئادرەسە ئێنتێرنێتییە سەردانی بەرهەمەکانی تری لوبا بکەن:

http://www.graphic-design.com/Gallery/luba_lukova/index.html



# ڕەنگی زەعفەران خرۆشانی نەسڵێك

**و: جەلال حەسەنزادە**

زۆربەی خەڵك جۆرێك بیر دەكەنەوە كە وڵاتی هێند لە ڕێگای گرتنەبەری شێوازی هێمنانە و ئاشتی خوازانەی گاندییەوە لە دەست ئیستعماری ئینگلیس ڕزگاری بوو. لە كاتێكدا ڕاستییەكە شتێكی ترە. بێگومان ڕێبازی گاندی سەرپێچیكاری مەدەنی و سازشكاری كردن لەگەڵ ئیستعماری كۆن بوو. بەڵام خەباتی خەڵكی هیندوستان لایەنی جۆراوجۆری هەبوو. چەندین بەشی ڕادیكاڵتری بزووتنەوەی سەربەخۆیی خوازیی هیند بوو كە ئاسۆ و ڕوانگەكانیان و شێوەازەكانیان بە تەواوی لە نەیاری گاندیدا بووە و ڕۆڵێكی بەرچاوی لە خەباتی ئەو سەردەمەی هیند گێڕا.

یەكێك لە نوێنگە سەرەكییەكانی ئەو بەشە لە خەباتی خەڵكی هێند لاوێك بوو ناوی "باگات سینگ".

با گات سینگ كە یەكێك لە ڕابەرانی ڕێكخراوێكی كۆماریخوازی سوسیالیستی هێندوستانی لە دەیەی ٢٠ی میلادی دا بوو. ئاواتی شۆڕشگێرانە و باوەری دژە ئایینی ئەندامانی ئەم ڕێكخراوە بە تەواوی لەگەڵ عیرفانی مەزهەبی و شێوەی ئاشتیخوازانەی كە لە لایەن گاندی و حیزبی كۆنگرەی ئەو كاتەوە باس دەكرا، جیاوازی هەبوو.

كاتێك لە مارسی ١٩٣١ باگات سینگ و هاوڕێكانی بە دروشمی بژی شۆڕش لە دار دران، بە میلیون خەڵكی هێند نارازی بوون و بێزاری خۆیان دەربڕی.

باگات سینگ و هاوڕێكانی، ڕێبەرانی ڕادیكاڵترین خەباتی خەڵكی هێندوستان لە دژی داگیركاری ئینگلیس بوون. خەباتێك كە بەژاری مەزهەب ئالودە نەببوو، توانی خەڵكانێكی بە بیرو باوەڕ جیاواز لە پێناو ئامانجێكدا، یەككگرتوو بكات و چونكە لە گرتنەبەری شێوازی خەباتگێرانە سڵی نەدەكرد، ڕادیكاڵترین خەباتی لە دژی داگیركارن ڕێكخست. ئەوە بەشێك لە خەباتی خەڵكی هێندوستان بوو لە دژی ئیستعمار كە نیشانەی لە بناغەكانی ئەو نیزامە گرتبوو، هێزوتوانا و خێراییەكی زیاتری بە خەبات و موبارزە بەخشی و بەراستی بوو بە هۆی ترس و نیگەرانی دامەزرێنەرانی ئەو سیستمە. هەر بۆیە ئینگلیسییەكان تەنیا بە گرتنە بەری زەبر و زەنگ ڕانەوەستان و لەگەڵ گاندی ونەهرۆ و سەرجەم ڕێبەرانی سازشكاری موبارزە، كەوتنە سات و سەودا بۆ ئەوەی دڵنیان كە تەنیا چوونە دەری دەوڵەتی ئیستعمارگەر كۆتایی كاریان نیە.

لە ڕاستیدا پاش چوونە دەری ئیستعمار، ستەم و چەوسانەوەی خەڵكی هێند و بەستراوەیی وڵات بە ئیپریالیزم لە ژێر ڕێبەری حیزبی كۆنگرە و دەوڵەتی نوێ، درێژەی كێشا. گاندیان وەك پاڵەوانی خەبات لە دژی ئینگلیس ناساند و باسێك لە باگات سینگ نەكرا.

بەڵام ئەوەی لە مێژووی سەركەوتوەكاندا نەنووسرا، لە مێژووی خەڵكدا درێژەی بەژیاندا و لە حەفتایەمین ساڵوەگەری مردنی باگات سینگ و لە فیلمی "در حماسەی با گات سینگ"دا نیشاندرا. فیلمێك كە لە ساڵی ٢٠٠٢ بە دەرهێنەریی "ڕاج كومار سانتوش " بە موسیقای ئا، ئار، ڕەحمان و ڕۆڵی بە هێزی "ئاجەی دوگان" دروستكرا و نیشاندرا، فیلمێك جوان و دڵگر و ڕاچڵەكێنەر لە جەربەزەیی ڕێبەرانێك نیشاندەری پێشرەوترین خەباتی خەڵكانێك بۆ ڕزگار بوون. هەرچەند فیلم كە زۆر هونەرمەندانە دروستكراوە و بەراستی بە مێژوو وەفادارە، بەڵام پێشوازی بێ وێنەی خەڵك ڕوویەكی ڕاستەقینەی ڕێز لە خەباتگێران و ڕۆڵی هونەرێك كە لە خزمەت خەڵكیدا دەردەخات و مێژووش لە بەرچاوی خەڵك ون ناكرێت.


باگات سینگ و هاوڕێكانی بۆ ڕزگاری لە ستەم، ڕاپەریبوون، ئاوات و ئارەزوویەك كە ئەمرۆكانە بە زۆر بوونی هەژاری و نابەرابەری لە دڵی نەسڵی نوێدا كلپەدەكات. زەعفەران، فیلمێكی نوێ كە سەرنجی خەڵكانێكی زۆر لە دونیادا بەرەو لاوانی ئەمرۆی هیند ڕادەكێشێ، كە باگات سینگ بۆ ئەوان نەتەنیا نوێنگەیەك و هێمایەك لە ڕابردوو بەڵكوو داهاتوویەكی مسۆگەرە. فیلمێك كە هەوڵ دەدات خەباتی لاوانی سەردەمی ئیستعمار لەگەڵ خەباتی لاوانی

سەردەمی جیهانی بوون گرێ بدات.

ئەم بابەتە سەبارەت بە فلیمێکە لە بەرهەم هاتووی نوێی بالیوود کە لە بواری ناوەرۆکی سیاسی و کێشانەوەی وێنەی سینەمایی، تایبەتییە، ئاوێتە بە موسیقایەکی حەماسی لە ئا. ئار. رەحمان. فلیمێك کە رووی قسەی لە لاوانی ئەمرۆیە. بەسەرهاتی فیلم، سەبارەت بە دەستەیەك لە خوێندکارانە کە ژیانی خۆیان تەنیا لە پێناو رابواردن و خۆش رابواردندا تێپەر دەکەن. لاوانێك کە روانگە و بۆچوون و ژیانیان بە هاتنی ئالیس پاتێن کە فیلم سازێکی لاوی ئینگلیسییە، ئاڵوگۆڕی بەسەردادێ و هەر بۆیە فیلمەکەش بە ناوی رەنگی زەعفەران، خرۆشانی نەسڵێك ناودێر کراوە.

ئالیس پاتێن "سوو" بەبێ هیچ پشتیوانەیەك لە لایەن کۆمپانیای فیلمەکەیەوە کە پێداگر بوون لە سەر ئەوەی کە فیلمێك لە گاندی دروست بکات، دەچێتە هێند، بەڵام سەرباری هەموو ئەو مەسەلانە بریار دەدات سەبارەت بە شۆرشگێرانێك کە لە سەردەمی بەر لە سەربەخۆیی هێند واتە دەیەی ٢٠و ٣٠ کە لە لایەن باگات سینگەوە رێبەری دەکران، فیلم دروست بکات سەردێری کارەکەی ناوی ئاواتی نوێیە و "سو" ئەم خوێندکارانەی هۆگریان بە رابواردن هەیە بۆ نواندی رۆڵ لە فیلمەکەیدا بە ناوی شۆرشگێران هەڵدەبژێرێ. دواتر کەسێکی تر بە ناوی "لاکێش مەن"یش کە هێندییەکی دەمارگرژ و هەڵسووراوێکی حیزبی ناسیونالیستی هێندییە، بە گروپەکەوە پەیوەست دەکات. ئەوان کاتی کار و لەرۆڵی شۆرشگێراندا، زۆرتر لەگەڵ بابەتی فیلمەکە ئاشنا دەبن.

رێك لەو سەردەمەدا، یەکێك لە هاورێیانی نزیکیان بە ناوی "ئاجای" کە خەلەبانی هێزیی ئاسمانی هێندە، لە رووداوی کەوتنەخوارەوەی تەیارەکەی دەکوژرێ. باسەکە بەم جۆرە ئاشکرا دەبێت کە دەوڵەتی هێند لە رێگای سەرمایەدارانەوە لە بەشی کاروباری بازرگانی خارجی، بۆ فرۆکەکانیان پێداویستی و کەل و پەلی کۆنە و هەرزان دەکرن هەتا لەم رێگایەوە، وەزیرەکان بە ماڵ و سامانێك بگەن. ئاجای لە کاتی کەوتنە خوارەوەی فرۆکەکەی لە هاتنە دەری تایبەتی لە تەیارەکەی خۆی دەپارێزی هەتا لە بەرنەکەوتنی تەیارەکە بە شارێکدا دڵنیا بێت و ئازایانە گیان لە دەست دەدات. دەوڵەت هەوڵ دەدات کە هۆکاری سەرەکی کەوتنەخوارەوەی فرۆکەکە بشارێتەوە و رادەگەیەنێ کە هۆکاری ئەو، سەرلێ شیواوی و کەم ئەزموونی ئاجای بوە. هەر بەم هۆیە هاورێ تورە و بێزارەکانی ئاجای بە رێبەری دی. جی کە رۆڵی "ئازاد" دەگێرێ، بریار دەدەن کە رێکخستنی نارەزایەتیەکی هێمنانە، ئەم جۆرە درۆیانە لەقاو بدەن. کە پۆلیس بە




توندوتیژی نارەزایەتیەکەیان تێك دەشکێنێ و دەبێتە هۆی ئەوەی دایکی ئاجای بە هۆی لێدان تووشی کۆما دەبێت. پاش ئەوەیەکە ئەم هاورێیانەی بە شێوەیەکی راستەقینە رۆڵی باگات سینگ و هاوسەنگەرانی دەگێرن و بریاردەدن هەتا خۆیان، سەبارەت بە ئاجای و دایکی، دادپەروەی دابمەرزێنن.

لە فیلمەکەدا شاهیدی گەلێك دیمەنی تایبەتی دبین، کاتێك کە دیمەنەکانی دەوڵەتی موستەعمەرەی ئینگلیسی لە هێند لە پەنا دیمەنەکانی دەوڵەتی مۆدێرنی هێندی ئەمرۆ نیشان دەدرێ، هەتا دەربڕی ئەم راستییە بێ کە لە ئاکامدا و بە شێوەیەکی راستەقینە جیاوازی لە نێوان خەفەقانی ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی موستەعمەرەی ئینگلیس لە هێند و خەفەقانی ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتدارانی ئەمرۆیی نابیندرێ. فیلم لە نیشان دانی توندوتیژی سەپێندراوی هێزە بێ بەزەییەکانی ئەمنیەتی هێند سەبارەت بەو لاوانەی کە بانگەوازی ئاخێزی جەماوەری لە هێند دەکەن، بە لوتکە دەگات. بە تەواوی ئاشکرایە کە ئەم فیلمە، فیلمێکی رۆمانتیکی بالیوودی یان فیلمێکی ئاکشێنی واتە شەڕ و شۆڕنیە و تەنانەت لەو فیلمەدا توندوتیژی خەباتگێران بە ئانقەست و لە جێگای خۆیدا نیشاندەدرێ بۆ ئەوەی بینەرانی خۆی تووشی بیر کردنەوە و ناکۆکی بکات و جۆرێك بنوێنێ کە سەبارەت بە چۆنیەتی گۆڕانکاری

کۆمەڵگا، بیر بکەنەوە.

دەرهێنەری فیلمەکە "راکێش ئومپراکاس مێهرا" دەڵێ لە ژیاندا دوو هەڵبژاردن هەیە یەکەم یان هەر بەو جۆرەی کە هەلومەرج لە ئارادایە قەبوولی بکەین یان دووهەم لە پێناو گۆڕانکاری هەلومەرجدا بەرپرسیارێکی لە ئەستۆ بگرین. کە ئەم فیلمە باس لە گۆڕانی هەلومەرج دەکات. بێگومان فیلمەکە بە دەنگێکی رووك و راست دەڵێ کە خەڵك دەبێ تەکان بدەن هەتا گۆڕانکاری پێك بێ.

فیلمەکە توندوتیژی، گەندەڵی و کلۆری دام و دەزگای هێند نیشان دەدات و بانگەواز بۆ ئاخێز دەکات. داستانی فیلمەکە بە روونی نیشانی دەدات کە ئەوە خەڵکن دەبێ کاروبار بە دەستەوە بگرن. چونکە دەوڵەت هچ خزمەتێك بە خەڵك ناکات و لە بەرژەوەندی ئەواندانیە و تەنیا لە پێناو دابین کردنی بەرژەوەندی کەسانێکدا کە بە شێوەیەکی سەرکەشانە کۆمەڵگا کۆنترۆڵ دەکەن.

هەرچەند سانسۆرێك بۆ ئەم فیلمە نەهاتە ئاراوە بەڵام کۆمەڵێك باسی سەبارەت بە بڵاوبوونەوەیان بڵاو نەبوونەوەی بەشێك لە فیلمەکانی بالیوودی لە کاناڵەکانی دەوڵەتیدا هەڵخراند و ئەو باسانەش هەر درێژەیان هەیە. بۆ وێنە ئەو مەسەلە بۆ فیلمی ئۆسوادۆز واتە ئێمەی خەڵکیش هاتە گۆڕێ. زاڵ بوونی فیلمی ئۆسوادوز بەسەر فیلمی باستانی لەوەدا بوو کە لە فیلمی ئۆسوادوزدا ئەوە خەڵکن کە پێکەوە هاوکاری دەکەن بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەك لە هەلومەرجی خۆیاندا پێك بێنن، لە حاڵێکدا لە فیلمی باستانیدا تەنیا تاقمێکی ٥ کەسی کە هاورێی یەکترین و بە جیا لە جەماوەری خەڵك کار دەکەن.

بەڵام خاڵێك کە دەبێ سەبارەت بە باستانی باس بکرێ ئەوەیە کە ئەگەر چی روانگەی باگات سینگ و هاوسەنگەرانی لە دەیەی ٢٠و٣٠ بۆ ئەم لاوانە لە ساڵی ٢٠٠٢دا، هاندەرە و ئیلهام بەخشی ئەوانە بەڵام ئەگەر لە کۆتاییدا نەبێتە ئیدئۆلۆژییەك کە لە کۆت و بەند رزگاریان بکات، گۆڕانکاری یەکجارەکی پێك نایە، مێژووی هێند پێمان نیشان دەدات، هەر چەند دەوڵەتی موستەعمەراتی ئینگلیس لە هێند کۆتایی پێهات بەڵام موستەعمەرەی نوێ خولقا، دەوڵەتێك کە کۆت و بەندکردنی جەماوەر ئامانجی سەرەکی یەتی.

ئەم فیلمە قامك لە سەر ناکۆکی و ناتەباییەك کە لە هێند و بەشێکی بەرینی دونیا دا هەیە، دادەنێ.

فیلمەکە بە پرسیاری کورێکی منداڵکارە بە ناوی باگات کە باوکی خەریکی دانەوێڵە و کشت و کاڵە کۆتایی پێ دێت. پرسیارەکە ئەوەیە کە "باوکە چ کەسێك نەمامە جۆراوجۆرەکانی مانگو لەم کێڵگەیەدا دەروێنێ؟" باوکی وەڵام دەداتەوە کە من سەوزیان دەکەم کە لە هەر دانەیەکیان سەدان مانگو دەروێ.

لە راستیدا فیلمەکە پرسیارەکەی خۆی بەم جۆرە دەێنێتە گۆڕێ کە لە باگات سینگی شۆرشگێر و بە سەرهاتەکەی کە سەدەی ٢١ لە لایەن دی جی یەوە خوێندرایەوە، ئایا هەن ئەو شۆرشگێرانەی کە هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرن؟

* * *

سەرچاوە: ژمارە ١٤ی گۆڤاری بەزر

# سینەمای ژێرزەمینی ئێران

ن: باربۆد تاهیری   و: هیوا

سینەمای ژێر زەمینی لە وڵاتگەلی جیاوازی جیهان، پێناسەی تایبەتی و جیاوازی هەیە. بۆ نموونە هەر ئێستاکە لە ئامریکا بڕیار وایە فستیڤاڵێك لە سینەمای ژێر زەمینی بەڕێوەبچێ کە لە ڕاستیدا بە مانای سینەمای جیا لە پێوانە ئیستیدیۆییەکانە، بە نموونەیەك لە سینەمای سەربەخۆ پێناسە دەکرێ؛ لەگەڵ ئەوەیکە ئەم مانایە لە وڵاتگەلێکی دیکتاتۆری کە لەژێر سوڵتەی حکومەتی ئیدۆلۆژیکدایە، مانایەکی تری هەیە. ماناکەی سینەمای نارەزایەتی و دەنگ هەڵبڕین، سینەمای لەقاودەرە و سینەمای جیا لە پێوانەیی و سانسۆڕی حکومەتیە. ئێمەش سینەمای ژێرزەمینی ئێران لەم ریزبەندیەدا دادەنێین.



لە ساڵی ٢٠٠٤ بەملاوە، بە دامەزراندنی سینەمای ژێرزەمینی لەلایەن موسلم مەنسوری، هەوڵی گروپێك لە دەرهێنەران و هەڵسوڕاوانی کۆمەڵایەتی لە تاراوگە و ئێمەش بۆ ئەوە بووە کە بە یارمەتی و پشتگرتنی دەرهێنەران و خوێندکارانی سینەمایی لە ئێران، هەلومەرجێ برەخسێنین فیلمگەلێك بە شێوەی شاراوە بۆ ئەوان دروست بکەین؛ دواتر بە هاتنە دەرەوەی ئەم فیلمانە چ بە شێوەی خام و چ بە شێوەی مونتاژکراو، لە نیشاندانی ئەوان لە کۆبونەوە جیاوازەنێو نەتەوەییەکان، زانکۆکان، ناوەندە فەرهەنگیەکان، هەوڵ بدەین وێنایەکی ڕاستەقینە لەو شتەی کە لە کۆمەڵگای سانسۆرلێدراو و پۆلیسی ئێمە ڕوودەدا نیشان بدەین.

دوای ئەوەیکە موسلم مەنسوری فیلمگەلێکی بە شێوەی شاراوە لە ئێران دروست کرد، دروست کردنی ئەم شێوە فیلمانە کەم و زۆر درێژەی پێدراو لەلایەن چەند کەسانێکەوە بەدواداچونی بۆکراو تائێستا چەند فیلمێك لەم شێوەیە لە دەرەوەی وڵات بڵاو کراوەتەوە.

لەگەڵ ئەوەی کەسینەمای ژێرزەمینی ئێران لەگەڵ دوو کێشەی سەرەکی بەرەوڕووە، یەکیان کێشەی ئەمنیەتیە کە دروست کردنی ئەم شێوە فیلمانە لە ئێران، بۆ دەرهێنەر کێشەگەلێکی بە دواوەیە.

لە ساڵی ٢٠٠٥، مۆنا مولاخانی لە تاران لەکاتی فیلمبەرداریدا دەستگیر دەکرێ و تائێستا هیچ هەواڵێك سەبارەت بەو لەبەر دەستدا نییە.

کێشەیەکی تر کە سینەمای ژێرزەمینی ئێران لەگەڵیدا ڕووبەڕووە، کێشەی ماڵیە کە هیچکەس بۆ فیلمی ژێرزەمینی سەرمایەگوزاری ناکات، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی تەواوی ئەم کێشە و گرفتانە، زۆربەی خوێندکارانی هونەر، ڕوویان کردۆتە دروستکردنی فیلمی شاراوە. لەگەڵ ئەوەی کە بۆ دروستکردنی فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری لەگەڵ کێشەگەلێکی زۆردا بەرەوڕوون بەڵام هەروا بە بزوتنەوی هونەر و سینەمای ژێرزەمینی ئێران بەردەوامی دەبەخشن.

هەر لەبەر ئەمە ڕژێم بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵی دەستی داوەتە هاوشێوەسازی بۆ سینەما و هونەری ژێر زەمینی و هەوڵ دەدا هەندێك لە بەکرێگیراوانی خۆی وەك دەرهێنەری ژێرزەمینی لەقەڵەم بدات تا ڕوخساری سینەمای ژێرزەمینی ناشرین بکا و بەر بە گەشەی بگرێ.

ئێمە بۆ پشتگیری لە سینەمای ژێرزەمینی ئێران هەوڵ دەدەین تا ئەم بزوتنەوەیە، بێ پشتیوانە نەمێنی و بە کێشەی ماڵی و ئەمنیەتیەکانی لە هەناسە و توانا نەکەوێ. هەوڵی ئێمە بۆ ئەوەیە کە بتوانین لە دەرەوە ی وڵات، لە تەنیشت دەرهێنەرانی ژێرزەمینی ئێران ڕابوەستین تا بە هەرشێوەیەك بێ دروستکردنی فیلمە شاراوەکان بەردەوام بێت و داواکاری خەڵکی زەحمەتکێش و زوڵم لێکراوی ئێمە بۆ گەیشتن بە ژیانێکی ئینسانی و ئازاد، لەلایەن دووربینی فیلمبەرداریەوە وێنا بکرێ.

٢٠٠٩/٥/١٦

***

# وتووێژی سروەناسری، ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، لەگەڵ سایتی بێ سانسۆر



**١- ژنانی ئێران تا ئێستا نەیانتوانیوە ئاستێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرچاویان هەبێت، دەبێ چی بکرێت بۆ ئەم مەبەستە؟**

ئەو قەزاوەتە لەسەر دەوری کومەڵایەتی وسیاسی ژنانی ئیران لەجێگای خۆی دا نییە. ژنانی ئیران لەماوەی ٣٠ی ساڵی رابوردودا کە ڕژیمی ئیسلامی لەو وڵاتە لەسەر کاربوە، لەگەلیك بۆاری کومەڵایەتی دا پاشەکشەیان بەڕژیم و بە سیاسەت و بە یاساکانی کردوە. باهەر بەتەنیا چەند نموونەی حاشا هەڵنەگرتان بۆ باس بکەم. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئیران هەر لەسەرتاوە تا ئێستا بەردەوام هەوڵی داوە کەژنان بخزێنەتەوە گۆشەی ماڵ و لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا پەراوێزیان بخات، گەلێك کەندوکۆسپی خستە بەر پێیان تاکو ریگا نەدات دەوری شایستەی خۆیان لە هەموو ئاستیك دا ببینن،کەچی ئێستا بەکردەوە دەبینین ڕێژەی ژنان لەزانکۆکانی ئیران دا، زیاتر لە پیاوانە وپلەی یەکەمی زانستی وئاکادیمی بە دەست ئەوانەوەیە. سەرەڕای هەزارویەك گیروگرفت کە بۆیان پێك دێنن، ریگای خۆیان لەناو دایرە دەولەتیەکان و شوینەکانی کاردا کردۆتەوە. باشترین بەرهەم هێنەری فیلمی سینمایی، لێهاتوترین گورانی بێژ و داهینەر لەم بۆرەدا و باشترین نووسەر وشاعیر، باشترین هونەرمەندی شیوەکار لە ناو ژنان دا هەلکەوتۆە.

ژومارەی هەڵسووراوانی سیاسیان لەناو زیندانەکان دا، ئەگەر زیاتر لەپیاوان نەبێ لەوان کەمتر نییە. گەلیك لەیاساکانی دژ بە ژن لەگەڵ ئەوەشدا کە بە ڕەسمی هەڵنەوەشاونەتەوە بەڵام بەکردەوە ڕژیم ناتوانێ بەرێوەیان بەرێ. ئەو دیمەنەی کە لەدەرەوە بەهۆی زاڵ بوونی دەسەڵاتی ئیسلامی لەژنی ناوەوەی ئیران پیشان دەدرێ، تەنیا بەشێك لە واقعیەتەکەیە. سیمای ئێستای ژن لە ئێران بە موقاوەمەت وخۆراگری دەناسرێتەوە، ئەوە ڕاستەکە یاسای شەرعی ئیسلامی لەو وڵاتەدا بەرێوە چۆە بەڵام ژنانیش تەسلیمی بێ ئیرادەی ئەو یاسایانە نەبوون.

بۆ بەرەوپیش بردنی زیاتری ئەو بزوتنەوەیە دەبێ هەوڵ بدرێ کەخەباتی ژنانی ئیرانی لە ژنانی چینی مامناوەندی وروشن بیرانەوە پەرە پێ بدرێ بەرەو ژیان وخەباتی ژنانی کرێکار وزەحمەتکێش وئاستێکی جەماوەریتر بدرێ بەو حەرکەتەی کەئیستا لە ئارادایە. ژنانی پیشڕەو پێویستە کۆمەڵی ژنان لە دەوری دوروشم و رێبازی ڕادیکال کۆ بکەنەوە. ئەگەر ئەو حەرەکەتە هەر لە چوارچیوەی ژنانی وشیار و پیشڕەودا بمێنێتەوە، نە بەرانبەر بە دەسەڵات و نە بەرانبەر بە نەریتەکانی گیان سەختی کۆمەڵایەتی و پیاوەمەزنی خۆی پێ ڕاناگیرێ.

**٢- کەمپەینی یەک ملیۆن ئیمزا خەڵاتی سیمون دوبواری وەرگرت بەڵام دوای ئەوە هیچ گۆڕانکاریەک نەکرا، ئایا ئێران ئیجازە نادات یان خودی ژنان کەمتەرخەمن؟**

کەمپەینی ١ میلیون ئیمزا، بزوتنەوەی ژنانی ڕیفۆرم خوازە کە هەوڵ دەدات هێندێك ئاڵوگۆری رووکەشی لە یاساکانی ئیسلامی دا هەر لەچوارچێوەی ئەو ڕژیمە دا بەدەست بێنین. ئەو حەرەکەتە ناتوانێ قولایی ڕەنج و ئازاری ژنانی ئێران بخاتە روو هەر بۆیە ناتوانێ وزە وتوانای جەماوەری ژنانی ئێران بخاتە کار.

بەرێوبەرانی ئەو کەمپینە لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆربەیان هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی ژنان لە ئیرانن، بەڵام بەهۆی ڕێبازێك کەڕەچاویان کردوە ناتوانن سەرنجی جەماوەری ژنان بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن. ئەوان بەکردەوە خەلك بەو

ڕژیمەوە بەیاساکانی شەرعی لەسەرکێشەی ژنان خۆش باوەڕ دەکەن. ئەوان نایانهەوێ ویان ناتوانن قوڵایی ئازارەکانی چەوسانەوەی ژنانی کرێکار، یان ژنانێك کە بەبێ هیچ بەرانبەرێك کاری ناو ماڵ دەکەن، دەرك بکەن. چارەنووسی ئەو حەرەکەتە بەچارەنووسی ڕەوتی ڕیفۆرم خوازی ناو ڕژیمەوە بەستراوەتەوە و دانی خەڵاتی سیمون دوبواریش لەم بابەتەوە موعجزەیەکی پێ ناکرێت.

**٣- ئەو کچانەی کەلە ئێرانەوە بۆ گەڕان بەدوای ئازادی دا هاتۆنەتە ناو شۆڕشەکانی بەرەی ئوپۆزسیۆن، ئایا بە مەیلی خۆیان دێن یان کێشەی خێزانی وکۆمەڵایەتی وسیاسیەکانی وادەکات؟**

زۆربەی هەرە زۆریان بەپێی تیگەیشتنێکی سیاسی کە وەدەستی دێنن روو دەکەنە ڕیزەکانی ئێمە. بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو ڕاستیەش دەزانین کە لە وڵاتانی وەکوو وڵاتی ئێمەکە سیستەمی پیاومەزنی تێیاندا ڕەگ وریشەی داکوتاوە کەمتر ژن لەبنەماڵەیەك دا هەیە کە کێشەی خێزانی نەبێت ، ئەوەش خۆی بێ گومان هاندەرە بۆ ئەوەی ڕێی خەبات هەلبژێرن وبەم یان بەو ریکخراوی سیاسی دژ بە ڕژیم پەیوەست بن.

**٤- ئێوە وەکو ژنێکی شۆڕشگێر کە ئێستا لەتاراوگەن ئایا لە ژیانی پێشمەرگایەتیتان ڕازیین و ئومیدێک بۆ ئازادی دەبینن؟**

بێ گومان رازیمو لام وایە ریگایەك کە هەلم بژاردۆە مانایەکی قوولی بەژیانم بەخشیوە، ئەو ژیانەی کە لەپێناوی رزگاری چینی کرێکار و لە پیناوی رزگاری ژنی ئەو وڵاتە لەچەوسانەوە و لەستەم و هەلاواردن سەرفی دەکەم. رەوتی ژیان بەرەو پیش کەوتنەوە و من لە سەرکەوتن دلنیام بەڵام نەك هەر ئامانجی سەرکەوتنی یەکجاری ئاواتێکی شیرینە و ئەرزشی ئەوەی هەیە کە ژیانی تێدا بەریتە سەر، ئاڵوگۆری چکۆلەش لەژیانی ژنان دا وردە وردە لەسەریەك کۆ دەبێتەوە و هەر دەتوانێ بەرهەمی خەباتێکی ئامانج خوازانە بێ. ئێوە بروانن ژیانی ژنانی کورد لە ٥٠ ساڵی ڕابردوودا، ئایا بەڕاستی هەر وەکوو خۆی ماوە؟ بە بێ گۆمان گۆڕانی گەورەی بەقازانجی ژنان بەسەردا هاتوە، کە بەرهەمی خۆراگری خۆیان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیە. ئەگەر چی هێشتا هەر گەلێك نەهامەتی پڕ ئێش و ئازاریش هەر ماون. مەسەلە ئەوەیە کە ئەو ڕەوتە لەبەرەوپێش چوون نەوەستاوەو ناوەستێ کاری ئێمە ئەوەیە کە خێراتری بکەینەوە.

**٥- کێشە وگرفتەکانی ژنانی ئێران ئێستاکە لە چ دۆخێکدایە، ئایا ئەو پیاوانەی کەلە بەرەی ئوپۆزسیۆنەکاندا باسی یەکسانی ژنان و پیاوان دەکەن تاچەند ئەم مەسەلەیە پراکتیک دەکەن؟**


بزووتنەوەی ژنان لەئێران ئێستا لەقوناغی خۆرێکخستن دایە. زۆربەی ژنان مافەکانی خۆیان دەناسن، دەزانن کە بە ناحەق ئەو مافانەیان لێ زەوت کراوە. تارادەیەکی زۆریش تواناییەکانی خۆیان ناسیوە. گرینگ ئەوەیە کە ریکخراوەکانی سەربەخۆی جەماوەری خۆیان پێك بهێنن وریبازیك بگرنەبەر کە هاوپەیمانی خەباتێکی پێشڕەو و سوشیالیستی لە کۆمەڵگادا بێ. هاوپەیمانی خەباتی چینی کرێکار بێ، دروشمەکانی خەباتی ژنان لەبزووتنەوەی خوێندکارانی ئێران و بزووتنەوەی ئازادی خوازانە دا بەگشتی، ڕەنگ بداتەوە.

ئوپوزسیونی ئێران هەمووی ناکرێ بە یەك چاو سەیر بکرێ، ئەو ئوپوزسیونە مەیل وبۆچوون و ستراتیژی جیاوازی تێدایە. هێزی وا هەیە لەناو ئوپوزسیون دا کە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ژنان گەلیك پیاومەزنانەیە، یان لە قسەدا باسی مافی یەکسان بۆ ژن وپیاو دەکەن، بەڵام رۆژانە مافی ژنەکانی خۆیان بەکردەوە پێ شێل دەکەن. ئەگەر مەبەستی جیگا وشوێنی ژنان لەناو هێزە چەپ و پێش کەوتن خوازکان دابێ، ئەوە پیویستە دان بەو ڕاستی یەدا بنرێ کە لێرەش دا ژنان بە تەواوی بێ کێشەو وگیروگرفت نین. ئەو گیروگرفتانە ئەگەر زۆر کەمیش بن، هەبوونیان لەناو هێزێك دا کە بە تایبەت خۆی بەسوسیالیست و بەکومونیست بزانێ، قابیلی قەبوڵ نین. بە بڕوای من ڕیشەکێش بوونی هەستی پیاومەزنی لەناو پیاوانی ئەوەجۆرە ریکخراونەش دا، پێویستی بەخەباتی ئیدئۆلوژیك وسیاسی پتەو و بەردەوام هەیە و نابێ لێی بێ خەم بین.

* * *

# کورتەیەک لە ژیانی
# کلارا زتکین

بە ناوبانگرین ریبەری بزووتنەوەی ژنانی جیهان کلارا ئایسنێر، ناسراو بە کلارازتکین لە ساڵی ١٨٥٧دا لە شارۆچکەی ویدروی سەر بە پارێزگای ساکسۆنی لە ئاڵمان لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندیدا لە دایك بوو.
کلارا لە سەردەمی خوێندکاریدا لە پەیمانگای (پەروەردەی مامۆستایانی لایپزیك) لە ساڵی ١٨٧٨دا بوو بە ئەندامی حیزبی سۆسیال دیمۆکراتی ئاڵمان و فەعالیەت و تێکۆشانی سیاسی خۆی دەست پێکرد.
کلارا لە ساڵی ١٨٨٢دا لە گەڵ دارتاشێکی شۆڕشگێڕی رووسی بە ناوی ئۆسیپ زتکین، کە لە لایپزیك نیشتەجێ بوو، ژیانی هاوسەری پێکهێنا و بە هۆی کێشەی سیاسیەوە ناچار کران بەرەو پاریس هەڵبێن و لەو شارەدا نیشتەجێ ببن.
کلارا ئایسنێر لەم کاتەوە نازناوی (زتکین) ی بۆ خۆی داناو بە کلارا زتکین ناوبانگی دەرکرد.
کلارا لە پاریس، وێڕای فەعالییەتی حیزبی، وەك رۆژنامەنووس لە گەڵ چاپەمەنییە کرێکارییەکانی فەرانسە و ئاڵمان هاوکاری دەکرد.
کلارا هەر لەم ساڵانەدا بە نوێنەرایەتی حیزبی سۆسیال دیمۆکراتی ئاڵمان لە کۆبوونەوەی دووەمین کۆنگرەی (ئەنترناسیۆناڵ سۆسیالیست) ەکاندا بەشداری کرد.
کلارا لەم کۆبوونەوەدا سەبارەت بە بارودۆخی نالەباری ژنان بە گشتی و ژنانی کرێکار بە تایبەتی وتاری پێشکەش کرد.
کلارا لە وتارەکەی خۆیدا بە درووستی تیشکی خستە سەر گەورەترین کۆسپ و گرفتی ژنان و وتی :
"تا ئەو کاتەی ژن سەربەخۆیی ئابووری بە دەست نەهێناوە و لە لایەن پیاوەوە بەخێو دەکرێت، ناتوانێ لە ستەمی رەگەزی رزگار بێت. "
کلارا لە ساڵی ١٨٨٦دا بۆ جاری دووەم لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆناڵ سۆسیالیست دا بەشداری کرد و لەم کۆبوونەوەشدا لە سەر وەزعیەتی ژنان وتاری پێشکەش کرد و بە تایبەت پێداگری لە سەر "حەقدەستی بەرانبەر لە پێناو کاری بەرانبەر بۆ ژنانی کرێکار" کرد کە خواستەکەی پەسەند کراو لە بڕیاری کۆتایی کۆنگرەکەدا رەنگی دایەوە.
کلارازتیکن لە ساڵی ١٩١٠دا لە دووەمین کۆنفەرانسی ژنانی سۆسیالیست دا ٨ی مارسی وەك رۆژی جیهانی ژنان پێشنیار کرد و پەسەند کرا.
چەند ساڵ دواتر لە گەڵ لیبکنخت و شۆڕشگێڕی بەناوبانگ رۆزا لۆگزامبۆرگ لە حیزبی سۆسیال دیمۆکرات جیا بوونەوە و حیزبی کۆمۆنیستی ئاڵمانیان پێکهێنا و کلارازتکین بەرپرسایەتی پێوەندییەنێونەتەوەییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی گرتە ئەستۆ.
ئەم ژنە شۆڕشگێڕە بەناوبانگە لە ساڵی ١٩٢٠وە تا ساڵی ١٩٣٢ وەك پارلەمانتارێکی سەر بە حیزبی کۆمۆنیست ئەندام پارلەمانی ئاڵمان بوو و لەم سەنگەرەدا درێژەی بە خەباتی خۆی دەدا.



کلارا زتکین لە ساڵی ١٩٣٢دا، لە حاڵێکدا کە بینایی چاوەکانی لە دەست دابوو، لە مەراسمی دەسپێکی خولی نوێی پارلەماندا وتارێکی دژەفاشیستی توند و کاریگەری پێشکەش کرد.
کلارا لە ساڵی ١٩٣٣دا لە لایەن فاشیستەکانی ئاڵمانەوە هەڕەشەی کوشتنی لێکراو بە هۆی بارودۆخی سیاسی نالەباری ئاڵمانەوە، بە پێشنیاری هاوڕێ حیزبیەکانی ئاڵمانی بە جێهێشت و لە یەکیەتی سۆڤیەت گیرسایەوە.
کلارا لە یەکیەتی سۆڤیەتیش، بە سەر (پیری و نابینایی) شەوە درێژەی بە خەبات و تێکۆشانی خۆی دەدا. بەڵام بەداخەوە چەند مانگێك دوای نیشتەجێبوونی لە موسکۆ ژیانی پڕ لە خەبات و تێکۆشانی کۆتایی هات و دڵی پڕ لە ئاواتی لە لێدان کەوت.
رۆژنامەیەکی بەناوبانگی ئەو سەردەمە سەبارەت بە مەرگ و مەراسمی بە خاك سپاردنی کلارازتیکین بەم شێوە دەدوێت:
٦٠٠ هەزار کەس لە مەراسمی بە خاك سپاردنی کلارازتیکین، کۆمۆنیستی بەرجەستە و بەناوبانگترین ریبەری بزووتنەوەی ژنانی جیهان، بەشدارییان کرد.

***

# لە یادی ٩٠ ساڵەی تیرۆری رۆزا لۆکزامبورگ دا

نووسینی تونی کلیف و. لە ئینگیزی یەوە: ئازاد ئارامان

رۆزا لۆکسمبورگ هەر لە سەرەتای لاویەتییەوە هەڵسووراو بوو لە ناو بزووتنەوەی سۆسیالیستی دا و پەیوەندی کرد بە پارتێکی شۆڕشگێڕ بەناوی پرۆلیتاریا، کە لە ساڵی ١٨٨٢ دا دامەزرابوو، دەوروبەری ٢١ساڵ بەر لە دروست بوونی پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی روسیا (بەلشەفیك_ مەنشەفیك) دەستی بەکار کردبوو. پرۆلیتاریا لە سەرەتاوە لە بارەی پرەنسیپ و پرۆگرامەوە چەند هەنگاو لە پێش بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی روسیا بوو. کە بەشێك لە رۆشنبیرانی قارەمان پێی هەڵدەستان. بەڵام پرۆلیتاریا لە ساڵی ١٨٨٦ دا کاری رێکخستن و رابەری هەزاران کرێکاری دەرکرد لە خۆپیشاندان و مانگرتندا. سەرەڕای ئەمەش پرۆلیتاریا بە کردەوە چوار لە سەرکردەکانی تووشی لە سێدارەدان و سەربڕین هاتن. وە ٢٣ی تریشیان تووشی زیندانی بوون، بۆ ماوەیەکی زۆریش کاری تاقەت پروکێنیان پێ دەکردن. هەروەها سزادانی زیاتر لە ٢٠٠ کرێکاری تر. تەنها بازنەیەکی بچوك رزگاریان بوو لە تێکشکان. یەکێك لەم کەسانە رۆزا لۆکسمبورگ بوو کە لە تەمەنی ١٦ساڵی دا پەیوەست بوو بە رێکخراوی پرۆلیتاریا. لە ساڵی ١٨٨٩دا پۆلیس فشاری زۆری هێنا بۆ رۆزا تاوەکو وڵات بەجێ بهێڵێت، هاورێیانی رۆزاش ئەوایان بیر دەکردەوە بە باشتریان دەزانی بچێتە دەرەوە سودی زیاتری، نەك لە زیندان دا بێت. بۆیە رۆزا بریاری دا و سەفەری کرد بۆ سویسرا لە شاری زویرخ نیشتەجێ بوو، کە یەکێك بوو لە گرنگ ترین ئەم سەنتەرانە، بۆ کۆچبەرانی پۆڵەندی و رووسی. هەر لەوێوە چوو بۆ زانکۆ و وانەی زانستی سروشتی، بیرکاری، ئابووری خوێند، هەروەها لەوێ بەشداری چالاکانەی بوو لە ناو بزووتنەوەی کرێکاری ناوخۆیی و بزووتنەوەی رۆشنبیری لە ژیانی شۆڕشگێرانی کۆچبەران.

گرنگ تر لەمەش چەند ساڵێك دواتر رۆزا لۆکسمبورگ بوو بە رێبەری تیوریسیۆنی پارتی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕی پۆڵەندا. هەروەها بوو بە یارمەتی دەری سەرەکی رۆژنامەی حیزب، sprawa rabotnicza کە لە پاریس چاپ دەکرا. لە ساڵی ١٩٨٤دا پارتی پرۆلیتاریا ناوی گۆردرا، بوو بە پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی شانشینی پۆڵەندا؛ دوای ماوەیەکی کورت لیتوانیاشی بۆ زیاد کرد. رۆزا هەر بە رابەری تیوریسیونی پارتی (the SDKPL) مایەوە تاوەکو کۆتایی ژیانی.

رۆزا لە ئۆگێستی ساڵی ١٨٩٣دا نوێنەری حیزب بوو لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیونالی سۆسیالیست. لێرەدا ژنێك



دەبینی لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا، دەچێتە ناو پێشبرکێ یەك لەگەڵ ناسراوترین کەسانی ناو پارتێکی تری پۆڵەندا، بە ناوی پارتی سۆسیالیستی پۆڵەندا. کە بیروباوری سەرەکی یان سەربەخۆیی پۆڵەندا بوو، هەروەها رابەرانی کۆنی سۆسیالیزمی نێونەتەوەیی رێزیان دەگرد لە ئەزموونەکانی پۆڵەنده و هەروەها پشتیوانی کردن لە بزووتنەوەی نیشتمانی پۆڵەندا رابردوویەکی قایم و نەریتێکی درێژی لە پشت بوو: هەروەها مارکس و ئەنگلسیش گرنگی یان پێ داوە و تەرکیزی سیاسییان کردۆتە سەر ئەم مەسەلەیە. سەرەرای ئەمانەش رۆزا لۆکسمبورگ چاوەنەترسانە هێرشی دەکردە سەر پارتی سۆسیالیستی پۆڵەندا، تاوانبار کردنی رەوتی نیشتمانی بە رۆشنی و بە شێوەیەکی سروشتی، بەرەنگاربوونەوەی گۆرینی کرێکاران لە رێگای خەباتی چینایەتی: هەروەها بەرەو روو وەستانەوە و وەرگرتنی هەڵوێستێکی جیاواز لە دەسەڵاتی کۆن پێچەوانەی دروشمی سەربەخۆیی پۆڵەند.

رۆزا رووناکبیری یەکەی بە شێوەیەکی باوددان و تیژ گەشەی کرد و هیچکەس نەیتوانی بەربەستی بکات لە پەیوەست بوونی بۆ چوونە ناو سەنتەری بزووتنەوەی کرێکارانی جیهان. لە ساڵی ١٨٩٨دا لە ئەڵمانیا توانی رێباز و رەوتی خۆی پێکبهێنێت.

رۆزا بەشێوازێکی کۆڵنەدەرانە دەستی بە نووسین کرد، و دوای ماوەیەك بوو بە یەکێك لە یارمەتیدەری سەرەکی ل گرنگترین گۆڤاری تیوری مارکسیستی کە لەوکاتەدا (Neue zeit).

ئەو هەمیشە سەربەخۆ بوو لە بریار و رەخنەکانی دا، هەتا لە بەرامبەر مەزنی و پایەبەرزی کەسێکی وەکو کارل کاوتسکی سەرنووسەر، کە بە باوکی مارکسیزم دەژمێردرا. هەر وەکوو ئەو (کارل کاوتسکی) دەڵێت رۆزا بۆ یەك جاریش بیروباوەری خۆی نەدەگۆری بە بێ لێکۆڵینەوە و پێ سەلماندن.

رۆزا لۆکسمبورگ چووە ناو دڵ و دەروونی بزووتنەوەی

کرێکاران لە ئاڵمانیا. هەروەها یارمەتیدەری بەردەوام بوو لە چەندین ڕۆژنامەی سۆسیالیستی — لە هەندێ کاتدا سەرنووسەر بوو- لەگەڵ ئەوەشدا دەستنیشانی چەندین کۆبوونەوەی جەماوەری دەکرد و قسەکەری بەردەوام بوو لەسەر تەواوی ئەم باسانەی بزووتنەوەکە پێویستی پێ بوو. سەراپای، قسەکان و وتارەکانی کاری داهێنەری ڕەسەن بوون، کارەکانی ئەو دوور بوو لە سۆز. ئەو بەردەوام کراوە بوو لەگەڵ خوێنەرانی، ئاسۆس بیرکردنەوەی مەزنتر و بەرفراوانتر ببوو لە رابردوو.

لەو کاتەدا بزووتنەوەکە لە ئاڵمانیا دابەش ببوو بۆسەر دوو ڕەوتی سەرەکی، یەکیان ریفۆرمیست بوو ئەوی تریان شۆڕشگێڕ، لەگەڵ زیاتر بوونی هێزی پێشوو. ئەڵمانیا خۆشحاڵ بوو بە گەشەی بەردەوام لەوکاتەی لە ئەزمە بوو لە ساڵی ١٨٧٣دا کرێکاران پێوانەی ژیانیان سەرکەوت بە بەردەوامی و بێ وەستان، ئەگەر بە شێنەیش بێت: یەکێتی کرێکارایی‌یەکان و کۆمەڵە هەرەوەزییەکان بەهێزتر گەشەیان دەکرد.

دژایەتی کردنی ئەم دواکەوتوویییە، و بیروکراتیی‌یەتی ئەم بزووتنەوانە، بە یەکەوە لەگەڵ زیاد بوونی نوێنەرانی پارلمانتاری پارتی سۆسیالیستی دێموکراتی، دوور کەوتنەوە لە شۆڕش و ئازایەتیی‌یەکیان دا بەو کەسانەی کە هەر ئێستا بەیانیا کردووە و جاریان بۆ ئەوە داوە بەرەبەرە برۆن بەرەو ریفۆرمیزم وەکو بیروڕایی بنچینەیی. قسەکەری سەرەکی ئەم ڕەوتە ئێدوارد برنشتاین بوو، وەکوو شاگردێکی ئێنگڵس لە نێوان ساڵانی ١٨٩٨- ١٨٩٦دا زنجیرەیەك وتار نووسی لەسەر رۆژنامەی Die Neue zeitلەسەر کێشەی سۆسیالیزم، زیاتر و زیاتر بەئاشکرا هێرشی دەکردە سەر بیروباوەری مارکسیزم. قسەوباسی تیژ و بەرفراوان دەستی پێکرد. رۆزا لۆکسمبۆرگ تازە هاتبووە ناو بزووتنەوەی کرێکارانی ئەڵمانیا، یەکسەر هاتە وڵام لە برگریکردن لە مارکسیزم. بەشێوەیەکی بلیمەتانە و زۆر جوان. ئەو لە نامێلکەکەیدا هێرشی کردە سەر بڵاوبوونەوەی سەرەتانی ریفۆرمیزم بەناوی (ریفۆرمی کۆمەڵایەتی یان خود شۆڕشی کۆمەڵایەتی).

هەر زوو دوای ئەوە، سۆسیالیستی فەرەنسی میلیرەند چووە ناوە هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی سەرمایەداری. رۆزا لۆکسمبۆرگ بە دوای ئەم ئەزموونە چوو لە نزیکەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کرد و لە چەند زنجیرە وتارێکی گرنگدا کە پەیوەندی هەبوو بەم کێشەیە بەگشتی لە پەیوەند بە بزووتنەوەی کرێکارانی فەرەنسە و مەسەلەی هاوپەیمانیەتی لەگەڵ حکومەت. دواس شکستی ماکدۆنالد لە بەریتانیا، لە کۆماری ویمەری ئاڵمانیا، هەروەها بەرەی گەلی لە فەرەنسە لە ساڵی ١٩٣٠دا. جەنگی جیهانی دووهەم و حکومەتی هاوپیەمانەکان لە هەمان وڵاتدا، ڕۆشنە ئەم ئەنجامگیری و دەرسانەی ڕۆزا لۆکسمبۆرگ بە دەستی هێنا تەنیا گرنگیەکی مێژووی نەبوو بەتەنها.

لە ساڵی ١٩٠٤-١٩٠٣ دا ڕۆزا لۆکسمبۆرگ کەوتە دیالۆگ لەگەڵ لینین، لەگەڵ ئەو کەسانە کە جیاوازیان هەبوو لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی و دروست بوونی پەیکەرەی حیزب، هەروەها لەسەر پەیوەندی نێوان حیزب و چالاکی جەماوەری. دوای ساڵی ١٩٠٤ "پاراستنی قەیسەر" بریاری سێ مانگ زیندانی بۆ برایەوە، بەڵام یەك مانگ لە زیندان مایەوە.

لە ساڵی ١٩٠٥دا، لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی یەکەمی ڕوسیا. ڕۆزا زنجیرەیەك وتار و نامیلکەی نووسی لەسەر پارتی پۆڵەندا، گەشەی دا بە بیری شۆڕشی بەردەوام، هەر وەکو دیارە ئەم باسە سەربەخۆ گەشەی پێدرا لە لایەن ترۆتسکی و پارڤس بەڵام چەند مارکسیستی تریش باوەڕیان پێ بوو لەو کاتەدا. لەگەڵ ئەوەشدا بەلشەفیك و مەنشەفیك هەر دوو لایەن، سەرەرای جیاوازی قوڵی نێوانیان، بروایان وابوو کە شۆرشی ئەو کاتەی ڕوسیا لە قۆناغی شۆرشی دیموکراتییە. ڕۆزا قسەوباسی ئەوەی دەکرد گەشەی دونیا قۆناغی دێموکراسی بۆرژوازی تێپەراندووە و لە کۆتایی دا یان دەسەڵاتی کرێکارانە یا خود شکستێکی تەواوە. درووشمی ئەو ئەوە بوو "دیکتاتۆری یەتی شۆرشگێرانەی پرۆلیتاریا لەگەڵ جوتیاران" لەگەڵ ئەوەشدا تەنها ئەندیشە و نووسین و قسەکردن لەسەر شۆڕش بەس نەبوو بۆ رۆزا لۆکسمبۆرگ. دوروشمی ژیانی ئەو ئەوەبوو، "لەسەرەتاوە کردار" سەرەرای ئەوەش لەو کاتەدا وەزعی تەندروستی باش نەبوو، لە نزیکترین فرسەت لە دیسێمبەری ١٩٠٥ دا رایکرد بۆ پۆڵەندای ڕوسیا. لەو کاتەی شۆڕش لە لووتکەی خۆیدا بووو، جەماوەریش هێشتا لە چالاکی دا بوون، بەڵام ڕارابوون و لە کاتێکدا کۆنەپەرستیش لە بەرەوپێشچووندا بوو. تەواوی کۆبوونەوەکان قەدەغە کران، بەڵام کرێکاران هێشتا لە سەنگەری خۆیانەوە کۆبوونەوەکانیان ئەنجام دەدا، لە کارگەکان کرێکاران ڕۆژنامەکانیان لێ قەدەغە کرا، بەڵام ڕۆژنامەی پارتی رۆزا لۆکسمبورگ ڕۆژانە دەردەچوو، ئەگەر چی بە نهێنیش چاپ دەکرا. لە ٤ی مارسی ١٩٠٦دا رۆزا دەستگیر کرا بۆ ماوەی چوار مانگ. یەکەم جار زیندان و ئینجا لە قەڵایەك و دواتریش ئازاد کرا. لەسەر ئەساسی تەندروستی و نەخۆشی و هاوڵاتی ئەڵمانی بوو، لەم وڵاتە سنووورداش یان کرد.

شۆڕشی ڕوسیا لە ساڵی ١٩٠٥ گۆشت و خوێنی دا بە ئەندیشەی رۆزا لۆکسمبورگ تێگەیشت چەند ساڵێك زووتر: ئەم خۆپیشاندانە جەماوەرییە - سیاسی — ئابووری یەـ پێکهێنانی توخمێکی بنچینەیی کرێکارانی شۆڕشگێرە لە خەباتکردن لە پێناوی دەسەڵات، جیاکردنەوەی سۆسیالیستی لە تەواوی شۆڕشەکانی رابردوودا. ئێستا فراوانکردنەوەی ئەندێشەی ئەوە لەسەر بناغەی ئەزموونی مێژووی نوێ.

قسەکردن لەسەر ئەنجامیگری کۆبوونەوەی جەماوەری، تاوانبار کردن بە "هاندان بۆ توندوتیژیگ دوو مانگی تر چووە زیندان، ئەم جارەیان ئەڵمانیا.

ڕۆزا لۆکسمبورگ لە ساڵی ١٩٠٧دا بەشداری کرد لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیونالی سۆسیالیست لە شتوتگراد. ئەو بەناوی پارتی ڕوسیا و پۆلۆنیا قسەی کرد، لەسەر پێشبینی یەکان و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی نەگۆڕ لە بەرامبەر جەنگی ئیمپریالیستی.

لە نێوان ساڵانی ١٩٠٥ – ١٩١٠ دا جیابوونەوەیەکی بەرفراوان ڕووی دا لە نێوان ڕۆزا لۆکسمبورگ و سەرکردایەتی نێوانڕەوی SPD دا، کە کاوتسکی دەم ڕاستی تیوری یان بوو. لە پێش ئەوەدا لە ساڵی ١٩٠٧ ڕۆزا لۆکسمبورگ مەترسی دەربڕی لەسەر سەرکردایەتی پارت، جیاواز لەوەی بانگیان هەڵدەدا بۆ مارکسیزم، هەروەها گەرانەوەیان بەرامبەر بە هەلومەرجێك کە پێویستی بە بڕیاردانێکی چارەنووس ساز هەبوو. هاتنی ڕووداوی ساڵی ١٩١٠، بە تەواوی پەیوەندی نێوان ڕۆزا لۆکسمبورگ و کارل کاوتسکی تێکچوو لەسەر مەسەلەی شێوازی ڕێگای بە دەسەڵات گەیشتنی کرێکاران. لە ئێستادا SPD جیابوونەوە و بوون بە سێ ڕەوت و باڵی جیاواز: ڕێفۆرمیستەکان کە نوێنەرایەتی باڵی سیاسەتی ئیمپریالیستی یان دەکرد: ئەوانەی بەخۆیان دەڵێن نێوانڕەوی مارکسیستی، بەسەر کردایەتی کاوتسکی (کە ڕۆزا لۆکسمبورگ نازناوی ناون "سەرکردەی زەلکاو"ی لێنابوو) بە قسە هێشتا خۆیان پێ رادیکاڵە، بەڵام دەردەکەوێ زیاتر و زیاتر بەرەو ڕێبازی پەرلمانتاری خەبات دەکەن: باڵی شۆڕشگێر کە ڕۆزا لۆکسمبورگ بزوێنەری سەرەکی بوو.

لە ساڵی ١٩١٣ دا ڕۆزا لۆکسمبورگ یەکێك لە گرنگترین پەرتووکە تیوری یەکەی خۆی بەچاپ گەیاند، کەڵەکە بوونی سەرمایە: بەشداری کردن لە لێکۆڵینەوەی ئابووری ئیمپریالیستی. کە بە بێ شك و گومان، یەکێکە لە گرنگترین بەشداری یەکانی بنچینەیی لە قوتابخانەی ئابووری مارکسیستی لە سەردەمانی سەرمایەوە. کە پڕە لە مەعریفە، زیرەکترین شێوازە، تیژترین لێکدانەوەیەی ڕۆشنبیری سەربەخۆیە، ئەم پەرتووکەن کە میهرنیگ نووسەری ژیاننامەی مارکس دەڵێ نزیکترین پەرتووکە لە سەرمایە لە چاو هەموو بەرهەمە مارکسیستەکانی تر. کێشەی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەکەی زۆر گرنگە لە بۆ تیوری و سیاسی: بە تایبەتی چ شتێك کاریگەری فراوانکردنی سەرمایەداری تازە دەکات لە ناوچە دواکەوتووەکان لەسەر جیاوازییە ناوخۆییەکان و شێواندنی سەرمایەداری و جێگیر بوونی ئەم سیستەمە. لە ٢٠ی فێبریوەری ١٩١٤، ڕۆزا لۆکسمبورگ دەستگیر کرا لەسەر ئەوەی هانی سەربازانی داوە ڕاکەن. لە سەر ئەساسی دانە پاڵی توهمەیە قسەی کردو ئەم تۆمەتانەی ڕەتکردەوە "ئەوان چاوەڕوانی ئەوەیان لە ئێمەیە براکانی خۆمان بکوژین فەرەنسی یەکان یاخود بیانی یەکانی تر، ئەوسا پێیان دەڵێین "نەخیر لە ژێر هیچ قەید و شەرتێکدا."ئەم کارە ناکەین. لە دادگادا ئەو هەڵگەراوە لە نوێنەرێکی گومانلێکراوەوە بۆ نوێنەری گشتی، دواتر قسەکانی ئەو بڵاوکرایەوە لە ژێر سەردێری ملیتاریزم، جەنگ و چینی کرێکار، کە یەکێك بوو لەم ووژانە سۆسیالیستە شۆڕشگێڕانەی سەرزەنشتکردنی ئیمپریالیزم. دادگا بڕیاری ساڵێك زیندانی دا بەسەریدا، بەڵام زیندانی کردنەکەی یەکسەر جێبەجێ نەکرا. ئەو کاتەی ژووری دادگای بەجێ هێشت، یەکسەرە و ڕاستەوخۆ چوو بۆ کۆبوونەوەی جەماوەری دووبارە دەستی کردوە بە پروپاگەندە شۆڕشگێڕی یەکانی لە دژی جەنگ.

ئەو کاتەی جەنگی جیهانی یەکەم دەستی پێکرد، بە کردەوە تەواوی سەرکردەکانی پارتی سۆسیالیست وەرچەرخان بەرەو ڕێبازی نیشتمانی. لە ٣ی ئۆگێستی ساڵی ١٩١٤ دا گروپی پەرلەمانی سەر بە پارتی سۆسیال- دیموکراتی ئەڵمانیا کۆبوونەوە و بڕیاری یان دا دەنگ بدەن بەجەنگ بڕوابوون بە حکومەتی قەیسەر. لە ١١١ نوێنەر تەنها ١٥ نوێنەر یان دەنگیان لە دژیان دا. هەروەها دواتر داواکاری



ئەوان رەتکرایەوە، ئەوان پێشنیازی دیسیپلینی پارتی یان کرد. لە ٤ی ئۆگێستەوە تەواوی گروپی سۆسیال — دێموکرات بە یەك دەنگ دەنگی یان دا بە پاڵپشتی کردنی لایەنگراەکانیان. دوای چەند مانگی تر، لە ٢ی دیسێمبەرەوە کارل لیبختێنت گاڵتەی کرد بەم دیسیپلینە حیزبیە کە دەنگی دا بەم بێ ویژدانی یە. ئەو تاقەکەس بوو دەنگی دا لە دژی جەنگ و لایەنگرانیان.

ئەم بریارە دڵرەقانەی سەر کرادەیەتی حیزب دەری کرد گورزێکی توند بوو درا لە رۆزا لۆکسمبورگ، لەگەڵ ئەوەشدا دوور و وورەی بەرنەدا. لە هەمان رۆژدا، لە ٤ی ئۆگێست سۆسیال دیموکراتەکان چوونە ژێر ئالای حکومەتی قەیسەری، گروپێکی بچووك لە سۆسیالیستەکان کۆبوونەوە لە باڵەخانەکەی و بریاریان دا بجەنگێن لە دژی شەڕ. ئەم گروپە رێکخراوبوون لە لایەن رۆزا لۆکسمبورگ و کارل لبخێنت، فرانز میهرینگ و کلارازیکتین، لە کۆتایی دا بوون بە یەکێتی سپارتاکیستەکان. رۆزا لۆکسمبورگ نزیکەی چوار ساڵ زۆربەی کات لە زیندانەوە درێژەی دا بە ڕابەرایەتی کاری هاندان و ڕێکخستنی شۆرشگێران، و درێژەدان بە ڕێبازی ئالای بەرزی سۆسیالیزمی نێونەتەوەیی.

هەڵگیرسانی جەنگ بووە هۆی دابرانی ڕۆزا لۆکسمبورگ لە بزووتنەوەی کرێکارانی پۆڵەندا، بەڵام پێویستە ئەو قەبوول بکەین کە سەرمایەکی مەزن بوو بۆ پارتە پۆڵەندی یەکەی و لایەنگیری بەردەوام بوو لە دەربڕینی ئەندێشەی سۆسیالیزمی ئەنتەرناسیونالی.

شۆرشی روسیای فێبریوەری ساڵی ١٩١٧ راستی و دروستی پێشبینیەکانی رۆزا لۆکسمبورگی هێنایە دی سەبارەت بە سیاسەتی شۆرشگێری بەرهەڵستکاری دژی جەنگ و خەبات لە پێناوی سەرنگوون کردنی دەوڵەتە ئیمپریالیستیەکان. ڕۆزا لە زیندانەوە چاوەدێری رووداوەکانی دەکرد، و لە نزیکەوە خەریکی لێکۆڵینەوە بوو لەسەر ئەزموونەکان بۆ دوارۆژ. ئەو بە دڵنیاییەوە باوەری وابوو سەرکەوتنی فیبریوەری کۆتایی خەبات نییە، بەڵکو سەرەتایە، تەنها دەسەڵاتی کرێکاران دتوانێ ئاشتی مسۆگەر بکات. ڕۆزا لە زیندانەوە پەیام لە دوای پەیامی بڵاو دەکردەوە بۆ کرێکاران و سەربازانی ئەڵمانیا لاسایی براکانتان بکەنەوە لە ڕوسیا، و بەم شێوەیە سەرمایەداران و مشوخۆران سەرنگوون کەن، لە کاتێکدا شۆرشی روسیا بپارێزن، لەهەمان کاتدا رێگە نەدەن لە خوێن رشتنی خۆتا تا مردن لە ژێر دەسەڵاتی بەربەریزمی سەرمایەداری.

ئەم کاتەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەرپا بوو، رۆزا لۆکسمبورگ بەگەرمی پێشوازی لێکرد، و پەسەندی کرد لە بەرزترین قۆناغیدا، لە هەمان کاتدا ئەو باوەری بەوە نەبوو هەموو شتێك قبوڵ بکات بەبێ رەخنە لێگرتن، هەموو ئەو کارە خزمەتگوزاریانەی بەلشەفیەکان دەیانکرد بۆ بزووتنەوەی کرێکاری ئەو بە ڕۆشنی پێشبینی ئەوەی دەکرد ئەگەر شۆرشی ڕوسیا خۆی رزگار نەکات لەو شێوێندراوانەی بۆی پێش هاتووە، کە ئیفلیجی کردووە لە گەشە کردن. کە هێشتا زووە بۆ گەشە سەندن لە یەکێتی سوڤیەت، هەروەها ئەو دەست نیشانی خاڵە شێوێندراوەکانی کرد، بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی دێموکراسی.

لە ٨ی نوڤیمبەری ساڵی ١٩١٨دا شۆرشی ئاڵمانیا رۆزا لۆکسمبورگی لە زیندان ئازاد کرد. ڕۆزا بە هەموو هێز و توانا و پەرۆشیەوە بەشداری لە شۆرش کرد. بەڵام بەداخەوە هێزە کۆنەپەرستەکان بەهێز بوون، باڵی راستی سەرکردەکانی سوسیال دێموکرات و جنراڵەکانی سوپای کۆنی قەیسەر یەکیان گرت بۆ سەرکوت کردنی چینی کرێکارانی شۆڕشگێڕ. هەزاران کرێکار کوژران: لە ١٥ی جەنیوەری ١٩١٩دا کارل لیبخینت کوژرا: لە هەمان رۆژدا سەربازێك بە قۆنداخی چەکەکەی کێشای بە کەللەسەر رۆزا لۆکسمبورگ.

بە گیان لەدەستدانی رۆزا لۆکسمبورگ بزووتنەوی کرێکاران لە جیهان بەناوبانگترین رابەری خۆی لەدەست دا. کە وردبینترین بیرمەند بوو دوای مارکس و ئینگڵس. وەکوو میهرینگ دەڵێت شتێکی تر نییە، لە ژیانی ئەودا، لە مردن زیاتر، ڕۆزا هەموو شتێکی بەخشی لە پێناوی رزگاری مرۆڤایەتیدا.

***

رۆزا لۆکسمبورگ لە ٥ی مارسی ١٨٧١ دا لە شارۆچکەیەکی بچووك بەناوی زامۆسك لە پۆلەندا لە دایك بووە (لە ١٥/٠١/١٩١٩ لە لایەن دەوڵەتی ئەڵمانیاوە تیرۆر کراوە).
وەرگێڕ




# کاتێک لێکتێگەیشتن نییە، هەردووکمان تووشی هەڵە دەبین

## (نامەی فروغ بۆ باوکی)

**و : ناسر حەقپەرەست**

باوکی بەرێزم، هیوادارم حاڵتان باش بێت . حەتمەن لەبەر ئەوەیکە ماوەیەکی زۆرە نامەم بۆ نەناردوون لێم رەنجابێتی و لات وابێ کە خۆشم ناوێی، بەڵام لە راستیدا وانییە. من هەمیشە پێم خۆشبووە نامەتان بۆ بنووسم و دەردی دڵت لەگەڵ بکەم. بەڵام هەر کاتێك ویستومە نامەتان بۆ بنووسم ، خێرا لە خۆم پرسیوە : ئەرێ چی بنووسم؟

...ئەم مابەینەی کە لە نێوان من و تۆدا پێکهاتووە بە چی پربکەمەوە . من پێم خۆش نەبوو بنووسم...، ئەسڵەن حەزم نەدەکرد بنووسم ، حاڵم باشە و سلامەتم، ئێوە چۆنن و چ دەکەن.پێم خۆشبوو هەموو ژیانم، هەستەکانم، دەردەکان و نەهامەتیەکانم بۆتان نووسیبا، بەڵام نەمدەتوانی.

ئیستاش ناتوانم چوونکە کاتێك کە بنەماکانی بیرو باوەری ئێمە لە دوو زەمەنی جۆراوجۆر دا و لە دوو کۆمەڵگە کە بە لایەنی هەل و مەرجەوە بە تەواوی لێك جییان، دارێژراوە ، ئێمە چۆن دەتوانین لە بابەت خۆمانەوە لێکتێگەیشتنێکی باشمان هەبێ.

ئەگەر من گەرەکم بێ قسەکانم دەست پێبکەم ، دەبێ کتێبێك بنوسم. دەترسم قسەکانم نارەحەتتان کاو بەلاتەوە خۆش نەبن ، بەڵام منیش ناتوانم تا کاتێك ئەم قسانەم لە دڵدایە هەست بە رەزایەت و ئارامی بکەم ،... کاتێك ئیوە دەبینم خۆم بم نەوەك گیانلەبەرێك کە نە پێدەکەنێ و نە قسەدەکا، وە تەنیا دەتوانێ مات بێ و لە سوچێك دانیشێ.

دەردی گرانی من ئەوەیە کە ئێوە هەرگیز منتان نەناسی و هیچ کات نەتانویست بمناسن. رەنگە ئیستاش کاتێ لە بابەت منەوە بیردەکەیەوە، من وەك ژنێکی سەرشێت بە فکرگەلێکی نەفامانەوە کە بە خوێندنەوەی رۆمانە عاشقانەکان و چیرۆکەکانی گۆڤاری تاران لە مێشکی دا رەنگی داوەتەوە، بێتە بەرچاو. بەڵام ، ئەی خۆزگە وادەبوو ، چوونکە ئەوکات دەمتوانی زۆر بەختەوەربم.

ئەوکات دەمتوانی هەربەو دیوە چکۆلە و هاوسەرێك کە دەیویست تا ئاخری تەمەنی فەرمانبەرێکی سادە بمینێتەوە و لە قەبوڵکردنی هەر بەرپرسیارێتییەك و بازدانێك بۆ گەشەو پێشکەوتن بێزار بوو، وە زۆربڵەیی لەگەڵ ژنە هاوسێکان و شەر لەگەڵ خەسو... خۆلاسە هەزار کاری چەپەڵ و بێ مانای تر، قانیعم کا ، وە دونیایەکی گەورەتر و جوانترم نەدەناسی و وەك کرمێکی هاوریشم لە دونیای بەرتەسك و تاریکی قۆزاخەکەی خۆمدا لولم دەخوارد و گەشەم دەکرد و ژیانم بە کۆتایی دەگەیاند. بەڵام من ناتوانم و نەشم دەتوانی ئاوا بژیم. کاتێك خۆم ناسی سەرکەشی و یاخی گەرییەتییەکەشم لەبەرامبەر ژیاندا بەم شێوە نەفامانەیە دەستی پێکرد. من دەمهەویست و دەمهەوێ گەورەبم ، من ناتوانم وەك سەدان هەزار خەڵکی تر کە لە رۆژێك دا دێنە دونیا و لە رۆژێکی تردا دونیا جێ دێڵن ، بێ ئەوەیکە لەم هاتن و چوونەیان نیشانەیەك لە ژیان لە پاشیان بە جێ بمێنێ، بژیم.

.... لە من دا ئەمە هەیە . بەڵام هیچکات ناڵێم ئەوەیکە تا ئیستا کردوومە درووست بووە و کەس ناتوانێ رەخنەم لێ بگرێ، نا، من خۆم دەزانم لە ژیانم دا زۆرم هەڵە کردووە ، بەڵام کێ دەتوانێ بڵێ :هەموکارو کردەوە و بیروباوەروئا کاری لە سەراپای ژیانی دا عاقڵانە و درووست بووە.

من ئەسڵەن کچێکی خراپ نیم ، هیچکاتێکیش لە ژیانم دا نەمویستووە ببمە هۆی سەرشۆری بنەماڵەکەم. ئەگەر لەم رێگەدا هەنگاوم ناوە، بۆ ئەوە بووە کەس و کارم شانازیم پێوە بکەن، هەنوکەش پێم وایە و دڵنیام کە رۆژێك بە ئامانجەکەم دەگەم. بەڵام دەمتوانی چی بکەم، کاتێك

هیچکات و لە هیچ شوێنێك ئاسایشم بە خۆوە نەبینی ، هەرگیز نەمدەتوانی دەمم بکەمەوەو قسەکانم دەربڕم و خۆم بە ئێوە و ئەوانی تر بناسێنم.

لە یادمە کاتێك لەماڵەوە بۆ خۆم کتێبگەلێکی فەلسەفیم دەخوێندەوە و بە چەندین سەعات دادەنیشتم لەگەڵ ماموستای فەلسەفەی کۆلێژی ئەدەبیات لە بابەت فەلسەفەکانی رۆژهەلات باس و راوێژمان دەکرد ، من بەلاتەوە کچێکی نەفام بووم کە بە هۆی خۆیندنەوەی گۆڤار گەلێکی هەرچی و پەرچی فیکرم فاسد بووە. ئەوکات بە خۆمدا دەشکامەوەو لەوەیکە ئەوەندە لە مالێ دا غەریبم ، فرمێسك لە چاوم دا کۆدەبۆوەو هەولم دەدا خەفەبم و کارم بە سەرکاری کەسەوە نەبێ، وەیا هەزار شتی تری لە چەشنی ئەوەیکە رەنگە لە نەفسی خۆیدا زۆر گرینگ نەبێ، بەلام هەرکامیان بە تەنیا بۆ وردکردنی ورە و کەسایەتی کەسێك بەسە.

ئەگەر بمهەوێ قسەبکەم دەبێ زۆرشت بلێم. سەرەتا دەبێ لە خۆتانەوە دەست پێ بکەم ، لە کەسێك کە بە دەربرینی سۆز و خۆشەویستیەکانی دەیتوانی ئێمە لە خۆی نزیك کاتەوە و ببێتە رێنوێنمان، بەلام بە توندتیژییەکەی ئێمەی لە خۆی دەترساند و دەبووە هۆی ئەوەی کە ئێمە پەنابەرینە بەرخۆمان و بەمێشکە بچکۆلانەکانمان مەسەلە گەورەکانی ژیان چارەسەر کەین و ئەگەر چیش توشی هەڵەبین. لە یادمە جاری وابوو دەتانویست ئامۆژگاریمان کەن، بەلام تەنیا کاتێك کە خۆتان پێتان وابوو کە پێویستیتان بە قسەکردنە، نەئەوکاتەی کە ئیمە پێویستمان بە گۆی لی گرتن بوو، وە بێ ئەوەیکە ئەوە لەبەرچاوبگرن کە ئایا هەل و مەرج و بارودۆخی گرینگتر لە دۆخی دەروونی ئیمە بۆ وەرگرتن و درك کردنی ئامۆژگارییەکانی ئیوە ئامادەیە یان نا، یەکێك لە جێگاو بانەکەی ، ئەوتریان لەسەر نان خواردن و دواتریش سێهەمییانت لە حالێکدا کە نوقمی بەحری خوێندنەوە بوو، بانگ دەکرد و دواتر ئاموژگارییەکانت بە بێ هیچ پێشەکییەك دەست پێدەکرد... بە برۆ گەلێکی تێکنراو و سەرێکی هەمیشە داخراو . وادیاربوو دەترسان کە چاو لە چاوەکانمان بکەیی و پێبکەنی و ئیمە خۆشەویستی و جوانی هەستەکانتان درك کەین ، وە ئەوە بۆ ئیوە خراب تەواو بێ و ئیتر دوایی ئێوە نەتوانن ئیمە ناچار بکەن بە قسەتان بکەین و لێتان بترسین.

لە یادم نییە هیچکات قسەکانتانم بە جیدی وەرگرتبێ. کاتێك ئێوە لە گەرمەی ئامۆژگاری کردنی ئیمە دا بوون، دڵنیام هەموو منداڵەکانی تریش وەك من بیروهۆشیان لە جێیەکی تربوو.

لە یادم نییە هیچکات کە بەیانییەکەی لە خەو هەڵدەستام ، گشت ئامۆژگارییەکانتم لە یاد نەکردبێ. بە پێچەوانەش گەلێك جارکە رۆحی من بەهۆی هەڵەیەکەوە لە پەشیمانی و نەدامەتی دا هەڵدەلەرزی و دەمخواست بێمە لاتان و بلێم کە چیم کردووە و داواتان لێ بکەم ئامۆژگاریم بکەن ، بەلام وەك هەمیشە ترساوم و وام هەست کردووە لەگەڵتاندا بێگانەم . ئەسلەن بۆچی دەبێ وابێ؟.ئێوە کە ئەو گشتە کتیبە دەروونناسییەتان خوێندووەتەوە دەبێ هۆکاری ئەم شتانە باش بزانن.

هەرکاتێك بیر لە ژیانی رابردووم، سالێك ژیان لە مالێ ئێوەدا دەکەمەوە دلم دادەکەوێ . هەروەك دزەکان هەمووکارەکانم نەهێنی...کارە باش و خراپەکان. بۆچی رێزتان لە کەسایەتیم نەگرت ، بۆچی ناچارتان دەکردم لە ماڵ پەرتەوازەبم و وەك کەسێك کە بەدەم خەوەوە بەرێگەدا دەروا، نەزانم لە کوێم و چی دەکەم و لەگەڵ کێ دا قسەدەکەم؟ بۆچی نەمدەوێرا هاورێکانم بێنمەوە ماڵ و پێکتان بناسێنم تا ئەگەر باش یا خراپ بوون پێم بلێی و یارمەتی کەی؟

بەناچار هەڵەم دەکرد، هەڵە گەلێکی زۆر. بەلام بۆچی ئیستا هاتوومەتە ئێرە و ئازادی برسیەتی و دەربەدەری و هەزار چارەرەشی تر تەحەمول دەکەم ؟ چوونکە من ماڵێم خۆشدەوێ. من نەمدەویست شەو تا رۆژ لەناو شەقامەکاندا بە بێ ئامانج بگەرێم و لە ماندویەتییان گوشاری دەروونی و قسەی هەر کەس و ناکەسێك تەحەمۆل کەم، تەنیا بەو هۆیەی کە لە ماڵێ دا غەریبم و ناتوانم خۆم بناسێنم و ئارامییەکم هەبێ. ئیستا هاتوومەتە ئێرە ئازادم ، هەر ئەم ئازادییەی کە ئێوە دەترسان پێمی بدەن و من بە دزی ئێوەوە لە هەولی بەدەستهێنانی دابووم ، وە هەربەم هۆیە توشی هەڵەدەبووم ، لە کاتێکدا حەق وابوو ئێوە لە بەدەستهینانی ئەو ئازادییەدا لە رێگای دروستەوە یارمەتیم دەن. ئیستا لێرەم ، بەلام کێ دەتوانێ بلێ : شەوێك لە دەرەوەی ماڵێ خەوتووم ؟ نا ، من شەوتابەیانی لە دیوەکەی خۆمدام و کاری خۆم دەکەم. هۆگرییەکیشم بە چوونە دەرەوە نییە . بە پێچەوانەی ئەوەیکە ئێوە پێتان وایە ، من ژنێکی شەقام گەرنیم ، بەلکوخۆمم ، ژنێك کە پێی خۆشە لە پاڵ مێزەکەی دانیشێ و کتێب بخوێنێتەوە و شیعر بنوسێ و بیرکاتەوە. بۆچی؟چوونکە وا هەست دەکەم من هی خۆمم ، هەست دەکەم لە ماڵێ دا ئاسودەم ، ئیتر چاوگەلێکی چەپەل ، بە بێزاری و سوکایەتییەوە چاوم لێ ناکا، ئیتر کەسێك پێم نالێ ئەم کارە بکە ئەم کارەمەکە، کەس بە منداڵێکی نەفامم چاولێ ناکا ، وە من بۆ خۆم و بۆ پاراستنی بوونی کەسایەتی خۆم هەست بە بەرپرسیارێتی

دەکەم و لەمەوبەدوا هەرگیز ناتوانم لە بابەت هەڵەیەك کە لەوانەیە توشی بم لە خۆم خۆشبم.
لە حاڵێکدا کاتێك بیرلە رابردوودەکەمەوە ، هیچکات خۆم بە تاوانبار نازانم ، بەڵکوو ئەوانی تر بە هۆکاری هەڵەو خەتاکانم دەزانم.
مەخابن کە ناتوانم هەموو قسەکانم بکەم ، ئەگەر ئیجازەتان پێدەدام و بەڵێنتان دەدا کە دڵتان لێم نایەشێ، گەلێکم قسە بۆ ووتن هەبوو.
دەمویست لە سەرەتای ژیانمەوە دەست پێبکەم و هەر ساتێکیتان بۆ باس کەم و هەموو بیرو بۆچوونەکانم بۆ ئێوە بنووسم . من زۆرم لە بابەت ژیانم بیرکردۆتەوە، وە هەروەها لە بابەت ئێوەوە و شێوەی پەروەردەو بیر کردنەوەتان ،وە لە بابەت خۆشمانەوە، بەڵام ئیستا دەتوانم چ بکەم . ئەگەر بزانم ئێوە لێم دەرەنجێن ، واباشترە هەمیشە هەروا بە لێوگەلێکی داخراو و چاوانێك کە داوای محیببەت دەکات ، چاوتان لێبکەم و دڵم پربێ ، قسەکانیشمان هیچکات لە سڵاو و ئەحواڵپرسی تێنەپەرێ . ئەوەندە بزانن کە منیش وەك هەموو منداڵەکان ئێوەم خۆشدەوێ و نامهەوێ کارێك بکەم کە پێی نارەحەت بن، وە دیسانەوەیش دەزانم کە ئیمکانی نییە دایك و باوك منداڵی خۆیان خۆش نەوێ. رەنگە زیاترلەوەیکە من تۆم خۆش بوێ ئێوە منتان خۆش دەوێ. من خۆم کاتێك بیر لە "کامی" دەکەمەوە، پێم خۆشە لە پەژارەیی‌ـیان هاوار بکەن و هۆر هۆر بگریم ، بەڵام کاتێك لێکتێگەیشتن نییە ، هەردووکمان توشی هەڵە دەبین.
١٠ رۆژە هاتوومەتە مۆنیخ . دوێ شەو لەگەڵ ئەمیر لە بابەت تۆوە زۆرمان قسە کرد . دوێ شەو ویستم بخەوم ، هەستم کرد ئیتر ناتوانم بنووسم .
لە دڵی خۆمدا وتم ئەو دێرەش دەنوسم ، ئەوە بۆ من بەسە ، بەڵێنم بە ئەمیر دا بیرو رای خۆمت بۆ بنووسم . بەڵام ناتوانم ، چ بەدبەختم کە ناتوانم . تەنیا پێمخۆشە کە پێت وانەبێ کچێکی خراپم و بزانیت کە خۆشم دەوێیت . هەمیشە هەواڵتان دەزانم و کسێکم قەت سۆز و خۆشەویستی خۆم دەرنابرم و لە دڵی خۆمدا رایدەگرم . لەو بابەتەشەوە کە مانگانە برە پارەیەکم بۆ دەنێری دونیایەکت لێ مەمنونم . دڵم نایە بۆت ببمە زەحمەت و سەربار ، بەڵام چ بکەم ، ژیانم گەلێك دژوارە . هەڵبەت وا بریارە یەك دوو مانگێکی تر کارێکم دەنێ و لەوانەیە بەشم بکات . هاتمەوە بۆ تاران خێرا دەبمە خاوەن پارەی خۆم و قەرزەکانت دەدەمەوە . خۆشحاڵ دەبم وەڵامم بدەیتەوە . چوونکە ئێستا رۆژانێکی گەلێك ئەستەم و ترسناك پشت سەر دەنێم وەکو مرۆڤێك کە لە ناو گۆڕا خەوتووە ، تەنیا بە مشتێ بیرو باوەری تاڵ و ئازاردەر و مشتی خۆمەوە کە هیچ کات کۆتاییان نایە . ئێستا کارێکم لە دەست نایە تۆ رازی بکات ، بەڵام لەوانەیە تۆیش رۆژێك حەقم پێ بدەیت و ئیتر لێم زیر نەبیت و لە گەڵ منیشدا وەك منداڵە کانی تر مێهرەبان بیت .

**لە دوورەوە ماچت دەکەم**

"فروغ"

---

ئەم نامەیەی فروغ بۆ باوکی بە پێی سەرچاوەکان لە ژانوییەی١٩٥٧ز لە مۆنیخ نووسراوە.

تێبینی: ئەم بابەتە لە ژمارە ١٣ گۆڤاری پێشەنگ دا بڵاو بۆتەوە. دووپاتکردنەوەی بە هۆی تەواو نەهاتنی لە چاپی یەکەم دایە.

***



# گــەڕان لــە دووی نـــان

ن: هەژێن

هەر چۆن بوو، بە بەرتیل و تکاکاری خۆم لە سنوور ڕزگار کرد و چوومە ئەو دیو. برسیەتی و هیلاکی ئەو چەند ڕۆژە پێمەوە دیار بوو، بەم شێوەیە گەیشتمە ناوچەی هەمەدان و کەوتمە گەڕان بە دوای کاردا، کاتی کاری کشتوزار و کورەخانەکان نەمابوو، لەلایەکەوە هێندە برسیم بوو، وەخت بوو پەلاماری گژوگیا بدەم، لەولاشەوە ترسی گرتن و بەهەدەر ڕۆیشتنی هیلاکی ئەو چەند ڕۆژە و گیرفانبەتاڵیم، لە تاو ئەم بارە، گەر جوتیارێکم بە جلوبەرگی خاکییەوە ببینیایە ئەوا زەندەقم دەچوو و وام دەزانی پاسدارە. کات دەمەو ئێوارە بوو، چەند کرگە (دەواجن) گەڕابووم، کارم دەست نەکەوت، ئیتر هێزم تیا نەما، گەیشتمە ئەو بڕوایە کە ئەگەر چوومەتە ناو مۆڵگەی پاسدارەوە دەبێت شتێك بۆ خواردن بە دەست بێنم، هەستم دەکرد وا لە هۆش خۆم دەچم. بە ڕاستە جادەیەکی خاکیدا ملی ڕێگام گرتبوو، پاش چەند هەنگاوێك ماشینێك هات، کەمێك تێپەڕی و گەڕایەوە دواوە و وتی:

بۆ ڕەحمەت ئاباد دەچی؟

دوای کەمێك ڕامان وتم ئا بەڵێ.

سوار بووم و شوفێرەکە کەوتەپرسیار:

+ نامۆ دیاری وانییە؟

- بەڵێ.

+ سەردەشتی؟

- نا عێراقیم .

+ لە ئاوارەکانی هەڵەبجەی؟

- بەڵێ.

+ بۆچی دەچی بۆ ڕەحمەت ئاباد؟

- بەدوای کاردا دەگەڕێم.

شۆفێرەکە ساتێك بێدەنگ بوو، ترسم لێنیشت، بە خۆمم وت « پیاوی ڕژێم نەبێت و بەگرتنم بدات، لە لایەکی تریشەوە دڵخۆشی خۆمم دەدایەوە، ئەی کێ دەڵێ پیاوی چاك نییە و دڵی پێم نە سووتاوە؟

+ لێرە کەس دەناسی.. پێشتر لێرە کارت کردووە؟

نا نەخێر..

کەمێکمان مابوو لە دێکە نزیك بینەوە. شۆفێرەکە دەستی بۆ لای چەپی ڕێگەکە ڕاکێشا و وتی: ئەوە گەورەترین کرگەی ئەم ناوەیە. کە گەیشتینە ڕێکی کرگەکە کەسێك بەرەو سەر ڕێگەکە دەهات، قەدوباڵایەکی گەورە و ڕدێنە ماش و برنجییەکەی خەت دابوو، ناوچەوانی تەخت و ڕوتاوە، دەستی بۆ ئۆتۆمەبێلەکە ڕاگرت.

شۆفێرەکە: سلاّم ئاغای مرادعلی.

مرادعەلی: چۆنی ئاغای سلێمانی، سەلامەتی؟

سلێمانی(شوفیرەکە): زۆر سوپاس، خێرە وا لەم سەر ڕێگەیە ڕاوەستاوی؟

مرادعلی: چاوەڕێی پیکابێکم دەکرد، باش بوو کە تۆهاتی، کەمێك ئالفم هەیە لەناو دێیە، بەڵکو بۆم بهێنی .

سلێمانی: هەر ئێستا؟

مراد علی: بەڵێ هەر ئێستا، نەفەرەکەت هی ناو دێیە؟

سلێمانی: نا ئاوارەی عیراقییە، بەدوای کاردا دەگەڕێ، ئەم شەو لای خۆم ڕای دەگرم تا بەیانی بەڵکو...

مرادعلی: ئەتوانی شتەکانی پێ باربکەیت و بیهێنیتەوە ئیرە لەوانەیە پێویستیم پێی هەبێت .

شۆفێرەکە: ڕووی تێکردم و وتی «دەتوانی لە دواوە سوار بی، ئاغای مرادعەلی دێتە جێیەکەت، ئەوە بەختت هەبوو، وتی لەوانەیە کارمان هەبێت بۆی» ...

ئیتر من لە پێستی خۆمدا جێم نەدەبووەوە، هەر ئەو ئێوارەیە دەستبەکار بووم تا بەرەبەری زستان بەردەوام کارمکرد، کارەکە هێندە سەخت بوو، مەپرسن. لە ئاشی کرگە تەنانەت زۆرجار ئیشی نێوماڵیش، بووبووم بە هەموو شتێ، دڵم لە خۆشیا باڵە فرێی بوو، خواردنم جارجارە لە ماڵیان بۆ دەهات کە شۆربایەك بوو یان ئەو مامرانەی کە نەخۆش دەکەوتن و سەرمان دەبرین زۆرجار ئالفی مامرەکان (گۆشت گیایی)م دەخوارد. سەرماوسۆڵەی پاییز و بۆن و بەرامەی کرگە نەخۆشی خستم، چەندجار تووشی لەرزوتا بووم، بەلاّم لەبەر قاچاخبوونم نەدەچوومە لای دکتۆر، تا دواجار تووشی سەرئێشەیەك بووم و لە پڕ دەبورامەوە. ناچار بە مرادعەلی خاوەنی کرگەکەم، گوت :

+ ئاغا گیان، ئیتر من ناتوانم بەمجۆرە کار بکەم، بەڵکو هەقدەستی ئەم چەند مانگەم بدەیتێ و تا نەمردووم، بڕۆمەوە. وا بزانم ئیتر بۆ ئێوەش کەڵکم نەماوە؟

مرادعەلی: چۆن دەبێ، من بەم زمستانە کێم چنگ دەکەوێت؟

+ ئاخر بەم جۆرە دەمرم، دەتوانم دوو هەفتەی تریش کاربکەم تاوەکو کەسێکی کە پەیدا دەکەی، ئەوسا منیش بەو هەقدەستەوە دەچمەوە ناو خێزانەکەم.

- هەقدەستی چی، مەگەر تۆ ئەم چەند مانگە، ئەو هەموو خواردن و شوێن و خزمەتەشمان کردووی لەبەر چاو ناگری؟
+ ئاخر حاجی ئاغا مەگەر خۆت نەتگوت «مانگانە دووازدە هەزار تمەن شەو و ڕۆژ کار بکەم و خەرجم واتە خواردن و حەمام و شوێنی خەوتنم لەسەر تۆ بێت؟
- نەخێر من لەڕێی خودا بەزەیم بە تۆدا هاتووەتەوە، تاکو لە برسا نەمری.
+ ئاخر حاجی ئاغا من نەهاتووم بخۆم و ئاگام لە سکی منداڵەکانم نەبێت، من هاتووم چوار تمەن بۆ ئەم زستانە بەرمەوە، تاکو منداڵەکانم لە برسا نەمرن.
- ئێستا دەڵێی چی، هەروا دەڕۆی یان بتدەمە دەستی سوپا و بڵێم سیخوڕە؟
+ هەروا بە ئاسانی ناترسم، گەر سیخوڕ بووم، بۆ ڕاتگرتم؟
- خۆت دەزانی، تا بەیانی لێرە بیت، ئەوا من مەجبورم بتدەمە دەستی قانوون.

سەرپێچیم کرد و مامەوە، چەندجار داوام لێکرد بەڵکو هیچ نەبێ خەرجی گەڕانەوەم تا سەر سنوور بۆ بدات، ڕاستییەکەی زۆریش دەترسام، هەر بۆیە وا بەئاسانی لە هەقی خۆم خۆش دەبووم، ئاخر زیاد لە شەو و ڕۆژێك لە سنووری حاجی ئۆمەرانەوە دوور بووم، هەرچیم کرد و کۆشا بێسوود بوو. بەیانی کە لەخەو هەستام بە تەمابووم بچم بۆ ماڵیان بۆ ناو دێ، بەڵکو سۆزی جولاًبێ و نائومێدم نەکات...
پێش ئەوەی بەرەو سەر ڕێگەکە یەکەم هەنگاو هەڵبێنمەوە، بەرەوڕووم ئۆتۆمەبێلێکی سوپا قوت بووەوە، هیچ بواری ڕاکردنم نەما...
ئۆتۆمەبێلەکە ڕاوەستاو و چەند چەکدار دابەزین. لێپرساوەکەیان کە دانەبەزی بوو، لەناو ئۆتۆمەبێلەکەدا ڕوو لە چەکدارەکان :
+ کوڕینە دەسگیری کەن!
هەر چەندە وتم بارم وا و بابەت وا، سوودی نەبوو، چاویان بەستم و لەگەڵ خۆیان بردمیان ..
لە ڕێگە هەر گاڵتەیان پێدەکردم و جارجارەش مستێکان دەژەنیە لا تەنیشتم.
+ نمەك حەرام، بە قاچاخ هاتووی، لە ڕێی خودا کاریان پێداوی کەچی دزی دەکەی‌و پەلاماری ناموسی حاجی ئاغا دەدەی ؟
هەرچەند سوێندم دەخوارد، بە کوردی و چەند وشەیەك فارسی دەمگوت بەخوا هیچی وا نییە بوختانە، کەچی زیاتر لێیان دەدام.. پاش ماوەیەك لێکۆڵینەوە و لێدان، چەند ڕۆژ لە سوپای هەمەدان زیندانی بووم... بەیانییەك زوو بەخەبەریان هێنام و وتیان:
+ سەرت بشۆ و خۆت خاوێن کەرەوە!
لەم ڕفتارەیان زۆر سەرم سورما و بەخۆمم گوت: بەخودا دیارە ئازاد دەبم، بڕیارم دابوو، گەر وازم لێبێنن مەمنون بم و ئیدی باسی پارە نەکەم . کاتژمێر بوو بە هەشت، دوو چەکدار بە ئۆتۆمەبێل بردمیان..، کە دابەزیم، تەرازوو و ئاڵای (کۆماری ئیسلامی)م بینی، زانیم دادگەیە و سەرەتای کارە... مرادعەلی(حاجی ئاغا)، پۆشاکی سوپای پۆشیبوو، یەك دونیا لێی دەترسام، ئێستا ئیتر بەراستی



کەسێکی دڕندە دیار بوو، سەرەتا ئەویان بانگ کرد و پاشان من. دوای چەند پرسیار و ناونیشان پرسین:
+ تۆ چۆن بە قاچاخ هاتووی بۆ ئێران؟
منیش لە ئەلفەوە تا یا، باسم کرد، لێم وابوو ئیتر ئێستا بەزەییان بەمندا دێتەوە...
+ سەرەڕای چاکە و یارمەتی لەڕێی خودادا، بۆ دزیت لە ئاغای مرادعلی کردووە، ها؟
وتم: من هیچ دزیم نەکردووە، بەڵکو داوای هەقی خۆمم کردوە، ئەو ئاوا بە دزی تاوانباری کردووم ، هیچ ڕاست نییە . ئیتر ئەم قسانە کا ژماردن بوون بۆیان، هیچ دادیان نەدام و سەرئەنجام شەش مانگ لە دیزل ئابادی (کرمانشا) زیندانی بووم. شەو ڕۆژم لەژێر فشاری گیانی و دەروونی ئەو جانەوەرانەدا بردە سەر، بەو هیوایەی کە بمگێڕنەوە عیراق.
شەش مانگ، هەوڵیان دا بمکەن بە (توبەکاری ئیمام)، بەڵام بێسوود بوو، کاتی کە پێیان وتم تۆ حوکمەکەت تەواو بووە و بەیانی ئازاد دەبیت، وەخت بوو باڵ بگرم، هەر چەندە نەمدەزانی چۆن و بەچ ڕوویەکەوە بچمەوە ناو منداڵ و کەسوکار.. شەوانە، خەوی ناخۆش ناخۆش وەك دیوەزمە لە ناخەوە دەیان خواردم و ورەم پێ نەدەما.
بەیانی زوو هەستام، خۆم خاوێن کردەوە و خۆم ئامادە کرد، زیندانییە ئیرانییەکان ئیرەییان پێدەبردم، کە ڕزگارم دەبێت و لەژێر دەسەلاتی خواکاندا نامێنێم. نەیان دەزانی کە نوێنەری خواکان عیراقیشان کردووەتە دۆزەخ.
ئەمجار لەگەڵ چەند چەکدار سواری سەیارەیەکیان کردم، چەند کاتژمێر بەڕێوە بووین. گەیشتینە شاروچکەیەك کە لە ناوچەیەکی شاخاویدا بوو بەنێوی «سەلاسی باوەجانی»، من نەمزانی بۆچی بۆ ئەوێیان بردم، بەڵام ئەوەندەم دەزانی کە لە عیراق نزیك بوومەتەوە... بردمیانە شوێنێك هەر لە زیندانەکەی« دیزل ئاباد» دەچوو، لەگەڵ نامەیەك، دامیانە دەستی لێپرسراوی ئەو شوێنە... پاش چەند پرسیار و بێنەوبەردە، پێی وتم:
+ ئێرە قەرەنتینەیە و دەبێت چاوەڕێی گەڕانەوە بیت. لێرە دەورەیەك بەسەر دەبەیت، گەر شتت لەسەر نەبوو، ئەوا دەتنێرینەوە بۆ عیراق...
سێ مانگیش لەوێ، کە زیاتر لە باخچەی ئاژەل دەچوو، تەمەنم بە سەر برد. هەرچی مروڤی تێکشکاو و پۆخڵە بوو بەهۆی دەست تێکەڵکردن لەگەڵ لێپرسراوەکانی قەرەنتینەکە و هەواڵگری بۆیان، دەردەچوون بۆ ناو بازاڕ و سەردانی و هەموو شتێکیان دەدرایێ، هەر لەوێش تێگەیشتم کە دەدرێینەوە دەست جەلادەکانی (بەعس). سێ مانگیش لەوێندەرێ زەجرم کێشا.
کاتێ وتیان خۆت ئامادە بکە بۆ کاروانی بەیانی بەرەو عیراق. لەبەر هەڵهاتنم لە عیراق کە بە تاوان دەژمێردرا، گشت مووەکانی لەشم ڕاست بوونەوە! زیندانی (ئەبوغریب) و (هەیئە)ی کەرکوکم بیر کەوتەوە، گەر بڕیاردان بەدەستی خۆم بوایە، ئەوا لە نێوان هەڵبژاردنی قەرەنتینەی کۆماری ئیسلامی و زیندانەکانی ڕژێمی بەعسدا دۆش دادەمام. چونکە دڵنیا بووم، لە هەردوو بارەکەدا لە بوونی خۆم کەوڵم دەکەن. کە گەیشتمە سەر سنوور دەستم لەخۆم بەر دا. لێدان و سوکایەتی لەبری پێشوازی و ئارامکردنەوە، دەتگوت گشت کەڕولاڵین، کەس بە خۆی ڕا نەدەبینی داوای قومێك ئاو بکات. لەوێش بە نۆکەری دوژمن تاوانبارکراین و گوازراینەوە بۆ (دەزگای ئاسایشی گشتی کەرکوك). دوای ئەشکەنجە و لێکۆڵینەوە، دراین بە دادگەی شۆڕش و ئەوانیش بەویژدانی نیشتمانپەروەرانەیان یەکی سالێك زیندان وەك دیاری لەسەر بڕیاری سەرۆك پێشکەش کردین.
ئەوەی نەدەبوو بوو، خەم و پەژارەم بۆ منداڵەکانم لەلایەك و زوڵمی حاجی ئاغا و ڕۆژانی «دیزل ئاباد» و قەرەنتینە و ئەشکەنجە و سووکایەتی ئەم هاونیشمانییانەم لە ژیانی خۆم بێزاریان کردبووم. هەر چۆن بوو ئەو ساڵەشمان لە وڵاتی بێناندا بەسەر برد، ولاتێك کە بوو بووە وێرانەی شەڕە بێ ئەژمارەکان. ساڵەکەم تەواو کرد و بەدەست بەسەری بردمیانە (سەربازگیری) و لەوێشەوە بۆ «بەسرە» تا خزمەتی وڵاتێك بکەم کە زیندان بوو بۆم .
پاش هەوڵێکی زۆر و بیر لێکردنەوە و پرسیار، خۆم دزییەوە و بە بەرتیل و ئەمسەر و ئەوسەر، گەیشتمەوە هەولێر و سەرم لە ماڵی خۆمانەوە دەرچوو. نە شار شاری جاران بوو، نە ماڵی خۆمان، ماڵەکەی جاران. کاتێ من شارم بەجێهێشت ، لیستی سەوز حاکم بوو، کە گەڕامەوە لیستی زەرد باڵادەست بوو، دەتگوت ساڵەهایە ئەم شارەم نەدیووە. لەتەك دەرکە کرانەوە و وەژوور کەوتنم، هەموو دایانە پرمەی گریان و باوکەڕۆ... منیش لەوان خراپتر، زۆر بە پەلە چاوم گێڕا، دایکم و کچە بچکۆلەکەم دیار نەبوون، منیش بێ پرسیار دەستم کرد بە گریان. لەتەك بەرزبوونەوەی دەنگی من و مناڵەکان، جیرانەکانیش هاتن و کۆڕی شیوەن گەرم بوو. سەرەتا وامزانی بۆ خۆم دەگرین، بەڵام کە چەندجار وشەی جەرگسووتاوی و هەتیوکەوتنیان دابەگوێم دا، تێگەیشتم، هاوارم کرد: کوا دایکم، کوا شیلان؟ بەڵام بێجگە لە گریان و باوەش پێداکردن و گەرمبوونی کۆڕی شیوەنەکە، وەڵامێکی دیکەم وەرنەگرتەوە. لە تاو ئەم بارە و دوورکەوتنەوەم، ئارەقەی شەرمەزاری و فرمێسکی چاوانم تێکەڵ ببوون و بەخوڕ دەهاتنەخوار... ئاخر من چووم نانیان بۆ بێنم، نەمزانی تاماوم دەبێ شەوان بە ئارەزووی دیداریان لە خەودا سەر بنێمەوە.

***

# نجوا

ماندگار فاتمی

پەنجەرەکان کە کرانەوە، دەنگی قشقەرەکان لە هەموو لایەوە، لەنێو ژوورەکە دەنگی دایەوە. تەزوی ساردی کۆتایی زستان، جەستەی تەزاند و لەرزاند. بە زەحمەت لە شوێنەکەم هەستام و خۆم گەیاندە بەر پەنجەرە. هەر ئەو پەنجەرە، تاکە ئاڵقەی پەیوەندی من لەگەڵ دونیای زیندەوەرەکان بوو. هەوای نوێ کە لە رووخساری دام، هاتەوە بیرم کە هەنوکە زیندووم، چەند خراپ!

رەنگە بیر لێ کردنەوە و وەبیر هێنانەوەی ئەوەی کە بەسەرم هات، بۆم دژوار بێ. بەڵام هەرجارێك کە دێتەوە بیرم، جەستەم دەهەژێ و زۆرتر ئازارم دەدات.

لە پەنجەرەوە بۆ کیژە بچکۆلانەکەم دەڕوانم کە چەند بە ساکاری و رازاوەیی لەسەر پلیکانەکان دانیشتوە و بۆ ئینسانەکان دەڕوانێ.

بچکولانەکەم، خۆشەویستەکەم! خۆزگە هیچکات نەدەبووم. ئەوە تەنیا ئارەزوویەکە، کە دەتوانم لەئاست تۆدا هەمبێ. ئاخر تۆ بەدەستە بچکۆڵەکانت بەو چاوانەی کە درەوشانەوەی ژیانن، بەو پێکەنینە ساکارە، چۆن دەتوانی باوەڕ بکەی کە چ جیهانێکیان بۆ خوڵقاندووی؟!

حەزم دەکرد نامەیەکت بۆ بنوسم کە بڵێم من، شتێکی جیا لەوەی کە دەیبینی، هەم. کچەکەم تۆ خۆزگەی منی، سەرچاوەی منی... بەڵام تۆ ئەوەندە سادە و بێ خەوشی کەبە پەیڤێکی سادە، دەستەکانم وێڵ دەکەیت و لەسەر ئەو پلیکانە سارد و سڕ و بەردینەکان دادەنیشی. ئەو دەستانەی کە تەنیا لەپێناو تۆدایە، هێشتاکەش زیندوون، ئەو دەستانەی کە خۆزگە دەتزانی چەند بە ئەوینەوە خۆشیان دەوێی، ئەو دەستانەی کە تەنیا بەهەست کردنی تۆ، هەموو ئەوانەی کە بەسەری هاتوون، دەتوانێ لەبیری بەرێتەوە.

بەڵام خۆزگە دەمتوانی هۆی گریانەکانت بزانم. هۆکاری گریانەکانت، منم یان نەبوونی من؟!

بەرلەوەی کە لەسەر ئەم کوچك چنە ساردە، رەش و رووت بمرم، مۆڵەتێکم دەوێ کە پێت بڵێم، من کەسێکی باشم.

لەنێو کێڵگە گەنمییەکان، گەلێك لاوی بەسوز هەبوون کە لە گۆشەو کەناری ئەم پێدەشتدا، ئیشارەیان دەکرد و تەنیا بە بزەیەکی ساکارەوە، دڵخۆش دەبوون. چ رۆژانێك...!

هەمووی ئەوانەی کە لەسەر زەوییەکان کاریان دەکرد، بەرادەیەك چەمابوونەوە کە هەمیشە بیرم لێدەکردەوە کە لەسەرەتاوە بەم بیچمەوە لە دایك بوون.

یەکەمجار کە ماچیان کردم لەنێو تۆی تویێی ئەم گەنمە سەوزانە بوو، و چەند بە ئەوینەوە خۆشی ویستم...!

باس لە باوکت دەکەم کچەکەم! هەر چەند باوکت نییە و...!؟ بێ باوکی،...! هەر ئەو شتەی کە تۆی گریاند، باوەڕ ناکەم کە لە دەستم دەچێ، بەهۆی نیشتمانم. نیشتمان! هەر ئەو شتەی کە لە پێناویدا دەبێ هەموو شتێك لەدەست بدەم، تەنانەت دەستەکانیشت، ئێمە خاکێکمان نییە کە نیشتمانێکمان هەبێ. ئێمە شتێکمان نییە کە لە پێناویدا بە چنگ و نینۆك شەڕ بکەین. ئێمە شتێکمان نەبوو کە لە پێناویدا لەگەڵ دوژمن شەڕبکەین. دوژمن؟! ئایا بەراستی دوژمنی ئێمە هەر برسیەتی و نەزانی نەبوو؟!


هەموو شوێنێك دەیتوانی نیشتمان بێ و هەموومان پێکەوە.

بۆچی دەبێ لە پێناوی هێڵکارییەکانی سەر پەڕەیەك شەڕ بکەی؟!

خۆزگە ئەو هێڵکارییانە بەرادەی شێوەکارەکانی تۆ، رازاوە دەبوون.

خۆزگە دەیانزانی کە بەم شێوەکارییە دڕندانەیە، چ شتێك لە نێودەبەن.

خۆزگە دەیانزانی کە بەناوی پیرۆزی "نیشتمان"، بەناوی پیرۆزی "مەزهەب" چلۆن منالی خەڵك بەرەو خۆپەرستی و تەماعکاری پەلکێش دەکەن.



تەماع بۆ تیکەیەك گەورەتری زەوی، چاوچنۆكی بۆ پارچەیەكی گەورەتر لە ئاسمان و تەنیا بەرهەمی، خەم و حەزین و ماتەمە... .

شتێكم نییە، تەنیا تۆم هەبوو، تاكە شتێك كە دەمزانی خاوەنەكەی من نیم: برسییەتی.

لەنێو ئاوێنەدا بۆ خۆم دەڕوانم: جوانم، رازاوەم! ئێستاكەش جوانم، زۆر جوان... سانا، نەبوو خۆ پارێزی جەستەیەك كە بەهۆی برسیەتی، خەریك بوو پێخوست دەكرا! سانا نەبوو كۆڵدان و چوونە ژێر بار، تەنیا لە پێناوی مانەوەدا. سانا نەبوو، هەستی لەدەست دانی تۆ، هەستی لەدەست دانی تۆ بۆمن لەچەشنی مردنی یەكجاری كەسێكە كە رۆژێك دەستەكانی ئەگرتم و جۆرێك سوكنایی دەدامێ كە تەنانەت "خۆداش" نەیدەتوانی ئەم سوكناییەم پێ ببەخشێ.

لەدەست دانی تۆ بۆمن واتای سەردانەواندنێكە لە ئاست جیهانێك كە جێگەی ئێمەی نەبوو.

كچەكەم تۆ سەرچاوەی منی!

بوومە لێڵەو تاریك. دەنگەكان زۆر بەرزن. خۆزگە دەمتوانی تەنیا جارێكی تر ئەو دەستانەی كە لە تەوژمی ئازار و مەینەت، گەرمایی خۆیان لەدەست داوە، بەسەر گۆناكانتی دابنێم و ئەسرینەكانت بسڕمەوە خۆزگە ئەمتوانی بەگركانی ناخم سنوورەكان بسوتێنم، سەرجەم خەریتەكانم بشێوێنم و یاساكان دونیا بشكێنم.

خۆزگە ئەمتوانی سەرلەنوێ بەرز ببمەوە و جەستەم گڕ بدەم هەتا بیسەلمێنم لە مرۆڤ چیان دروست كردوە، بیسەلمێنم، كە چیان بەسەر ئینسان هێناوە. خۆزگە...

من داگیرساوم و ئەو ژوورەش كە لە نێویدام.

من قەقنەسێك كە لە ئاستی خۆمەوە، زیندوو دەبمەوە، ئاسمان گڕی گرتوو، منیش بوومە خۆڵەمێش.

"با" خۆڵەمێشەكان بۆ هەركوێ بەرێ، مرۆڤێكی نوێ، چاوی بەژین دەپشكوێ.

ویرای خۆڵ و خاشاك و زبڵە سووتاوەكان، منیشیان دەركرد.

گریام، كە من هەنووكە زیندووم.

* * *





# بۆ ئاسۆ دەڕوانین

نووسینی: هەژێر نینا

**(پەردە دەکرێتەوە) شوێن: کارخانە**

چەند کرێکارێك لەحاڵێکدا لە پەنای یەك دانیشتوون لەبەر خۆیانەوە خەریکی قسەکردنن، یەکێك لەو کرێکارانە دێتە لای چەپەوە و ڕوو بە کرێکارەکانی تر بە دەنگێکی بەرز و پاراو دەێتە قسە.

سوهراب: خۆشەویستان دەزانن کە ژیانی ئێمەومانان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خراپ و خراپتر دەبێت، ئێمە کار دەکەین بۆ ئەوەیکە لە برسان نەمرین بۆ ئەوەیکە هێزمان تێدابێ و بەردەوام ژیان وەگەڕ بخەین.

هاوڕێیان! هەروا کە دەزانن هەمووومان لەم کارخانە خەریکی کار کردنین هەموو هێز و توانایەکی خۆمان بۆ بەرهەمی خاوەنکار وەگەڕ خستووە لەبەر ئەوەی وەك ئینسان بژین، کەچی دەزانن چەند مانگە هیچ حەقدەستێکمان وەرنەگرتووە پێویستە ئێمە مان بگرین هەتا حەقدەستی وەداوا خراومان وەردەگرین، باش دەزانم هەموومان لەسەر ئەوە ساقین کە مان بگرین.

یەکێکی تر لەو کرێکارانە دێتە ناوەڕاستی سەحنەکەوە لە کاتێکدا لەسەر ئەژنۆ دانیشتووە و هەردوو دەستی ئاوەڵا کردووە ڕووبە تەماشاچیان دەڵێ:

جەبار: ئەم باوەشە دەبینن؟ ئەمە باوەشی گەرمی باوکێکە کە هەموو ڕۆژێك جەستەی ساردی منداڵەکەی لە ئامێز دەگرێ هەتا هەست بە ئارامی و حەسانەوە بکات، ئەمە باوەشی باوکێکە کە خاڵیە لە گەڕانەوە، ژیان لە باوەشی مندا جێگای نییە بۆیە لەسەر زاری منداڵەکەم زۆر نامۆیە.

کرێکارێکیتر هەڵدەستێ و دێتە پەنای جەبارەوە و ڕوو بە سوهراب دەڵێ:

جەماڵ: زۆرجار پێمان دەڵێن لەپێناو نیشتمانەکەتان ئەبێ لەخۆبردوویی نیشان بدەن. خولقێنەر بن هەتا خۆشیەکانی کۆمەڵگا خۆشتر بکەین، ئەو نیشتمانەی کە خاڵیە لە بوونی ئێمە، نیشتمانەی کە یادگاری پەنجەکانمان بەسەر دیواری هەموو بیناکانەوە دیارە، بەڵام، پەنجەرەیەك شك نابەین کە هەناسەی بەیانی تیا هەڵمژین و کۆمەڵگا ئاوەدان دەکەین بەڵام لە خۆشیەکانی بێبەرین، ئەمە قسەی سەرزاری ئەوانەیە کە لە باوەشی نیشتمانا تەوەزەلانە ئەحەسێنەوە هەتا زیاتر بە ئامانجە دزێوەکانی خۆیان بگەن.

هەر سێ کرێکارەکە پێکەوە پەنجەکانیان لەیەك گرێ دەدەن ڕووبە بینەران دەوەستن "مۆسیقایەکی ئارام بڵاو دبێتەوە،" دوای تەواو بوونی مۆسیقاکە کەسێك دێتە سەر سەحنە و ڕووبە کرێکارەکان دەڵێ:

خاوەنکار: ئێوە بەم کارەتان نەتەنیا خزمەت بە خۆتان ناکەن بەڵکوو نانی ژن و منداڵەکەشتان دەبڕن "زۆر چاپلووسانە"

ئێمەش پێمان ناخۆشە، دەزانن کە هەموو لەسەر سفرەیەکین ئەگەر تاقەت و سەبرمان نەبێ ناتوانین بە کارەکانمان ڕابگەین بەڕاستی هیچ دەسەڵاتێك نییە، ماوەیەکە بەرهەمی ئەم کارخانەیە ڕوو لە خراپ بوونە ئێوەش بەم کارەتان ئەوەندەی تر قەیرانەکە ئاڵۆز دەکەن.

جەماڵ خێرا دێتە قسە و دەڵێ:

جەماڵ: ئەو سفرەیەی کە جەنابت باسی دەکەی زۆر ڕەنگینە بەڵام دڵنیابە ئێمە هیچکات شەریکی ئەو سفرەیە نین، ئەی نازانی چەند مانگە چاوەڕوانی ساتێکین کە سفرەیەکی ڕەنگین برازێنینەوە، بۆ نەهاتی بپرسی ژیانتان چۆنە بەڵام ئەگەر ڕۆژێك لەسەر کار حازر نەبین حەقدەستەکەمان لێ ئەبڕن، هەڕەشەی دەرکردنمان لێدەکەن و هەزار و یەك بیانوومان پێدەگرن.

جەبار: ئەی بۆ بیری ئەو کاتانە ناکەینەوە کە بە سەر و ڕووتان بەهەم دەبارێ و غەرقی خۆشی خۆتانن، بەڵام کاتێك لە شوێنی کار کرێکارێك توشی ڕووداوێك دەبێ بە خەیاڵیشتانا نایەت.

خاوەنکار: ئەوەی یاسای کار دیاری کردووە ئێمە ڕەچاومان کردووە.

سوهراب: باشە لە یاسای کاردا ئەوە هاتووە کە لەگەڵ زگی برسی ئەبێ چ مادەیەك دیاری بکرێ؟

خاوەنکار: ئێوە یاسای کار ناناسن بۆیە خۆشتان نازانن، ئاخر چۆن ئینسان لە ماڵی خۆیدا مان دەگرێ؟

جەماڵ: جەناب ئێمە مادە بە مادەی ئەم یاسا دژی کرێکاریە دەناسین باشیش دەزانین، بۆیە مانمان گرتووە، سەبارەت بەم کارخانەیە کە بە ماڵی ئێمەی دەزانی ئەوەش یەکێك لە خەسڵەتە فریوکارانەکانی ئێوەیە، بە هێزی ئێمە دەبنە خاوەنی سەروەت و سامان.

خاوەن کار بەم قسانە هەڵدەبەزێ و تووڕەبوونێکی یەکجار زۆر بە ناوچاوانیەوە دیارە "پیاسە دەکا و مشتی قوچاندووە و هەر لەبەر خۆیەوە بۆڵەی دێ" ڕوو دەکاتە کرێکارەکان و دەڵێ:

خاوەنکار: ئەگەر دەتانەوێ تووشی کێشە نەبن، ئەگەر دەتانەوێ کارەکەتان لەدەست نەدەن پێشنیارتان پێ دەکەم بگەڕێنەوە سەر کارەکانتان و ئەگەر نا دواتر پەشیمان دەبنەوە، ئێوە خەریکن نەزمی کارخانە دەشێوێنن.

سوهراب دێتە پێشەوە و ڕووبە تەماشاچیان دەڵێ:

سوهراب: ژیان لە کۆمەڵگای نایەکسانیدا پڕە لە هەورازونشێو لە نیزامی چینایەتیدا زۆرینەی ئینسانەکان نەزمی ژیانیان شێوێندراوە، ئەوانەی کە دەسەڵات دەکەن و ئەوانەی کە پارێزەری ئەم دەسەڵاتە ڕەش و نگریسەن بە هەموو ئامرازێکی سەرکوتەوە هەوڵ دەدەن بە زیندان، بە شەللاق، بە دواکەوتوو ترین ئامرازی فکری بەشێکی زۆر لە ئیسانەکان لە ترس و خۆفدا بهێڵنەوە ئەمە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی نیزامی چینایەتیە و (جەماڵ قسەکەی پێ دەبڕێ و ئەویش بەم شێوەیە ئەم وتانە دەڵێتەوە).

جەماڵ: کاتێك خۆشی لە منالێك دەسێندرێتەوە ژیان دەمرێ کاتێك ژنێك ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدا شارێك دەسووتێ، کاتێك کرێکارێك بەیانی هەتا ئێوارە لە مەیدانی شاردا ڕادەوەستێ و چاوەڕوانی ئەوەیە بیبەن بۆکار کەچی ئێوارە بە دەستی خاڵی دەگەڕێتەوە ماڵ، ژانێك هەموو خێزانی ماڵ دادەگرێ، کاتێك لاوێك لەبەر چاوی باوك و دایکیەوە لەناو ژەهری مادە سڕکەرەکاندا گوڵی ژیانی پەڕ پەر دەبێ، ئەوکاتە ئەوانە لەکوێن کە یاسا دادەڕێژن؟

جەبار: هەر لە پەناماندا، گوێ قوڵاخ برینەکانمان دەکولێتەوە (ئیشارە بە خاوەنکار) ئێوە سەرەتایی ترین ژیانیشمان پێ ڕەوا نابینن، ئێوە ئەوکاتە پێویستتان بە ئێمەیە بەرژەوەندیتان ئەکەوێتە مەترسیەوە.

خاوەنکار بە پەلە و بە ترسەوە دەچێتە پشت سەحنەوە کرێکارەکانیش بە شوێنیدا دەڕۆن — پەردە دادەخرێ.

## پەردەی ٢

### (پەردە دەکرێتەوە) شوێن: زیندان

لەسەر کورسیەك ژنێك بە چاو بەستراوی دانیشتووە و بێدەنگە، دوای چەند ساتێك پیاوێکی ڕیشن کە کراسێکی سپی و شەرواڵێکی بۆری لە پێدایە دێتە سەر سەحنەکە و "ناوچاوانی گرژ کردوە و زۆر توڕەیە لە پشت سەری زیندانیەکەوە چەندجار دێت و دەچێت.

پاشان ڕووبە زیندانی دەڵێ:

بازجو: تاوانبارێکی تر، تێکدەرانی کۆمەڵگا! نازانم ئێوە تا کەی عاقڵ نابن.

ناوت چیە؟

زیندانی: شیوا

بازجو: بە تاوانی چی گیراوی

زیندانی: ئەوە لە خۆتان بپرسن من بێتاوانم

بازجو: بە گاڵتەوە، دەزانم بەڵام پێمخۆشە لە زمانی خۆتەوە بیگێڕیتەوە، کەسی بێتاوان ناهێننە ئێرە.

زیندانی: من بێتاوانم چی بگێڕمەوە

بازجو: هاوڕێکانت وەك تۆ بیر ناکەنەوە

زیندانی: نازانم لەچی ئەدوێی؟

بازجو: خۆت لە گێلی مەدە ئەو هاوڕێیانەت کە پێکەوە کۆبوونەوە و شتی وا دەکەن بیرت چۆتەوە ئەی ئەوە تۆ نەبووی نوێنەرایەتی خەڵکت دەکرد: خەڵکت دژی ئاسایشی میللەت و حکومەت هان دەدا

زیندانی: خەڵك نوێنەری خۆیەتی و منیش کەسێکم وەك ئەو خەڵکە بەڵام بۆ لێرەم ئەوە نازانم

بازجو: تۆ حاشا دەکەی کە خەڵکت دژی حکومەت هان نەداوە؟

زیندانی: بەڵێ

بازجو: بەشداریت لە ڕێو ڕەسمی ڕۆژی کرێکاریش حەتمەن حاشای لێ دەکەی

زیندانی: هەرگیز، ئەوە زۆر ئاساییە

بازجو: بە شێوەیەکی فریوکارانە

بازجو: بەڵێ وایە، کرێکاریش خودا خەلقی کردووە ئێمەش ڕێز لە کرێکار دەگرین بەڵام "کەمێك دەوەستێ"

زیندانی: بەڵام چی؟

بازجو: بەڵام بەشداری تۆ و هاوڕێکانت مەبەستی لە پشتەوەیە بە قازانجی میللەت و حکومەت نییە.

زیندانی: لەبەر خۆیەوە

زیندانی: لەوانەیە بە قازانجی حکومەت نەبێ بەڵام مەللەت نە.

بازجو: ئێستا دەزانی کە بەشداریت لە ڕێ و ڕەسمی ڕۆژی کرێکار تاوانە؟

زیندانی: ڕێز گرتن لە ڕەنج و مەینەتەکانمان، داوای ژیانی باشتر کردن، داوای کار و ژیانی ئەمرۆیی، ئەمە کوێنەی تاوانە؟

بازجو: بەڵێ تاوانە مەملەکەت یاسای هەیە ئێوە پێچەوانەی یاسا دەجوڵێنەوە دەبێ سزاکەی ببینن

زیندانی: بەڵێ لەو کاتەوەی ئێوە و یاساکەتان دەسەڵات دەکەن ئێمە سزا دەبینین

بازجو: ئەتوانی بێدەنگ بی، زمان درێژی بەسە، زمانت دەبڕم.

زیندانی: ئێوە ئەوە پیشەتانە "لەبەر خۆیەوە"

بازجو دێت و دەچێت لە پشت سەری زیندانیەوە دەوەستێ و دووبارە دەست دەکات بە پرسیار کردن.

بازجو: هاوڕێکانت باسی ئەوەشیان کردووە کە خەریکی کاری سیاسین

زیندانی: تۆ لە زمانی هاوڕێکانمەوە ناتوانی من تاوانبار بکەی، مەگەر کۆمەڵێك کرێکار لە شوێنێك خەریکی کار بن یاخود کۆ ببنەوە ئەوە کاری سیاسی دەکەن؟

بازجو: ئەی ئەوەنییە قەتعنامە سادر دەکەن و بانگەوازی خەڵك دەکەن؟

زیندانی: داخوازی ئینسانی بۆ دەبێ لای ئێوە ترس و خۆف درووست بکات تاوانبار ئەو کەسانەن کە مافە بەرحەقەکانمان پێشێل دەکەن کە نانی سفرەمان دەبڕن کە خۆزگە و ئارەزوومان دەخنکێنن.

بازجو بە پەلە دەڕواتە پشت سەحنەوە دوای چەند ساتێك لە حاڵێکدا دەگەڕێتەوە بە ڕاکێشان ژنێك دێنێتە سەر سەحنەوە، ژن چاوی بەستراوە لەکاتی ڕاکێشاندا بازجو تەزبێحێکی بە دەستەوەیە گۆشەیەکی بە دەستی ژنەکەوەیە کە بازجو بەدوای خۆیدا ڕایدەکێشێ.

بازجو ئیشارە بە شیوا

بازجو: ئەوە هاوڕێکەشت لێرەیە پێت خۆشە گوێت لە دەنگی بێت.

شیوا: ئەگەر گوێم لە دەنگیشی نەبێت هەست بە ئازارەکانی دەکەم، سوسەن پەل دەهاوێژێ بەرەو لای دەنگی شیوا دێت،

بازجو لە ناوەڕاستی هەردوکیان وەستاوە و بە پێکەنینێکی ناحەزەوە ڕێگرە لە نزیك بوونەوی ئەوان، جەماڵ، جەبار، سوهراب، لە سەمتی ڕاستی سەحنەکەوە دێن و ئەم وتانە پێکەوە دەڵێنەوە:

پشتی شەو دەچەمێتەوە
ڕۆژ دێتە بەر
ئەوانەی شەرابی جەلادی دەنۆشن
کوێرانە لەناو ئاپۆرەی نیگا هەڵپێکراوەکان
بەرەو گۆڕیچەی لەعنەت بوونیان هەنگاو دەنێن
ورەی بەرزی نەسرەوتووان
ناخی شەوی تەزاندووە
لە مەچەکی چرکەی قامچیەکانەوە هەموو پرسیارێکیان بێ وەڵام دەهێڵنەوە.

سوهراب: هەتا ژانی جەماوەر بە کوڵ بێت گڕ و تینی بڵێسەی مێژوو دروست دەکەین، ئەمە سەرەتایە بۆ ژیان، هەتا برسیەتی ئاوێزانی نیگای مناڵە هەژارەکانت بێت، ژیان دەبێتە شۆڕش و لە گەروی مرۆڤی سەربەرز ئازادی دەڵێتەوە.

مناڵێك بە ئارامی و بەبێ هێزی لەپشت سەحنەوە دێت و

ڕووبە تەماشاچیان ڕادەوەستێ و زاری دەکاتەوە.

شیوا: لەودیو ئازارەکانمەوە تۆ دەنوسمەوە باڵەکانی تۆ و ئەوانی وەك تۆ لەسەر پەڕەی باڵ گرتووما لەژێر قامچیەکانی سەمایەوە، لەناو زاری پڕ خوێنی وشەکانت سات بە سات بەسیەتی ئەهەژێنمەوە.

سوسەن: دەروونت ئازازێکی بە جۆشە بەیانیان باوکت سروودی ڕزگاری پێ ئەچڕێ، گیانەکەم هەتا چاوەکانت هەتەر دەکا بڕوانە شینی ئاسمان، ئەستێرەکان لەوێن بڕۆ، بڕۆ خەونە بچکۆلەکانت بنێرە بۆ نیگای گەشیان لەوێ بنوو هەتا بەیان.

مناڵ لەحاڵێکدا گەرووی پڕ لە گریانە بەدەم هەنیسکەوە دەڵێت.

مناڵ: ناهێڵن بابم بگەڕێتەوە هێندە چاوەڕوانیم کرد هەر نەگەڕایەوە، بۆ دەبێ بابم لێ وون بکەن بۆ؟ ئاخۆ بۆ؟

سوسەن: بابت هەرگیز وون نابێ فرمێسکەکانت بسڕەوە.

مناڵ: ناتوانم دەمەوێ بەم فرمێسکانەم شەپۆلێك لە ڕق و قین هەڵڕێژم بابی من کرێکارێکی ماندووە هەموو ساتێ ماندووە بە ماندوویش لێیناگەڕێن منیش ماندووم.

شیوا: ئەو دیوارە هیچ دەرگایەکی بە ڕووماندا ناکرێتەوە، لێرە ئەرێ لێرە، بۆ پێشوازیمان گشت لێوەکانمان پێدەکنن، جەماڵ بەرەو مناڵەکە دێت و بە هێواشی دەستی لەسەر شانی دادەنێ و دەڵێ:

جەماڵ: پشکۆی لێوت بکەوە، خەندەکانت ببارێنە، بەهار چاوەڕێی باخچەی ژینە.

مناڵ ڕوودەکاتە جەماڵ و لەنێو چاوەکانی جەماڵ دەڕوانێ زۆر بەدڵ پڕیەوە دڵێ:

مناڵ: ڕەشەبایەك هات مناڵیەکەمی داتەکاند.
باوکم بە دەستە قەڵەشیوەکانی ویستی کۆیکاتەوە
دایکم لە دوورەوە بۆی نووسیوە چیرۆکی ئێمە
ژیانە، نانە، قارەمانی وا لە زیندانە
چیرۆکی ئێمە شێعرێکی بێنازە
لە گەرووی شاعیرێکەوە دەیلێتەوە، دەیلێتەوە.

کرێکارەکان ڕاوەستاون و دەستەکانیان لەیەك گرێ داوە مناڵەکەش دەستی لەژێر چەناگەیا گرتووە و بێدەنگ بۆ دوور دەڕوانێ

بازجو شەللاقێکی بە دەستەوەیە شەللاقەکە ڕادەوەستێنێ دێت و دەڕوات

شیوا لەگەڵ سوسەن قسە دەکات:

شیوا: گوێت لە دەنگمە" "چەند جار دووباتی دەکاتەوە"

سەسەن: پێش دەنگی تۆ گوێم لە هاوڕێك بوو

شیوا: مەگەر چاوەڕوانی شتێکی؟ لە پشت سەحنەوە دەنگی هاوار دێت

سوسەن: لێرە چاوەڕوانی هەموو شتێك دەکرێ

لە کوت و پڕدا بازجو دێتە قسە و گوێ قوڵاخ چەند ساتێك دەوەستێ و پاشان دەڵێ:

بازجو: نۆرەی ئێوەش دەگات ئێوە دەبێ بنەبڕ بکرێن سەربەستیتان ئەوێ؟ لە زمانی قامچیەوە؟ ها... ها... ها

سوسەن: هاوڕێم گوێت لێمە؟

شیوا: بێتۆ ناژیم هەموو جەستەم چاو دەگێڕێ بۆت لەژێر ئەم تارماییەوە هەناسەی ژین هەر دەپشکوێ.

بازجو بێدەنگە و دەست بە ئەژنۆ چووەتە خەیاڵەوە

هەرسێ کرێکارەکە بە دەوری بازجودا ئەڵقەیان بەستووە ڕێگای دەربازی نییە، بازجو هەوڵ دەدات خۆی دەرباز بکات بەڵام ناتوانێ.

سوسەن: سەرم بۆ چرکەیەك دانانەوێنم کە تەمەنی درێژ بە سەرجەم لەوەی کە بیفەوتێنم ئامانجم.

شیوا: شەوی تاریك درێژە، ئەم ڕێگایە پێویستی بە ڕێبوارێکی چرا بەدەستە بۆ ئەوپەڕی ئەستێرەکان بڕوانە مانگ مانی گرتووە.

جەماڵ دێتە پێشەوە و دەڵێ:

جەماڵ: چراکان هەڵدەکەین، با هەتا بەرەبەیان بسوتێن.

جەبار: گەر بمانەوێ بە ئاسۆ بگەین دەبێ سەرنجی تیژمان دانەخەین تارماییەکان سەرهەڵدەدەن.

سوسەن: ئەو ڕووبارەی کە گەوزاوی مەرەکەبی پەنجەکانمانە لێرە بە سەربەرزی دەینوسینەوە.

شیوا و سوسەن لەسەر سەحنەکە ڕادەکشێن، بازجو بە شەللاقەکەی دەستی بە پشتیانا دەکێشێ و لەگەڵ هەر شەللاقێکدا ئەم ئەکتەرانەش ئەم وشانە دەڵێنەوە.

بازجو: بڵێ پەشیمانم
جەماڵ: لەگەڵ هەناسەی بەری بەیاندا
تۆ سەربەرز ئەژیت لەنێو ئازاردا

بازجو زیاتر شەللاقەکەی دەوەشێنێ

سوهراب: سروودی زارت بە خوێن نەخشاوە

لە ئاپۆرەی قین دوژمن ڕوخاوە
جەبار: شەقامی سووری یەکی ئەیارە
ڕووخانی حوکمی سەرمایەدارە
منالّ: دنیای منالّ دێنێتە بەرهەم
باخی ئاواتمان دەخەملێ بە خەم.

هەموو ئەکتەرەکان جگە لە بازجوو
ئەم شێعرە ئەلّێنەوە - شانۆکە کۆتایی پێدێ.

لە ساڵەهاتی ڕۆژی ڕەنجدەران

ڕۆژی نەخشاندنی هەتاوی ژیان

بە نەعرەتەی بەرز ئەڵێم کرێکاران

ئەوەڵی ئەیار پیرۆزبێ لێتان.



کۆتایی

# کارل مارکس و گەڕانەوەی ئەو

## ( شانۆنامەی مێژوویەک لە یەک پەردە دا )

## (HOWARD ZINN)

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کەریم ئەمانی

**پێشەکی:**

ڕەنگە ئەو کەسانەی کە شانۆنامەی " کارل مارکس و گەڕانەوەی ئەو" دەخوێننەوە، ئەو پرسیارەیان لا گەڵاڵە بێ کە، ئەمانە لە باری مێژووییەوە تا چەندە ڕاستە؟. بەشی هەرە زۆری ڕووداوەکانی ژیانی مارکس و مێژووی ئەو سەردەمە، هەر لە بنەڕەتدا ڕاستە: ئیزدواجی ئەو لەگەڵ "جێنی"، دوورخرانەوەی بۆ لەندەن، مەرگی سێ منداڵەکەی ململانێی سیاسی ئەو سەردەمە، بۆ نموونە: خەباتی ئیرلەند لە دژی ئینگلستان، شۆڕشەکانی ١٨٤٨ی ئوروپا، بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، کۆمۆنی پاریس و هەروەها زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە شانۆنامەکە دا ناویان لێ دەبردرێ، واقعین، لەوانە: ئەندامانی بنەماڵەکەی، ئینگلسی هاوڕێی، ڕەقیبەکەی واتا " باکۆنین"... گفت و گۆکان بەرهەمی خەیاڵاتی نووسەری شانۆنامەکە خۆیەتی و هەوڵ دراوە لە پێوند لەگەڵ کەسایەتی و ئەندێشەی کەسەکانیش دا ئەوپەڕی ئەمینداری و وەفاداری ڕەچاو کرابێت. ئەگەرچی نووسەر لە خەیاڵاتی ململانێی ئیدئۆلۆژیکی نێوان "جێنی" و "ئەلە ئایە" لە لایەك و مارکس لەلایەکی تر، جۆرێك ئازادی بۆخۆی قایل بووە، بەڵام لە زۆر بابەتی تردا وەك ئەوەی کە ئاماژەیەك بە ناپلئۆنی سێهەم کراوە، لە وتەکانی مارکس وەك سەرچاوە کەڵك وەرگیراوە.

بەو هیوایەی کە ئەم شانۆنامەیە بتوانێت تاڕادەیەکی بەرچاو تیشك بخاتە سەر نەك تەنیا هەر مارکس و سەردەمی ئەو، بەڵکوو هەروەها ئەم سەردەمەی ئێمە و جێگا و شوێن و ئەرکی ئێمەش لەم قۆناغەی ئێستادا.

***

کارل مارکس و گەڕانەوەی ئەو

(نوور بەشێك لە سەکۆی شانۆکە ڕووناك دەکات. شوێنی شانۆکە بێجگە لە مێزێك و چەند دانە سەندەڵی هیچی تری لێ نییە. گڵۆپێك ناوەڕاستی سەکۆی شانۆکە ڕووناك دەکات. مارکس بە باڵاپۆش و جلیقەیەکی ڕەش و کراسێکی سپی و کراواتێکی پانەوە، دێتە ژوورەوە. ریش درێژ، کورتە باڵا، قەڵەو، سمێڵ ڕەش و موو تەڵایی، چاویلکەیەکی خڕی ئاسنی لە چاودا و جانتایەکی وەرزشی بە شانەوە، دێت و ڕادەوەستێت، هەندێك پیاسە دەکات . ڕوو دەکاتە جەماوەرەکە، خۆشحاڵ و ڕازی، بەڵام وەك ئەوەی غافڵگیر کرابێت وادێتە بەرچاو.)

شوکر بۆخودا کە کەسیك لێرە هەیە!

(شتوومەکەکانی لەناو جانتا وەرزشییەکەی دەردەهێنێ: چەند

دانە کتێب، چەند رۆژنامە، لیوانێك و شووشەیەك ئابجۆ. دەگەڕێتەوە و بەرەولای پێشەوەی سەکۆی نمایشەکە دەکەوێتە رێ.)

سەبارەت بەوەی کە هاتوونەتە ئێرە سپاستان دەکەم. ئەمە ئەو راستییە نیشان دەدات کە تەواوی ئەو نەفامانەی کە لایان وایە " مارکس مردووە"، نەیان توانیوە بەر بە هاتنتان بگرن. راستە ئەوەی کە من هەشم و نیشم، بەڵام ئەمە بە حیسابی دیالکتیك دابنێن.

(لەوەی کە گاڵتە بە خۆی و بیر و باوەرەکەی بکەن دڵگیر نابێت. تێپەڕ بوونی ئەم هەموو ساڵە ئەوی کردبێتە کەسێکی لەسەرەخۆ، بەڵام ئەگەر وابیربکەنەوە کە مارکس سست بووە و مدارا دەکات، زۆر تووڕە دەبیت.)

رەنگە لەخۆتان بپرسن ئەمن چۆن هەتا ئێرە هاتووم... (بزەیەکی زیرەکانەی دەکەوێتە سەرلێو.)... وەسایلی هاتووچۆی گشتی.

(زاراوەیەکی ئینگلیسی-بریتنانیایی هەیە، ئوروپایی، نەك بەو رادەیەی کە هەستی پێ بکرێ، بەڵام بێگومان ئامریکایی نییە.)


پێم وانەبوو رۆژێك سەرلەنوێ لێرە سەر دەردەهێنمەوە... دەمویست بگەڕێمەوە بۆ لەندەن، بۆ " سۆهۆ" ئەو گەڕەکەی کە پێشتر لەوێ بووم. بەڵام بەهۆی ناکارامەیی ئیدارییەوە دەبینم کە گەڕاومەتەوە بۆ " سۆهۆ" بەڵام لە نیۆیۆرك. (ئاخێك هەڵدەکێشی.) هەڵبەت هەمیشە حەزمدەکرد بۆجارێك نیۆیۆرك ببینم. (کەمێك ئابجۆ تێدەکات و قومیکی لێ دەخواتەوە و لیوانەکە لەسەر جێگای خۆی دادەنێتەوە.)

(حاڵ و هەوای دەگۆڕدرێت.)

بۆچی گەڕاومەتەوە؟

(هەندێك تووڕەیە)

بۆئەوەی کە کەرامەتی ناو و نیشانی خۆم بەدەست بهێنمەوە. (سەبرێك دەگرێت هەتا ئەو رستەیە کاریگەری خۆی دابنیت.) رۆژنامەکانتانم خوێندۆتەوە. (رۆژنامەیەك هەڵدەگرێ.) ئەمانە هەموویان بە راشکاوییەوە رایدەگەیەنن کە ئەندێشەکانی من مردوون! بەڵام ئەمە شتێکی تازە نییە. ئەم گاڵتەجاڕانە پتر لەیەك سەدەیە بەردەوام ئەم وشەیە دووپات دەکەنەوە. ئێوە هیچکات ئەو پرسیارەتان لەخۆتان نەکردووە کە



بۆچی پێویستە بەردەوام هەواڵی مەرگی من رابگەیەنن؟
باشە، ئیتر حەوسەلەم بەسەر چوو. ویستم تەنیا بۆ ساتیك مافی ئەوەم هەبێت کە بگەڕێمەوە. بەڵام حیساب و کیتابی هەیە. هەر ئەو جۆرەی کە باسم کرد بڕوکڕاسییە ئیتر.
بۆت هەیە بخوێنیتەوە و تەنانەت تماشاش بکەی، بەڵام سەفەرکردن نا. هەڵبەت من ناڕەزایەتیم دەربڕی و کۆمەڵێك لایەنگریشم پەیدا کرد... " سوقرات" پێی وتن " ژیان بەبێ سەفەرکردن هیچ بایەخێکی نییە!" گاندی رۆژووی گرت. دایکی "جۆنز" هەڕەشەی کرد کە کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتی وەڕێ دەخات. " مارك تواین" هەروەك پیشەی هەمیشەیی خۆی (وەچاوەدێرێکی نارازی) دیفاعی لێکردم." بوودا" منگەمنگێکی لێهات، بەڵام ئەوانی تر متەقیان لێ نەهات. خوایە، بەم بارودۆخەی کە ئەوان هەیانە، دەترسن چی لەدەست بدەن؟
بەڵێ ئیتر، من لەوێ بە گێرە شێوێن بەناوبانگم. ئاخرییەکەی لەوێش خۆپیشاندان دەکەوێتەڕێ! سەرەنجام وتیان باشە، ئەتوانی بڕۆیت. نزیکەی کانتژمێریك دەرفەتت هەیە تا هەرشتێکی پێت خۆش بێ بیڵێیت، بەڵام ئەوەت لەیاد بێ کە " گێرە شێوێنی مەمنووع!". ئەوان لە قووڵایی دڵەوە باوەڕیان بە ئازادی رادەربڕین هەیە... هەڵبەت بەهەندێك شەرت و مەرجەوە... (بزەیەکی دەکەوێتە سەرلێو).ئەوان لیبراڵن. ئێوە دەتوانن ئەو هەواڵە بڵاو بکەنەوە کە مارکس گەڕاوەتەوە! هەڵبەت نەك بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ. بەڵام ئەوەش بزانن کە من مارکسیست نیم. (پێکەنینی دێت.) من جارێکیان ئەمەم بە "پیپەپە" (pieper) وت و خەریك بوو بکەوێتە دوواوە. دەبێ دواتر لە بارەی " پیپەپە"وە قسەتان بۆبکەم. (لیوانێك ئابجۆ دەخواتەوە.)
ئێمە لە لەندەن ژیانمان بەسەر دەبرد. من جێنی و منداڵەکان لەگەڵ دوو سەگ وسێ پشیلە و دوو باڵندە بەیەکەوە لەناو ئاپارتمانێك دا لە " دین ستریت" dean stret، نزیك ئەو شوێنەی کەئاوەڕۆی شار لەوێوە سەری دەردەهێنا. رۆیشتبووین بۆ لەندەن لەمەڕ ئەوەی کە منیان لە کیشوەری ئوروپا دەر کردبوو. لە "رنانی"ش کە شوێنی لەدایك بوونم بوو دەرکرابووم. هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە کارگەلێکی مەترسیدارم ئەنجام دەدا.
رۆژنامەی " رنانی"م بەڕێوە دەبرد کە لەڕاستیدا شۆڕشگێڕ نەبوو. بەڵام من لەسەر ئەو باوەڕەم شۆڕشگێڕانەترین کارێکی کە دەکرێ ئەنجام بدرێ... وتنی راستییەکانە. لە ناوچەی "رنانی" پۆلیس ئەو فەقیر و هەژارانەی دەستگیر کردبوو کە لە ناو زەوی و زاری دەوڵەمەندەکاندا ئاوردوویان کۆکردبۆوە. من سەر وتارێکم لە ناڕەزایەتی بەو مەسەلەیە نووسی. بەڵام ئەوان هەوڵیاندا سانسۆڕم بکەن و من سەر وتارێکی ترم نووسی لەسەر ئەوەی کە لە ئاڵمان شتێك بە ناوی ئازادی راگەیاندن بوونی نییە. ئەوان بە یاساغ کردنی رۆژنامە بڕیاریاندا ئەوە بسەلمێنن کە حەق بە من بووە. تەنیا ئالێرە بەدوواوە بوو کە ئێمە رادیکالیزە بووین. هەمیشە هەروایە، نا؟ دوایین ژمارەی رۆژنامەکەمان لەژێر ناوی " شۆڕش!" کە بە خەتێکی سووری گەورە لەسەری نووسرابوو، بڵاو بۆوە... و بەهۆی ئەوەی کە ئەم مەسەلەیەش لە تەحەمولی ئەو عالیجەنابانە دا نەبوو، لە " رنانی" دەریانکردم. هەربۆیە رۆیشتم بۆ پاریس. بۆچی مەگەر دوورخراوەکان دەچنە شوێنێکی تر؟ لە کوێ دەتوانی بە درێژایی شەو لە قاوەخانەیەك دابنیشی و سەبارەت بە شۆڕشگێڕ بوونی خۆت و وڵاتەکەت درۆ و دەلەسە بەیەکەوە بنێی؟... ئەگەر بە ناچاری پێویست بێت لە دوورکەوتوویی (تەبعید) دا ژیان بەسەر ببەی، چ باشتر کە دوور بخرێیتەوە بۆ پاریس. پاریس مانگی هەنگوینمان بوو. جێنی ئاپارتمانێکی چکۆلەی لە گەڕەکی " لاتینی" دۆزیبۆوە. چەند مانگێك وەك لە بەهەشت دابین وابوو. بەڵام پۆلیسی ئاڵمان هەواڵەکەی بە پۆلیسی پاریس راگەیاندبوو. لەوە دەچوو کە پۆلیس زۆر پێشتر لە کرێکاران وشیاریە ئەنترناسیۆنالیستییەکەی بەرفراوان کردبوو... لەم رووەوە لە پاریسیش دەرکرام. رۆیشتین بۆ بلژیك، لەوێش دەرکراین. سەرەنجام سەرمان لە لەندەن دەرهێنا هەروەك چۆن کۆچبەرەکان لە سەرتاسەری دنیاوە رووەدەکەنە ئەوێ. ئینگلیسییەکان لەباری مدارا کردنەوە بەناوبانگن... بەڵام بەهۆی ئەو دەعیە و ئیفادەیەی کە لەم بابەتەوە هەیانە، تەحەمول کردنیان زۆر سەختە.
(تاوتاو دەکۆکێ و سەری تەکان دەدا.)
دوکتۆرەکان دەڵێن تا چەند حەوتوویەکی تر کۆکەکەم تەواو دەبێ. ئەمە لەساڵی ١٨٥٨ی زاینی دا بوو.
بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، دەمویست لەبارەی " پیپەپە"وە قسەتان بۆبکەم. هەروەك دەزانن لە لەندەن پەنابەرە سیاسییەکانی سەرتاسەری ئوروپا لە شوێنە دوور و نزیکەکانەوە هاتووچۆی ئێمەیان دەکرد. یەکێك لەو کەسانە " پیپەپە" بوو. وەك پەپوولەی دەوری شەمع بە دەورمدا دەخولاوە. کەسێکی دووڕوو و ریاکار بوو. عادەتی وابوو کە دەبوایە لە مەودای بیست سانتی میترییەوە ئێشکم بدێرێ بۆ ئەوەی دڵنیابێت کە لە دەستی راناکەم و دائیمەش لە نووسراوەکانی خۆم نەزیلەی بۆ دەهێنامەوە. هەموو جارێك ناچار دەبووم تەمەننای لێ بکەم: " پیپەپە، تکایە نەزیلە لە من مەهێنەوە".
ئەوەندە روو هەڵماڵاو بوو کە دەیگوت بەنیازە کاپیتاڵ

وەربگێرێتەوە سەر زمانی ئینگلیسی و واشی دەزانی کە من بەو کارە زۆر خۆشحاڵ دەبم. ئەە، ئەو کابرایە تەنانەت نەیدەتوانی یەك رستەی ئینگلیسیش بەبێ ئەوەی کە شەل و کوتی بکات، ئەدا بکات. ئینگلیسی زمانێکی زۆر زەریفە. زمانی " شکسپیر"ە. ئەگەر شکسپیر گوێی لێ دەبوو کە " پییەپە" تەنیا یەك رستەی ئینگلیسی چۆن ئەدا دەکات، خۆی دەکوشت!.

بەڵام جێنی بەزەیی پێیدا دەهات و حەزی دەکرد بۆ شام بێت بۆ ماڵی ئێمە. شەوێکیان " پییەپە" هەرکە وەژوور کەوت وتی: ئەنجومەنی مارکسیستەکانی لەندەن پێکهاتووە.

- ئەنجومەنێکی مارکسیستی؟ ئەمە ئیتر چییە؟

- ئێمە هەموو حەوتوویەك کۆدەبینەوە تا لەبارەی یەکێك لە پەرتووکەکانی تۆوە قسە و باس بکەین. بە دنگێکی بەرز دەیخوێنینەوە و رستە بە رستە شیکردنەوەی لەسەر دەکەین. بەم هۆیەوەیە کە خۆمان ناوناوە " مارکسیست" و بەبێ شەرت و مەرج باوەڕمان بەو شتانە هەیە کە تۆ دەیان نووسی.

- لەناخەوە و بێ شەرت و مەرج؟

- بەڵێ، ئەمە مایەی شانازی ئێمەیە، بەرێز دوکتۆر مارکس، ئەگەر ئێوە لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەنی مارکسیستەکاندا وتار پێشکەش بکەن - ئەو هەمیشە منی بە دوکتۆر مارکس بانگ دەکرد.

- من ناتوانم ئەو کارە بکەم.

پرسی، بۆچی؟

-لەبەر ئەوەی من مارکسیست نیم (لە ناخی دڵەوە پێدەکەنی.)

چش لەوەی کە ئینگلیسییەکەی بەکار نەدەهات، هی منیش زۆر تەواو نەبوو، مەبەستم شێوەی بیر کردنەوەی بوو.

راستی، مەسەلەکانی چۆن دەگۆڕی!، مانگێکی دەستکرد بوو کە بەدەوری بازنەی وشەکانی مندا دەسووڕاوە و ئەوانی بە شێوەیەکی ناراست و بەراوەژوو لە دنیا دا بڵاو دەکردەوە و دواتر بۆخۆی دیفاعی جانانەی لێدەکردن و دەبووە نەیاری سەر سەختی ئەو کەسانەی کە بە جۆرێکی تر ئەوانی لێك بدایەتەوە.

رۆژێکیان بە "جێنی"م وت:

- ئەزانی زۆرتر لەچی دەترسم؟

- لەوەی کە شۆڕشی کرێکاری هیچ کات روونەدات.

یان ئەوەی کە رووبدات و کەسانێکی وەك " پییەپە" بێنێتە سەرکار کە کاتێك ژێردەستە و بێ دەسەڵاتە، دووڕوو و ریاکارن و کاتێکیش بە دەسەڵات دەگەن سەرەڕۆ و فسفس پاڵەوانن. کۆشێك ئینسانی ئیرادەگەرا. ئەوان بە ناوی پرۆلتاریاوە قسە

دەکەن و باوەڕ و ئەندێشەکانی من بۆ جیهانیان شی دەکەنەوە. ئەوان "رۆحانییەت" یان بە واتایەکی تر ئیدئالیسمێکی نوێ پیادە دەکەن و سلسلەیەك دەسەڵاتدارێتی و پلە و پایەی نوێی پشت ئەستوور بە گۆپاڵی کفر و ئەلحاد، پشکنینی بیر و باوەڕ و پەتی سێدارە، دادەمەزرێنن. تەواوی ئەمانە لەژێر ناوی کۆمۆنیسم دا بەڕێوە دەچێت. بۆ ساڵەهای ساڵ "ئازادی" لە ئیدەکانی مندا دەسڕنەوە و جیهان بەسەر دوو بەشی وەك ئیمپراتۆرییە کۆمۆنیستی و سەرمایەدارییەکاندا دابەش دەکەن. ئەوان ئاوات و ئامانجە گەشەکانی ئێمە پرش و بڵاو دەکەن و شۆڕشێکی نوێ، تەنانەت لەوانەیە دوو تا سێ شۆڕش، پێویستە بۆ گۆڕین و دروست کردنەوەی سەر لە نوێی بارودۆخەکە.

نا، من ناهێڵم "پییەپە" کاپیتاڵ وەربگێڕێتەوە سەر زمانی ئینگلیسی. پانزە ساڵی رەبەق سەرفی نووسینی ئەو کراوە، ئەویش لە هەل و مەرجی ژیان لە "سۆهۆ". هەموو رۆژێك بە بەردەمی ئەو سواڵکەرانە دا تێپەڕ دەبووم کە لەناو زبڵەکاندا خەوتبوون هەتا خۆم بگەیەنمە ئەنتیکەخانەی بریتانیا و کتێبخانە عەزیمەکەی و لەوێ ئەوەندە کار بکەم هەتا شەو دادێ. بخوێنەوە، هەر بخوێنەوە، هەر بخوێنەوە... ئایا هیچ شتێك هەیە تاقەت پروکێن تر لە خوێندنی ئابووری - سیاسی؟

(بیر دەکاتەوە.) بەڵێ، لەبارەی ئابووری - سیاسییەوە نووسین.

دواتر گەڕانەوە بەرەو ماڵ بە ناو شەقامە تاریك و پڕلە هەرا و هوریای ئەو فرۆشیارانەی کە بانگەواز بۆ نرخی کەل و پەلەکانیان دەکەن و گوێ راگرتن بۆ قسەی سەربازە دێرینەکانی شەڕی "کەریمە" کە هەندێکیان بینایییان لەدەست داوە و هەندێکیشیان لاقەکانیان بڕدراوەتەوە و بۆ بەدەست هێنانی یەك " پونی" سواڵ دەکەن، لە فەزایەکی ئالوودە دا... بۆنی فەقر و فەلاکەتی "لەندەن"یش.

رەخنەگرەکانی من، بە مەبەستی کەم کردنەوەی کاریگەرییەکانی " کاپیتاڵ" رێك هەر ئەو قسەیە دەکەن کە بەردەوام دەربارەی نووسەرە رادیکاڵەکانەوە دەیڵێن: " بێگومان لە ژیانی دا ئەزموونێکی تاڵ و مەترسیداری هەبووە". ئەگەر لەسەر ئەم خاڵە جەخت دەکەیتەوە، مەسەلەیەك نییە. مانەوەی من لە گەڕەکی " سۆهۆ" لە باکووری لەندەن، بووە هۆی پەرەگرتن و قووڵتر بوونەوەی ئەو رق و بێزارییەی کە لە " کاپیتاڵ" دا دەی بینن.

بێگومان دەڵێن دەی باشە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەیەك لەمەوبەر،بارودۆخەکە ئەوکات ئاوا بوو؟

ئەمرۆ، کاتێك دەمەویست بێم بۆ ئێرە، لە کوچە و کۆڵانی

شارەکەتانەوە تێپەڕ بووم، تەواوی وەك زبڵدانی لێهاتووە و بۆگەنیویان لێ هەڵدەستێ، کەسانێکم بەچاو بینی لە پیاو و لە ژن کە لەسەر پیادەڕۆکان خەوتبوون و بۆ ئەوەی لەسەرمانا هەڵنەلەرزن توند خۆیان بەیەکەوە چەسپاندبوو. بەجێگای ئەوەی گوێم لە دەنگی ئاوازی تازەلاوێك بێت، دەنگێکم بیست (شکۆمەند) کە "... ئاغا، تکایە یارمەتیم بکە، پووڵی قاوەیەك..."

(ئیستا بە توڕەییەوە دەڵێت) بەوە دەڵێن پێشکەوتن کە ماشێن و تەلەفوون و فرۆکەتان هەیە و هەزار جۆر عەتر و عەنبەر بۆ ئەوەی بەبەر لووتتانەوەی بگرن؟ ئەی چارنووسی ئەو کەسانەی کە لەسەر شەقامەکان دەخەون چی لێ دێت. (دەست دەبات رۆژنامەیەك هەڵدەگرێت، چاوێکی لێدەکات و دەڵێ) راپۆرتێکی رەسمی: بەرهەمی ناخالیسی میللی ویلایەتە یەکگرتووەکان، (کە ئەلحەق ناخالیس و وەحشییە) ساڵی رابردوو ٧٠٠ ملیارد دۆلار بووە. زۆر سەرنج راکێشە. بەڵام ئایا دەکرێ پێم بلێن ئەو پووڵانە لە کوێن؟ کێ سوودیان لێوەردەگرێ؟ یان چ کەسانێك لێی بێ بەهرەن؟ (سەرلەنوێ دەست دەکاتەوە بە خوێندنەوەی رۆژنامە) " ژمارەیکی کەمتر لە ٥٠٠ کەس،بەرێژەی دوو هەزار ملیارد دۆلار سامانی بازرگانییان هەیە". ئایا ئەو کەسانە لە خەڵکانی تر شەرافەتمەندترن؟ کار و ئەرکیان لە کەسانی تر زۆرتر و دژوارترە؟ ئایا ئەو کەسانە لەو دایکەی کە لە سەرمای زستاندا سەرپەرشتی سێ منداڵ دەکات و توانای دابینکردنی هەزینەی گەرم کردنی سەرپەناکەی نییە، بایەخیان بۆ کۆمەڵگە زۆرترە؟ مەگەر ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر نەموت سەرمایەداری لە ئاستێکی عەزیم دا پەرە بە سەروەت و سامان دەدات بەڵام کەسانێکی کەم دەبنە خاوەنی ئەو سەروت و سامانە؟ (لە رۆژنامەکە دا دەخوێنێتەوە) " بەهۆی تێکەڵ بوونی زۆر ناوەندی عەزیمی ماڵی وەك " کیمیکاڵ" بانك و بانکی " چیس منهاتان"، دوازدە هەزار کرێکار کارەکانیان لەدەست دەدەن... و نرخی سەهام بەرز دەبێتەوە". کەچی ئێستاش دەڵێن ئەندێشەکانی من مردووە!. ئایا شێعری " گوندی چۆڵکراو" بەرهەمی " ئۆلیوییە گلد ئیسمیت" تان خوێندۆتەوە؟

(شێعرەکە دەخوێنێتەوە) " وڵات لە بارودۆخێکی زۆر خراپ دا بەسەر دەبات و بەدەست کۆمەڵێك پەتا و نەخۆشی جۆراوجۆر و مەترسیدارەوە دەناڵێنێت، لەمەڕ ئەوەی کە سەروەت و سامانەکان کەڵەکە دەکرێن و مرۆڤەکان دەڕزێن" بەڵێ، دەڕزێن. ئەمە رێك ئەو شتەیە کە ئەمڕۆ سەرلەبەیانی کاتێك بە کۆڵانەکانی شارەکەتان دا تێپەڕ دەبووم بە چاوی خۆم بینیم. ئەو ماڵانەی کە دەڕزێن، ئەو قوتابخانانەی کە دەڕزێن و سەرەنجام ئەو مرۆڤانەی کە دەڕزێن. بەڵام من لە کاتی پیاسە کردن دا کەمێك ئەولاتر لەپڕ دیتم کە هەرلە دەوروبەری خۆم پیاوی وای لێیە بەئاشکرا دەوڵەمەند و پڕ و پۆشتەن و هەندێك ژن کە باڵاپۆشی خەز لەبەرا و بە زێڕ و ئاڵتوون خۆیان رازاندبۆوە. لەپڕ دەنگی ئاژیرم بیست. ئایا، کردەوەیەکی توندوتیژی لەو گەڕەکە روویدابوو؟ ئایا جەنایەتێك روویدابوو؟ یان ئایا کەسێك ویستوویەتی بەشێك لە بەرهەمی ناخالیسی " میللی" بە شێوەیەکی نایاسایی لە کەسانێك کە لە رێگای یاساییەوە بەتاڵانیان بردووە، هەڵبگرێت؟

ئاه،شتە سەرسوڕ هێنەرەکانی بازاڕ! بوونەوەرە مرۆڤیەکان دێنە ریزی کالاکانەوە و گیانیان دەچێتە ژێر کۆنترۆڵی کالای پلە یەك واتا پووڵەوە. (گلۆپەکە دەکوژێتەوە و هەڵدەبێتەوە. مارکس سەری بەرز دەکاتەوە و لەسەرەخۆ بە تماشاچێکان دەڵێت) کۆمسیۆن ئەم قسانەی پێ خۆش نییە!

(هەندێك بە ئارامی بیرەوەرییەك دەگێڕێتەوە) لە ئاپارتمانە چکۆلەکەی " سۆهۆ" جێنی سەرقاڵی گەرم کردنەوەی سووپ و یارەڵماسی کولاندن بوو. نانی گەرمی نانەواخانەکەی سەری کوچە کە لەگەڵمان زۆر دۆست بوو، لەسەر مێزەکە بوو. لە دەوری مێزەکە کۆدەبووینەوە بۆ نان خواردن و دەستمان دەکرد بە قسە و باس سەبارەت بە رووداوکانی رۆژ - خەبات بۆ ئازاد کردنی ئیرلەند، دواین شەڕێکی کە لەئارادا بوو، نەفامی رێبەرەکان، ئوپوزسیۆنێکی سیاسی کە بێجگە لە هات و هاوار هیچی تری لەدەست نەدەهات، ترسنۆکی گۆڤار و رۆژنامەکان و ... بە بڕوای من بارودۆخەکە ئێستا لەگەڵ رابردوو جیاوازی هەیە، وا نییە؟

دوای نان خواردن، سەر مێزەکەمان خاوێن دەکردەوە و من سەرقاڵی کارکردن دەبووم. جگەرەیەك و لیوانێك ئابجۆ لەبەر دەستدا. لەبەر ئەوەی من هەتا کاتژمێر ٣ تا ٤ی سەرلە بەیانی کارم دەکرد. کتێبەکانم لەلایەك بەسەر یەکدا کەڵەکە ببوون و راپۆرتەکانی پارلمانیش لەلایەکی تر. جێنی لەوبەری مێزەکەوە دادنیشت و نووسراوەکانی منی پاکنویس دەکرد، دەست و خەتی من ئەوەندە ناخۆش بوو کە ئەو دەبوو هەر وشەیەك دووجار بنووسێتەوە. ئایا کار هەیە لەوە قارەمانانەتر؟

جارجار قەیرانێك پێش دەهات. هەڵبەت نەك قەیرانی جیهانی، بەڵکوو یەکێك لە کتێبەکانم لێ ون دەبوو. رۆژێکیان هەرچی گەڕام کتێبەکەی " ریکاردۆ"م نەدۆزییەوە.

لە جێنیم پرسی:

-ریکاردۆکەی من کوا؟

-مەبەستت ئوسوولی ئابووری سیاسییە؟

رەنگە پێی وابوبێت کە من هیچ کارێکم بەو کتێبە نەماوە و لە گرەویدا داناوە. ئەمجارەیان ئیتر تەواو هێمنی خۆمم لەدەستدا.

-ریکاردۆکەی من ! تۆ ریکاردۆکەی منت لە گرەوی قەرز دا داناوە؟

-لەسەرەخۆبە! مەگەر حەوتووی رابردوو ئەنگوستیلە یادگاریەکەی دایکم مان لە گرەو دانەنا؟

هەڵبەت ئەو راستی دەکرد (هەناسەیەك هەڵدەکێشێ) هەموو شتێك لە گرەودا دانەنرا. بە تایبەت یادگاریەکانی بنەماڵەی جێنی. کاتێك ئیتر هیچ شتێك نەدەما جلەکانی خۆمان لە گرەو دادەنا. من زستانێکم بەبێ باڵتە بردەسەر، ئەویش زستانی لەندەن. جارێکیان لە کۆلانێکەوە دەرۆیشتم، کاتێك لاقەکانم بە تەواوی سڕبوون ئەو جار زانیم کە پێلاوم لەپێدا نییە و بەپای پەتی بە ناو بەفرەکاندا دەرۆم، ئەوانمان رۆژێك پێشتر لە گرەودا دانابوو. کاتێك کە " کاپیتاڵ" دەرچوو، جێژنمان گرت. بەڵام ئینگلس دەبوو کەمێك پارەی بە ئێمە بدایە بۆ ئەوەی ئەو قاپ و کەوچك و سفرە و خاولی و شتانەی کە لەبری قەرز دامان نابوون وەربگرینەوە. ئینگلس... کەسێکی پاك و بێگەرد بوو. وشەیەکی تر پەیدا نابێ. ئەو کاتەی کە ئاو و گازی ماڵەکەمان دەبڕا و ماڵەکەمان دەبووە تاریکە سەلات و ئیتر ورەمان بە تەواوی تێك دەرووخا، ئینگلس پارەکەی بۆ پەرداخت دەکردین. باوکی لە " مەنچستێر" کارخانەی هەبوو... بەڵێ... (بەبزیەکەوە) ئەوا سەرمایەدارییە کە ئێمەی رزگار کرد. بەڵام ئینگلس هەمیشەش ئاگاداری پێویستییەکانی ئێمە نەبوو. لەکاتێك دا ئێمە پارەی کڕینی حۆراکمان نەبوو، جاری وابوو ئەو چەندین سەندوق شەرابی بۆ دەناردین! جارێکیان بۆ جێژنی کریسمەس پارەمان نەبوو کاجی پێ بکڕین. ئینگلس بەشەش بتری شامپانییەوە وەژوور کەوت. ناچار وتمان دەی با وابزانین کە لەدەوری کاجێك دانیشتووین و دەستمان کرد بەخواردنەوەی شامپانی و خوێندنی ئاوازی کریسمەس (مارکس بە زمانی ئاڵمانی ئاوازی دەخوێند) " کاجی کریسمەس...

دەزانم دۆستانی شۆرشگێڕی من بیریان لەچی دەکردەوە: مارکسی بێ خودا و کاجی کریسمەس!

راستە کە من مەزهەبم وەك ئەفسوونی کۆمەلانی خەڵك زانیوە، بەڵام هیچ کەس سەرنجی نەداوەتە تەواوی ئەو پاراگرافەی کە ئەو رستەیەی تێدا هاتووە (کتێبێك هەڵدەگرێت و دەیخوێنێتەوە) " مەزهەب ئاە و ناڵەی جەماوەری ستەم لێکراوە، دڵی دنیایەکی بێ دڵ و رۆحی بارودۆخێکی بێ رۆحە. ئەمەیە ئەفسوونی کۆمەلانی خەڵك". (سەری تەکان دەدات) من ئەمە بەهۆی کوان و دمەڵەکانمەوە دەرك دەکەم، بەڵام مەگەر دنیا بۆخۆی کوان و دمەڵی زۆر ترسناکی نییە دەرگایان کردووە؟

هەمیشە بیر لە جێنی دەکەمەوە (هەندێك رادەوەستێت. چاوی هەڵدەگلۆفێ) چۆن بارگە و بنەکانی کۆ دەکردەوە و لەگەڵ دوو کچەکەمان، " جێنیشەن و لۆرا" بەرەو لەندەن لە دەریای مانش تێپەڕ بوو، دواتر چۆن سێ جار ئاپارتمانە هەژارانە و سارد و سڕەکەمان دا لە شەقامی " دینستریت" منداڵی بوو. چۆن بێشکەی منداڵانی بەست. چۆن هەوڵی دا جێگاکەیان بۆ گەرم بکات و سەرەنجام بە چاوی خۆی بینی کە چۆن یەك لە دوای یەك مردن...

"گیدۆ ئێستا پێی نەگرتبوو...و "فرانچسکا تەمەنی یەك ساڵە بوو... ناچار بووم سێ لیرەی ئیستیرلینگ بۆ تابوتەکەی قەرز بکەم... بەڵام "موش" هەرچەند هەشت ساڵ ژیا بەڵام هەر لەسەرەتاوە جۆرێکی لێ دەهات. سەر ءاسایی بوو، کەچی هیچ کام لە ئەندامەکانی تری لەشی گەشەی نەکرد. ئەو شەوەی کە مرد هەمووەمان لە دەوری ئەو هەتا بەیانی لەسەر زەوی خەوتین.

کاتێك "ئەلە ئانور" لەدایك بوو، دەترساین. بەڵام بچکۆلەیەکی سەرسەخت بوو. دڵمان بەوە خۆش بوو کە دوو خوشکی گەورەتر لە خۆی هەیە. ئەوانیش بە سەختی لە مردن رزگاریان ببوو. "جینی شەن" لە پاریس لە دایك بوو. پاریس بۆ عاشقەکان بەهەشتە، بەڵام نەك بۆ منداڵەکان.



رەنگە پێوەندی بە حاڵ و هەوای شارەکەوە هەبێت. لۆرا دووهەمین منداڵی ئێمە بوو. لە بروکسێل هاتە دنیاوە. نابێت هیچ کەس لە بروکسێل بێتە دنیاوە.

لە لەندەن پووڵ و ماڵمان نەبوو، بەڵام رۆژانی یەك شەممە دەرۆیشتین بۆپیك نیك. ماوەی کاتژمێر و نینۆك پیاسەمان دەکرد. من وجێنی و منداڵەکان و "لەنشن (ئۆە، لەوبارەیەوە قسەتان بۆ دەکەم) "لەنشن" هەمیشە عادەتی وابوو کە "روتی" جۆرێك خۆراکی گۆشتی گوێرەکە دروست بکات. چاییمان هەبوو، جۆرێك نان کە لە کشمیش و شتی تر دروست دەکرا، پەنیر و ئابجۆ. "ئەلەئانور" لە هەموویان چکۆلەتر بوو بەڵام ئابجۆی دەخواردەوە.

پوڵمان نەبوو بەڵام منداڵەکان پێویستیان بە گەشت و گوزار بوو. جارێکی ئەوانم بە پارەی کرێ ماڵەکە نارد بۆ فەرانسە بۆ کەنار ئوقیانووسی ئەتڵەس. جارێکیش لەبەر ئەوەی کچەکان زۆر هۆگری مۆسیقا بوون، بە پووڵی خەرجی ماڵی پیانۆیەکم بۆ کرین. مەسەلە ئەوە نییە کە باوکێك یەکێك لە منداڵەکانی لەوانی تر خۆشتر بوێت. بەڵام "ئەلەئانور"! جارێکیان بەجێینم ووت: "ئەلەئانور" منداڵێکی سەیر و سەمەرەیە "جێنی لەولام دا ووتی: مەگەر چاوەوانی ئەوە بویت کە منداڵەکانی کارل مارکس منداڵێکی ئاسایی بن؟.

"ئەلەئانور" لە هەموویان چکۆلەتر بوو و لە هەمووشیان گەشاوەتر. بیهێننە بەرچاوی خۆتان شۆرشگێرێکی تەمەنی پتر لە هەشت ساڵ نەبێت. ساڵی **١٨٦٣** تەمەنی ئەوەندە بوو. لە هەستان لە دژی دەسەڵاتی روسی راپەریوە. "تووسی" (بە هۆی ئەوەیکە پێیان ووت "تووسی") نامەیەکی نووسی بۆ ئینگلس دەربارەی "ئەم هاو خەباتە چکۆلە لەهەستانیانە". لە تەمەنی نۆ ساڵی دا نامەیەکی نووسی بۆ ئامریکا روو لە "پرزیدێنت لینکلن" تا بۆ سەرۆك کۆماری روون بکاتەوە کە چۆن دەتوانێ لە شەر لەگەڵ ویلایەتەکانی ناو یەکێتی سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

سەرەرای ئەمانە جگەرەشی دەکێشا هەروەك چۆن شەرابیشی دەخواردەوە، بەڵام بە هەمووی ئەمانەوە منداڵێك پتر نەبوو. جاری وابوو بووکەڵەکەی بە جل و بەرگ دادەپۆشی... لە حاڵێکدا بۆخۆی شەرابی دەنۆشی ! لە تەمەنی دە ساڵیدا لەگەڵ من شەترەنجی دەکرد و لێ بردنەوەشی کارێکی ئاسان نەبوو. لە تەمەنی پانزە ساڵیدا هەڵوەنگامەیەکی لە دژی ئەو یاسایەی کە هەرچەشنە چالاکییەکی لە رۆژەکانی یەکشەممە دا قەدەغە دەکرد، وەرێخست. بەمجۆرە " مەراسمی شەوانی یەکشەممە بە قازانجی جەماوەر"ی لە ساڵۆنی سێنت مارتین سازدا و داوای لە مووزیك ژەنەکان کرد هەتا بێن و ئامێرەکانی "هەندل"، " موزارەت" و " بێتهوون" بژەنن. ساڵۆنەکە پربوو لە جەماوەر. دووهەزار کەس. نایاسایی بوو بەڵام هیچ کەسیان دەستبەسەر نەکرد. ئەم ئەزموونە لەبەرچاو بگرن. ئەگەر دەتانهەوێ یاسا پێشێل بکەن، ئەمکارە بە دوو هەزار کەس و بە موزارەت ئەنجام بدەن.

من بەپێی عادەتی هەمیشەیی خۆم بە دەنگێکی بەرز " شکسپیر و ئەشیل و دانتە"م بۆ ئەو و خوشکەکانی دەخوێندەوە - کە ئەو زۆر حەزی لەم کارە بوو. وەتاغەکەی مووزەی تایبەتی شکسپیر بوو. " رۆمئۆ ژۆلێتی" بەتەواوی لەبەر بوو. وە هەمیشەش ئیسراری دەکرد کە من ئەم شێعرانەی " رۆمئۆ" لە کاتێك دا کە بۆیەکەم جار چاوی بە ژۆلێت دەکەوێ چەندین جار لەسەریەك بخوێنمەوە:

" ئەستێرەکان لە حاند گەشی روخساریدا شەرمەندە بوون وەك چۆن چرا لەئاست رووناکی هەتاو شەرمەسار بوو تیشکی نیگای چاوی لەئاسمانەوە وەها دنیای رووناك دەکرد کە باڵندەکان بەخەیاڵی ئەوەی ئیتر شەو گەیشتۆتە کۆتایی ئاوازی شادییان دەچری".

***

(بەشی دووهوم و کۆتایی ئەم شانۆنامەیە لە ژمارەی داهاتووی گۆڤاری پێشەنگ دا دەخوێننەوە)

# کام وڵاتەکەی من

کام وڵاتە تیشکی هەتاو
لەسەر ماچی پرچی کچێ
بەیانی تاکوو ئێوارە
لەگەڵ سەرپۆشا بەشەردێ
ئەوە وڵاتەکەی منە
سزای خۆشویستن مردنە
قژ لەبەندی حەریر دایە ئەرێ وایە، ئەرێ وایە

کام وڵاتە عاشقەکان
بە جورمی گەورەی ڕاوەستان
مەحکوومن بە چواردیواری
زیندووچاڵ و خۆئاگردان
ئەوە وڵاتەکەی منە
سزای ڕاوەستان مردنە
جوانی لە ژێری پێدایە
ئەرێ وایە، ئەرێ وایە

کام وڵاتە تیری لۆمە
ئەپێکی شاباڵی تەوار
ئاسمانی فڕین ئەفرۆشن
هەربستێکی هەزار هەزار؟
ئەوە وڵاتەکەی منە
سزای هەڵفڕین مردنە
باڵندە لە قەفەز دایە
ئەرێ وایە، ئەرێ وایە



سیمین چایچی

# "شکۆمەندیی ٥٧"

لەیادی بیست و شەشی ڕێبەندان ساڵرۆژی ئاشکرابوونی
خەباتی کۆمەڵەدا

سەعید ئەمانی

ئەمرۆ دایکی شەهیدان
٣٠ بەهاری ماڵئاوایی
بۆ یادی
کاک حەمەحسێنی کەریمی دەگرین.

ئەمڕۆ کرێکاران و خەڵکی بەش مەینەت
جێژنی ٣٠ ساڵ خەبات و خۆڕاگری
بەلوتکەی ئاویەری عەزمیانەوە
ئاگر دەکەنەوە.

ئەمڕۆ بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی کوردستان
لە پێشوازی
٣٠ هەمین بەهاری لە دایك بوونی بەرەی چەپی دا
بەئاسمانی شانازیەکانیەوە
لاپەڕەکانی مێژووی باڵ لێدەدا.

ئەمڕۆ بیرەوەریەکانی
سەردەمی قیام
لە زەینی خەڵکی ئێران دا
بە شکۆمەندی ٥٧ دەکرێتەوە.


ئەمڕۆ بەستەڵەکی دوودڵی و لاڕێ بوون
بەسرووودی پایەداری و بەردەوام بوون
گەرم دەخلیسکێ.

لەم رۆژەدا
شکستی پلان و پیلانی
نەیارانی ئەم ڕەوتەش
هەرەسی لێکنانی پێلوی ناهومێدی
دەڕوانێ.

ڕێبەندانی ١٣٨٧

# عێراقیەکان

ن: مەحمود کەویر
و: یوسف عەلی پور




بۆنێکی نامۆ ئاسمانی داگرتووە.
دایکان،
لە سەر کام تەپۆلکە
کوژراوەکانیان دەژمێرن؟

بە سەربازی تەیار بە شمشێر و ئاگر
بە کێڵگەکانی ئێمەدا تێپەڕین.
بایزید! ئێستا
لە جانتاکەت
هەندێک دەریا و کراسێکی مانگەشەو
بە عاشقان ببەخشە!

لە شەوی هەزار و یەکەمدا
شمشێرێکی لە کالان دەرهاتوو
گەرووی بەغدا دەبڕێ.
ئێستا حەتمەن لە بازاڕەکانی بەسرەدا
کچانی عەرەب
خورمای بزە دەفرۆشن
بە سەرکەوتووەکان و
کوڕانی ئاوارەش
ئەگریەی گڕگرتووی کەرکوک دەهۆننەوە.

بەسرە بە چرایەکی گڕگرتوو
لە سەر باڵی قەراخی دیجلە رێدەکات.
کچانی پرچ هەڵکەنراو
لەوپەڕی بایەوانە سووتاوەکانەوە
لەبەر چاوان ئاوا دەبن.
لەیلا لە تەنیشت دیجلە
لە ژێر سێبەری دارخورمایەکی سوتاودا
کفن دەشۆرێت.
لەسەر سەربانە بێ کۆترەکان
کراسی کوژراوەکان
لەبەر با سەما دەکەن.

بەغدا!
مانگی کوت و لەت،
لە زۆنگەکانی خوێندا.
بەغدا
خۆرێکی تێکشکاوی رەشی بچکۆلە
بەغدای یەکێک بوو یەکێک نەبوو
رەش رەش رەش داگیرسابوو!



ئاسکی مانگ
ددانی گورگ
بێشەڵانەکانی گریان و گوللە
قامیشەڵانی بێ قامیش.
دار خورماکان هاوار دەکەن.
کچانی زیو و خورماش
با دەیانبات.

گەمیەوانی سەرخۆش
نێوی ونبووەکانی
لە سەر ئاوەکانی دیجلە دەنووسێت.
دیجلە
کراسی شیتاڵ شیتاڵی بەغدا
لەگەڵ خۆی دەبات

کوفە، بە پێخاوسی بە سەر ئاگردا رادەکات و
کۆیلەکان سرودێکی ونبوو دەڵێنەوە.
لە تەنیشت نهر القمە، کچۆڵەیەک
سەوسەنە رەش داگیرساوەکان هەڵدەوەرێنێت.

بۆ شادی گریام
بۆ ئازادی گریام
بۆ مانگ گریام
بۆ خۆر گریام و
ئێستاش هەر دەگریم

خۆڵەمێشی خەیاڵەکانیش با بردی
تەنانەت کراسی دڕاوی منالێکیش،
لەو شوێنە سەر سوڕهێنەرە نەماوەتەوە...
هەنووکە بە زەمبیلێکی پڕ لە هێشووی ئاگر
دەچینە ژوانی کوژراوەکان.
لەودیوی دەریاکانەوە!



لەودیوی خەیاڵەکانەوە!
لەودیوی ئاخەکانەوە!
لەودیوی مانگەوە!
لە هەموو کون و قوژبنێک و لە هەم
بەدوای تۆدا گەڕان.
من لە کوێی جیهان بتشارمەوە؟ ئە

ئەوە کراسی کچەکەی منە،
یان نیوەی مانگە
لە تەنیشت بێشەڵانەکانی بەسرە،
سەریان بڕیوە

لە کۆڵانەکانی کوفەدا
منالێک سەری خۆی لە دار دەکوتێ
کۆترێک لەوێ نییە و
کۆلارەیەکی رەش
لە نێو بڵێسەکانی ئاگردا
ون دەبێت.

لە سەر سەربانە بێ کۆترەکان
با، کراسی کوژراوەکان لەگەڵ خۆی
پۆتینە سەهۆڵ بەستوەکان
داڵدەی باڵندە برسیەکان نادەن.
سەیارەکان، بە پشتی چەماوەوە
پڕ لە کچی شەمزاو
لە پردە باریک و تاریکە بێکۆتاییەکا
تێدەپەڕن.
لە سەر تەپۆلکەیەک،
شەڕ،
برینە تازەکانی خۆی دەلێسێتەوە.

ئەو کراسە شیتاڵ شیتاڵە
ئەو مانگە کوت و لەتە
کە لە کۆڵانەکانی کوفەدایە
خوشکی منە.

# داستانی باخی هەورێشم

ن: پێژمان تۆرفە نژاد و: ب. سینا



لەودیوی هەودای هەوریشمەکانەوە
رەنگ دەداتەوە
لێڵ، هێڵ هێڵی
بیچمی رووخساری لەڕی رەنگ بزرکاو
ئەودەستە بچکۆلانەی کەبێ راوەستان دەکرێنەوە
هەودای تاڵەکان
زەرد، سەوز، سوروو پەمەیی
خۆڵە مێشی وسپی وگوڵبەی
ماش وبرینجی و رەش
قاوەیی، وشەرابی
شەپۆل دەدا
لە نیو(کارگاە)
خەمی ستڕانی کچان
هەوێنی ژیان بە رۆڵی مردوتان دەدات
هەستی ئەویندارانەی کچان
لەولاکەوە
لە پشتی دار، کونجی شوێنی کار
کچێک رۆنیشتوە
بیچمی پێدەدا
رەنگی خەریتەکان دەبێتەشێعر
لەسەرلێوان:
"دووانی سوورو دوو هەودای سپی
هێور دەنوێنێ ئاوا بوونی نوێ
سیانی شین وپێنجی ئاڵتونی
چەندە گوڵ لەم باخەدا رواوە
ئەم گوڵانەی سەر جەستەی فەرش
من ونەسرین و زاراو فەریدە
سەیری دونیا کە
تەنیا درزو تەزو دەستمانی داگرتوە
هەودای دەمی مقەستەکەی
تاڵ، تاڵ، بژار دەکرێ
"رەگێکی تر تەواو بووە"
دەی ژمێرێ
جارێکی تر نیگار دەباتە سەردار
رەگ دەکوتێ،

پەلە دەکات
پەنجە گەرمەکانی کار
دەستی بێ جووڵەو بێقەرار
دەستە ئەویندارەکانی گوڵ وبەهار
لەناکاو بەنووکی تیژی چەقۆیەک
زامار ئەبێ
کچان بە خوێنی گەشی دەستیان
هەر گوڵێک کە پێشتر چاندیان
ئاوی دەدەن.
باخی هەوریشم
دەپشکوێ
سوورو سوورتر
ئەو نەرم و نیانە ئاڵۆز کاوە
یادگاری دەستی بە سۆزی کچێکە
کریشمەو خەمزەو نازی باخەکانی هەوریشم
بەهۆی خوماری هەڵفریتەری چاوەکانی ئەوە
ئەم نازو شێوە و کریشمانەش
ئاخ!
سەبر بگرە،
پەل و پۆ مەکوتە،
لە شوێن چاوەکانی ئەوە.




# باڵندەی خەم

سەرگوڵ بێتوشی

ئازیزەکەم!
ئەزانی زۆر ئەترسم
لە سەر دڵم ببیتە ئەو زامەی
کە
ئیتر سارێژ نەبێتەوە!
ئاخر
هیچ شورە و شاخێک ناتوانێ
زامی بێ تۆییم داشارێ
بە بەرچاوی خۆمەوە
رۆژ لە دوای رۆژ
بەژنی گریانم باڵا ئەکات
باوەڕ بکە زۆر ئەترسم،
کۆرپەی ئاواتم
کورتە باڵا بێت
خەمی دووریت هەموو رۆژێ
سپێدە زوو
لە کلاورۆژنەی روحمەوە
خۆیم نیشان ئەدات
ئیتر دڵم
وەک سێوی بەر تەرزە و باران
دێتە لەرزین.

***

هیوای ژیانم !
ئەزانی
ئەمەوێ لە دووریتا
بە پەنجەکانی زریان
فەرهەنگی خەم بنووسمەوە.
ئازیزەکەم!
لە دووریتا
خەریکە بۆ هەمیشە
ئەبم بە هاورێی
رۆژنامە خەوتووەکانی
سەر کورسیە چۆڵەکان
ئاخر من نازانم دەبێ تاکەی
بیر لە تۆ و
تەنیایی خۆم و
رێگاوبانی قاچاخ و
راکردن لە دەست پۆلیس و
برسێتی و
تاریکی و
جانتای بەجێماوی ناو فرگە و
هەڵمی شووشەی واگۆنی ناو ترێن
بکەمەوە؟!
خۆشەویستم
ئاخر تۆ نازانی
بۆنکرۆز لە تەنیاییم هەڵدەستێ و
هەموو ساتێک خەمەکانم
خەریکی
زک و زا کردنن!



# دڵی جاران

دڵم ئەو دڵەی جارانە کە خۆی
بە تۆوە خۆشدەویست...
عەشقت نامرێ لە دڵما،
هەر تۆی دڵخوازم خۆشەویست...
بڵێی ئەو خۆزگەم بێتە دی،
بۆ ساتێکیش بێ بتگەمێ
لێوم بنێم بە لێوتەوە و
سارێژیکەم هەموو خەمێ!
هێن لێم دووری پەنجەی هیوام...
نائاڵێن لە قەدی شەمت
مەگەر جاروبار خەونێکم،
دەمیان بنێنە نێو دەمت

هەستیار جاف

# بەرامەی شۆرش

بۆ گشت زیندانیانی ڕێگای ئازادی و بەرابەری ئینسان
پەیمان

سالەهایە و
دەستەکانتان
دەروازەکانی مێژوو ئەکوتن
تاقێک بۆ ڕزگاری لێدەدەن
بە ئێسک و پروسکی گیانبەختکردوان
بە ئیرادەی هەزارن هەزار قوربانی ش
داستانی بەرەیەک لە خەباتکاران
دەبەردێن.

نەوەیەک لە خەو ڕادەبێت
کە
لەگەڵ کازیوەی ڕاپەڕیندا
قەرارێکیان هەیە.

نەوەیەکی کە
لە باوەشیدا
بەرامەی شۆرشگێرانی هەڵگرتووە
نەسلێکی کە
سەردەمی زیندان و کوشت و بڕ
نایترسێنێ.
سەردەمی سەرکوت... سەردەمی ڕاپەڕین
سەردەمی خەم و ئاواتە مەزنەکان.

چەندین ساڵە و
ئەم وڵاتە
ئالای دەستی شۆرشگێرانی لە شەکانەوەدان.

چەندین ساڵە و
مەشعەلی ڕاپەڕین
ڕۆشنایی دەبەخشێتە ڕێگای خەباتگێران و
شەوی دەسەڵات

دەچرژێنێ.

ئەی خەباتکارانی بەند کراو
ئێوە لە زینداندا
بە لوتکەی شانازی خەڵکی بەشمەینەتەوە
ئەدرەوشێن و
زیندانبانەکانیشتان
لە بڵێسەی قین و نەفرەتیاندا دەسوتێن.

ئێوەن هەوێنی تێکۆشان و
لە شێعری منیش مەزنتر.

بێژی شێعرم!
سەلای هەڵکردنی تۆفانی عەزمی جەزمتان
بیبستێ؟!
بانگەوازی شۆڕشگێڕانی بەندکراو
بانگەوازی ئەو ئینسانە سەربەستانەی
لە پشت میلەی زیندانەوە
دەست و پێ بە زنجیرەوە
و چاو بەستراو
ئەو چاوە گەشانەی
وا نەیارانی
پێیان وایە بە بەستنیان
دەتوانن خۆری شۆڕشەکان داکوژێنن!
چەندین ساڵە و
کاروانی شۆڕش
هەروا
بەردەوامە.

ئەی هاوڕێیانی زیندانی!
چەنێ جوانە
گەر رۆژێ بێ
گشت ئینسانە چەوساوەکان
لەخەوڕابن
مێژوو بەبێ سیاچاڵ و میلەی زیندان
شۆڕش
پەرچەمی ئازادی و یەکسانی
لە گشت شوێنێ
لە وڵاتەکەی ئێمە و ئێوە و
بە پانتایی هەموو
جیهان
بشەکێنێ. (١)




(١) شێعرێکی محەممەد فیتوری شاعیری ئەفریقاییە کە بە دەستکاریەکی زۆرەوە داڕێژراوەتەوە. شێعرەکە بە ناوی "بۆ بن بللا و هاوڕێکانی" کە لە کتێبی "ئاوازی خوێن" لە وەرگێڕانی یۆسف عەزیزی دا کراوە بە فارسی
وەرگێڕ

# تۆ سوورت کرد شێعری من

عەزیزم، من لەدووریت هەستی رەوەک رام دەکەم
شێعرێکی دووری تۆیە، هەتوان دەکا زامەکەم

سەرەتای ئەم بەیانیە رۆژم دی چۆن هاتە سوێ؟
وەکو رووی تابانی تۆ، بۆ نێو دڵی جامەکەم

ئەسیری دەستی شەوم، کوانێ تیشکی رۆژی رووت؟
من رەهاکا لەدەستی و، رەنگێ دا بەچامەکەم


نگریسە لێرە یاسا، توێ توێ زامی دڵ دەکەن
چش دەڵێم رەهاکەم ژین، چی لەدەست دێ خامەکەم؟

کەوتوومە کەویری خەم، بارانی یادی تۆیە
ساحێبی شێعرێکی تەڕ، هۆی سوکنایی کامەکەم

هەناسەی مەسیحاتە بۆنی شەمامەی یادت
تۆ سوورت کرد شێعری من، چونکە تۆی ئیلهامەکەم

*ئەم شێعرە بۆ یادی هاورێ یەکی گیانبەختکردوو نووسراوە
١٣٧٦/٦/٢١ بێستون




قالەمەڕەکەی سۆزێک لە ڕەنگی




PESHANG 19